هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 39

سالی/ 2007 – بەرگی سی و نۆ

---

چاپی یەکەم/ سالی 2007

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/7 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/8 ل37

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/14 ل63

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/15 ل117

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/1/24ل125

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/13 ل171

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/3/26 ل181

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/27 ل235

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/2 ل279

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/3 ل317

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/4 ل343

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/10 ل385

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/11 ل445

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/4/14 ل549

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/16 ل577

7-حكومەت كرێی چارەسەركردنی كەسوكاری شەهیدان بەڕاپۆرتی لیژنەی پزیشكی تایبەتمەند بەپێی یاساو ڕێنماییەكان لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەشی پێنجەم**

**حوكمە گشتیەكان**

**ماددەی نۆیەم:** وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانكاردنی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دەیەم:** كاربەهیچ دەقێك ناكرێت پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی یازدەم:** پێویستە وەزارەتە تایبەتمەندەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی دوازدەم:** ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی(وەقایعی كوردستان) جێبەجێ دەكرێت.

**عدنان ڕەشاد موفتی**

**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان- عێراق**

**هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە**

هەرێمی كوردستان بەماوەی سەختدا تێپەڕیوە، مێژوو وێنەی وای كەم دیوە، كەڕۆڵەكانی هەرێم لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكاندا كوشت و بڕدەكران، و بەچەكی كیمیاوی و سەربازی تۆپ باران دەكران، گوندەكانی لە میانەی پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەكان خاپوور كراو بەشی زۆری دانیشتوانەكەی بوونە قوربانی ئەو پرۆسانە، بەجۆرێك گەورەترین زیان بەرخانەوادەی شەهیدان كەوت، چونكە لەدوولایەنەوە زەحمەتیان كێشا، وەك وەفاداریەك بۆ بەشێكی بچووكی ئەو فیداكاریەی لە ڕێگای سەرفرازی كوردستانیان بەخشی و ئەو قوربانیەی لە ڕێگای پرەنسیپەكانی بالأی مرۆڤایەتی داویانە، ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

ئەم پرۆژەیە بدرێت بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی مافی مرۆڤ و ئەندامانی پەرلەمان, بۆ ئەوەی بە وردی بیری لێ بكرێتەوەو, كەچی بە سوودە بۆ كەسوكاری شەهیدە سەربەرزەكانمان بڕیاری لێ بدرێت لەم پەرلەمانە, هەر لەناو ئەم هەفتەیە هەوڵ دەدەین ئەو پرۆژەیە تەواو بكەین, تكایە بۆ ئاگاداریتان, لیژنەی یاسایی پرۆژەی دووەم خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاش ڕەشنووسی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان دەخوێنینەوە:

## ڕەشنووسی "یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان"

**ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەربڕینانەی خوارەوە ئەو واتایانەن کە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بەرامبەر هەر یەکێکیان پیشاندراوە:**

**1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**2- وەزارەت: وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم.**

**3- وەزیر: وەزیری وەزرش و لاوان لە هەرێم.**

**4- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم, بۆ کاروباری لاوان.**

**5- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم, بۆ کاروباری وەرزش.**

**6- لاو: ئەو توێژەن کە تەمەنیان لە نێوان 14- 30 ساڵدایە.**

**7- ڕێکخراوەکان:**

**أ-کۆمیتەی وەرزشی: ژمارەیەك لە ئەندامانی بواری وەرزش کارەکانی تایبەت بە چالاکیە وەرزشیەکان بەپێی ڕێنمایی و یاسا وەرزشیەکان رادەپەڕێنن.**

**ب- کۆمیتەی میللی: لە کۆمەڵێك ئەندامی کارای بواری وەرزش پێك دێت, کار لە پێناوی زیندوو کردنەوەو پێشخستنی چالاکییە فەرهەنگی و میللییە وەرزشییەکان دەکەن.**

**ج- یەکێتی: ئەو ڕێکخراوە وەرزشییەیە کە ئەندامەکانی پسپۆرن لە چاودێری و بەڕێوەبردنی یاری وەرزشی.**

**د- یانە: دەستەیەکی دیاری کراون لە کادیری بە توانای بواری وەرزشی لە ڕێگەی وەزارەتی وەرزش و لاوان مۆڵەتیان پێ دەدرێت بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کاروباری وەرزشی, هونەری, رۆشنبیری, کۆمەڵایەتی و دارایی تایبەت بە یانەیەك.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرك وئامانجانە دەهێنێتەدی:**

**1-بلاّو کردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەکانی بزاڤی ئۆلمپی و وەرزشی و بلاّو کردنەوەی لە ناو کۆمەڵگەدا.**

**2- دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزشی و چالاکییەکانی بەشێوەیەك بگونجێن لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا.**

**3- بنیاتنانی جەستەیی و پیشەیی و دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی چاك لە کۆمەڵگەدا و بتوانن ڕووبەڕووی سەختییەکانی ژیان ببنەوە.**

**4- دانانی بەرنامە و پرۆگرامی پێویست بۆ بەرپا کردنی رابوونێکی وەرزشی بۆ هەموو کەرتەکانی وەرزش و لاوان لە هەرێمدا.**

**5- هاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگە میرییەکانی دیکەدا بۆ چارەسەر کردنی کێشە دەروونی و کۆمەلآیەتییەکانی لاوان و دۆزینەوەی هەلی کار کردن بۆیان.**

6- كار كردن لە پێناو دابین كردنی پێداویستییەكانی بزاڤی وەرزشی وەك یاریگە و هۆڵ و دامەزراوەكانی دیكەو هەموو ئەو خاڵانەی دەبنە هاریكاری پەرە پێدانی بزاڤی وەرزشی و دەرفەت رەخساندن بۆ خەریك بوون بە خولیا وەرزشی, زانستی, هونەری, فەرهەنگی و سەرگەرمییەوە.

7- پشتگیری كردنی یانەو یەكێتی وەرزشی و تیپە میللییە وەرزشییەكان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە, بۆ گەشە كردنیان.

8- چاودێری كردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و دابین كردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەكانیان.

9- ئامادە كردنی كادری هونەری لە بواری وەرزشدا, لەگەڵ مشتومالّ كردنی شارەزاییەكانیان بە تازەترین دۆزینەوەو زانیارییە زانستییەكانەوە.

10- هاندان, رێكخستن و دانانی یاسای پێویست بۆ یارییە میللی و نەریتییە كوردستانییەكان.

11- چاندنی چەمكە دیموكراتییەكان و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بلاّو كردنەوەی بیری كوردستانپەروەری و میللەتپەروەری.

12- بایەخدان بە وەرزشی ژنانەو هاندانی ئەو جۆرە وەرزشەو كاركردن لە پێناو فراوان كردنی و پەرەپێدانی ئاستیدا, هەروەها هەل رەخساندنی بۆ ئەوەی ژنانیش بەشدارییەكی كارا لە هەڵسوڕاندنی كاروباری وەرزشدا بكەن لە هەرێمدا.

13- كار كردن لە پێناو پتەو كردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوكاری لە نێوان لاوانی هەرێمی كوردستان و لاوانی هەرێمەكانی دیكەی عێراق و جیهاندا.

14- دامەزراندن و پتەو كردنی پەیوەندیی بواری وەرزش و لاوان لەگەڵ رێكخراو و لیژنە نێو دەوڵەتییەكانی پەیوەندیدار.

15- دەستەبەر كردنی چاودێری تەندروستی بۆ لاوان و وەرزشوانان و دابین كردنی پێداویستییەكان بۆیان.

16- گرنگیدان بە توێژینەوەی پەروەردەیی بواری وەرزش و لاوان و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەكانیان بۆ پەرەپێدانی ئەو بوارانە.

17- سەرپەرشتی كردنی یانەو قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەكان و ئاراستە كردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی كە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیرەو دەكرێن.

18- بەرەنگار بوونەوەی بەكارهێنانی ماددە چالاكی بەخشەكان و شێوازە قەدەغە كراوەكانی دیكەی نێو دەوڵەتی.

19- دیراسەت كردنی سیستەمی پیشەگەری وەرزشی و رادەی گونجانی لەگەڵ بۆچوونەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بواری بزاڤی وەرزشیدا.

20- بەشداری كردن لە پەرەپێدانی هۆیەكانی راگەیاندنی وەرزشی بۆ هێنانەدی ئامانجەكانی وەزارەت.

21- کارکردن له پێناو دەستەبەر کردنی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق له کۆنگرەو دیاردە وەرزشی و لاوییە هەرێمی و کیشوەری و نێو دەوڵەتییەکانەوەو, بەشداری کردن له چالاکییەکانیاندا.

22- مۆڵەت پێدانی یانەو فوتابخانە و پەیمانگە و یاریگە و هۆڵە وەرزشییە ئەهلییەکان و سزادانیان بە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵ کردنەوەیان بەپێی یاسا.

23- هاندانی کەرتی تایبەت له بواری وەرزشدا بەپێی یاسا.

24- کارکردن له پێناو پتەو کردنی پەیوەندی و هاوسۆزی لەگەڵ وەرزشوانان و لاوانی کوردستان له ناوەوەو له دەرەوەی هەرێمدا.

25- هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بە مەبەستی پشتیوانی له چالاکیی وەرزشانەی خوێندکاران.

ماددەی سێیەم:

أ-وەزیر سەرۆکی بالأی وەزارەتەو بەرپرسە له ئاڕاستە کردنی کارەکان و سەرپەرشتی کردنیان و چاودێری کردنی چالاکییەکان و هەڵسەگاندنی کارو بەجێهێنانەکان, هەموو بڕیار و فەرمان و رێنماییەکان کە پەیوەندییان بە کاروباری وەزارەت و بە پێکهاتەکانییەوە هەیە له لایەنە یاسایی و کارگێری و وەرزشی و هونەرییەکانەوە له سنووری ئەم یاسایەو یاساو پەیڕەو و رێنماییە کاراکانی دیکەدا لەوەوە دەردەچن, وەزیریش دەتوانێت هەندێك له دەسەلأتەکانی بدات بە کەسانی دی, هەر خۆشی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرس دەبێت وەك ئەندامێکی لێپرسراو تیایدا.

2- هەردوو بریکاری وەزارەت ئەو کارو ئەرکانە بەڕێوە دەبن کە وەزیر پێیان دەسپێرێت.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەم پێکهاتەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتیی نووسینگەی وەزیر, کە لەمانە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەر.

ب- خامەی نهێنی.

2- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری کردنی کۆگایی:

أ-بەشی وردبینی کردن.

ب- بەشی چاودێری کردنی کۆگایی.

3- هەردوو بریکاری وەزارەت:

أ-بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری وەرزش.

ب- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری لاوان.

4- راوێژکارەکان: وەزیر چوار راوێژکاری بە گرێبەست دەبێت, راوێژکاران له بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەت و له جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیدا یارمەتی دەدەن, بە پێشکەش کردنی راوێژ و پێشنیاری

پێویست, وەزیریش چوار راوێژکار بەپێی پسپۆریان و بەپێی پێویست هەڵدەبژێرێت, بە جۆرێك کە هەموو نەتەوەو ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوەو ئەمانە یەکسەر سەر بە وەزیرن.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندییەکان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرپوەبەری گشتی کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت سەرکردایەتی دەکات, دەبێ شارەزاییەکی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێوەی دەبەسترێتەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیی دەرەکی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیی ناوخۆ.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرپوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش پێوەی دەبەسترێتەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی سایتی وەزارەت لە ئەنتەرنێتدا.

ب- بەڕێوەبەرایەتی وەرگێڕان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی.

7- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرنامەڕێژی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرپوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش پێوەی دەبەسترێتەوە:

أ-بەڕێوەبەرایەتی بەرنامەڕێژی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون.

ج- بەڕێوەبەرایەتی ئامار.

د- بەڕێوەبەرایەتی خانەسازی.

8- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەڕێوەبردن و دارایی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرپوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت, وا پەسندە شارەزایی لە کاروباری دارایی و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت هەبێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێوەی بەستراون:

1- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕی کە ئەم بەشانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

أ-بەشی پەڕاوگە.

ب- بەشی دۆسییەکان.

ج- بەشی پرسگە.

د- بەشی دەرکردەو هاوردە.

ه- بەشی چاپ و کۆمپیوتەر.

2- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

3- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی.

4- بەڕێوەبەرایەتی میلاك.

5- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی.

6- بەڕێوەبەرایەتی کەلوپەل.

7- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزارییەکان.

أ- بەشی ئۆتۆمۆبیل و مەکینەکان.

ب- بەشی بگۆڕی تەلەفۆن.

ج- بەشی فەرمانبەرانی خزمەتگوزاری.

9- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرپوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی باشی لە پەروەردەی وەرزشی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش لەخۆ دەگرێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی یانەکان.

2- بەڕێوەبەرایەتی یەکێتیەکانی وەرزشی.

3- بەڕێوەبەرایەتی یاریگاو دامەزراوەکان.

4- بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی ژنانە.

5- بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی کەم ئەندامان.

6- بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی وەرزشی.

7- بەڕێوەبەرایەتی تیپە میللیەکان.

8- بەڕێوەبەرایەتی وەرزش بۆ هەمووان.

9- بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیر کردنی وەرزشی.

10- بەڕێوەبەرایەتی ئامادە کردن و شیاندن.

10- بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان: فەرمانبەرێك بە پلەی بەرپوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات, کە هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆ, یان هاوتاکەی بێت و شارەزاییەکی باشی لە پەروەردەی وەرزشی هەبێت کە لە (10) ساڵ کەمتر نەبێت و لەم بوارەشدا ئاگادار و بە توانا بێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەش لەخۆ دەگرێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی زانستی.

2- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی هونەری.

3- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی فەرهەنگی.

4- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی دیدەوانی.

5- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی ژنانە.

6- بەڕێوەبەرایەتی چالاکیی جڤاکی (کۆمەڵایەتی).

7- بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوەکانی لاوان.

8- بەڕێوەبەرایەتی لاوانی کەم ئەندامان.

9- بەڕێوەبەرایەتی ئامادە کردن و شیاندن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان چاودێری کردنی زانستی لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێم و ناوچە ئازاد کراوەکان کە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەرزش و لاوان و چاودێریان دەکات لە قەزاو ناحیەکاندا لە کاتی کردنەوەیاندا.

ماددەی پێنجەم: وەزارەت بۆی هەیە پەیرەوێکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یانەو یەکیەتیە وەرزشیەکان دابنێت, بەجۆرێك کە لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمدا بگونجێت.

ماددەی شەشەم:

1-بە پەیڕەوێك پەیکەری رێکخستنی سەنتەری وەزارەت و پێکهاتەکانی دیار دەکرێت.

2- لەکاتی پێویستدا وەزیر بۆی هەیە هەندێ بەڕێوەبەرایەتی یان بەش و هۆبەی تازە لە وەزارەت و پێکهاتەکانیدا بکاتەوە, لێکیان بدات, یان پووچەڵیان بکاتەوە.

3- بە مەبەستی پەرەسەندنی رۆڵی لاوان و وەرزشکارانی کوردستان و گونجاندنی ئەم دوو لایەنە لەگەڵ ئەنجامەکاندا, وەزیر دەسەڵاتی دامەزراندنی دامەزراوی وەرزشی و لاوانی هەبێ لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێك وەکو ئەندامێکی کارا لە لیژنەی ئۆلۆمپی دەست نیشان بکات, هەروەها نوێنەرکێش بۆ خۆی دابمەزرێنێت, بۆ بەشداری کردن لە کۆنفدراسیۆنی وەرزش و لاوان.

ماددەی هەشتەم: وەزارەت دەبێ ساڵانە یارمەتی دارایی بە رێکخراوەکانی وەرزش و لاوان ببەخشێت بەپێی پەیکەری رێکخستنی هەریەك لەو رێکخراوانە, رێکخراوەکانیش دەبێت ساڵانە پرۆژەکانی وەرزشی و لاوان پێشکەش بە وەزارەت بکەن, بەپێی چەند رێنماییەکی تایبەت بە وەزارەت بۆ ئەوەی لەگەڵ چەمکە دیموکراتیەکاندا بگونجێن.

ماددەی نۆیەم: خاوەندارێتی گشتی دامەزراو و یاریگا وەرزشیەکان کە خاوەنداریەتییان ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو کەرتی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش و لاوان دەسەڵاتی سەرپەرشتی هەیە لەسەر گشت دامەزراوە وەرزشیەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

ماددەی یازدە: وەزارەت دەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بابەتی پەروەردەی وەرزشی کارا بکات و مامۆستای پسپۆر و لێهاتوویان بۆ دابمەزرێنێت, لەگەڵ دابین کردنی هەموو پێداویستییە وەرزشییەکان وەکو دانانی پەرتووکی تایبەت بە پرۆگرامەکانی پەروەردەی وەرزشی و دروست کردنی هۆڵی داخراوو گۆڕەپانی وەرزشی و شتی دیکە.

ماددەی دوازدەم: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربكات بۆ كار ئاسانی لەمەڕ جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

ماددەی سێزدەم: هەموو ئەو یاساو بڕیارو سیستەم و رێنماییانەی كە تایبەتن بە وەرزش و لاوان كە لە كۆماری فیدراڵی عێراق و هەرێمەكانیدا پەیڕەو دەكرێن و لەگەڵ بۆچوون و تایبەتمەندییەكانی دەستووری هەرێمی كوردستان و قانونەكانیدا ناكۆك نین, كاران.

ماددەی چواردەم: كار بە هیچ دەقێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

ماددەی پازدەم: پێویستە وەزیرە پەیوەندارەكان بڕگەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

ماددەی شازدەم: ئەم یاسایە لەو رۆژەوە كاری پێ دەكرێت كە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاّو دەكرێتەوە.

**هۆكارە پێویستیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەو فراوانبوونە زۆرەی كە كەرتی وەرزش ولاوان و چاودێری كردنی زانستی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا بەخۆیەوە دەبینێت و بە مەبەستی دەستەبەر كردنی چاودێری و ئاڕاستە كردنی پێویست بۆ ئەم كەرتە تا بتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت و بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە ببێتە دەسەلاّتی بالاّ لە كرداری پەرەپێدانی كۆمەڵگا لە رووی وەرزش و لاوانەوە, هاوشان لەگەڵ ئارەزووەكانی حكومەتی هەرێم لە دەستەبەر كردنی هۆكارەكانی پشتگیری كردنی پێویست بۆ كەرتی وەرزش و لاوان, ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان بدرێتە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیەكان و رۆشنبیری و لیژنەی پەروەردەو ئەندامە بەڕێزەكان بۆ ئەوەی زیاتر لێ وردبوونەوەو بڕیار لەسەر بدەن, ئێستاش خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ كاروباری مین لە هەرێمی كوردستان بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستاش كاك زانا پرۆژەی یاسای دەزگای گشتی بۆ كاروباری مین لە هەرێمی كوردستان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**یاسای ژمارە ( )ی ساڵی**

**یاسای دەزگای گشتی كاروباری مین لە هەرێمی كوردستانی عێراق**

**بەشی یەكەم**

**پێناسەكان**

ماددەی یەكەم: ئەو دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەو واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن:

1- هەرێم: هەرێمی كوردستانی عێراق.

2- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیار کراو دەنگیشی بۆ درا، بۆ صیاغەکە صیاغەی دەکاتن، کاک عەونی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تخفض عقوبة المحكومون بالاعدام ومدى الحياة في القضايا التي تتم المصالحة بين اطرافها امام القضاء الى السجن المؤبد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موسالەحەی تێدا نییە (تخفض الاحكام الصادرة بمدى الحياة الى السجن المؤبد)، ئەوە بەر نادرێتن، تەنیا ئەوەندەیە حوکمی (مدى الحياة) دەبێتە موئەبەد، مەدەلحەیاتەکە یەعنی قەت دەرناچێت، موئەبەدەکە بیست ساڵەکەیە، تکایە ماددەی سێزدە بە کوردیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنیەوەی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیەش دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ئەسبابی موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆیە پێویستکارەکان**

لەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی لە سزاداندا چاکسازی تاوانکارەو راستکردنەوەی رەفتارێتی و ئەو بەندییانەی ئەم لێبوردنە دەیانگرێتەوە ماوەیەکی زۆریان لە دەستگا چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر بردووە، بۆ ئەوەی هەلیان بۆ بڕەخسێت، بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگا، بە ئازادکردنیان یان

بەکەمکردنەوەی ماوەی بەندێتیان یان بە راگرتنی رێکاری یاسایی دەرحەق ئەوانەی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگاییدانە و بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ماڵی کوردستانی و کارگێڕی لە هەرێمدا و بایەخدانی دەستەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بەم بۆنە مێژووییە و بۆنەکانی نەورۆز و ئادارو بۆ شادی خستنە ناو دڵی کەسوکاری بەندی و نەوجەوانانی ناو چاکسازیەکانی کە ئاشتەواییان کردووە، ئەم یاسایە داندرا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الأسباب الموجبة

بما أن الهدف الأساسي من العقوبة هو أصلاح الجاني وتقويم سلوكه ونظراً لأن المحكومين الذين يشملهم هذا العفو قد قضوا مدة معينة في مؤسسات الأصلاح الأجتماعي وبغية أعطاء الفرصة لأعادتهم الى المجتمع عن طريق أطلاق سراحهم أو تخفيض مدة محكومياتهم وإيقاف الإجراءات القانونية لمن هم في مرحلة التحقيق والمحاكمة وبمناسبة توحيد البيت الكوردستاني وأعياد نوروز وأذار وتقديراً لسلطات الأقليم لهذه المناسبة التاريخية ولبعث السرور في قلوب المتصالحين و ذوي المحكومين والمودعين من الأحداث فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر یەك جوملەی لێ لاببەن (بيت الكوردستان)يەكە لابدرێت، دەنگدان لەسەر هەموو پرۆژەکە دەکەم، نوقتەی نیزام فەرموو مامۆستا ئەنوەر.

**بەڕێز ملاانور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەکانی پێشوو دەنگی لەسەر درا، ئێمە بەبێ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین و پێدابچینەوە، دەستمان لێدا لە ماددەی دووەم و سێیەم و ئەوانە، ئایا ئەوە پێویست ناکات، کە دەنگی لەسەر بدرێتەوە، بۆ ئەوەی بچینەوە سەری، یان ئەوها، ئەوە خاڵێك.

پرسیارێکی ترم هەیە پێش ئەوەی دەنگدان لەسەر ماددەکە بکرێت، چونکە باس لە باسی ئەوەیە ئەو پرۆژەیە باسی عەفوە، هیچ کۆمەڵگایەکیش بێ جەریمە نییە، هەموو کۆمەڵگایەك جەریمەی تێدایە، بەس جەریمەیەك هەیە، یاخود گرتنێك هەیە، یان حیجزێك هەیە، کە لە کۆمەڵگای دیموکراسی زۆر کەمترە، وەك لە کۆمەڵگای دیکتاتۆری، ئەو ئەندامە بەڕێزانە زۆر باسی حیجزی سیاسیان کرد بزر بوونە، تەقریبەن من (88) ناوم تەسلیم کرد، تاکو ئێستا بێ سەرو شوێنن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا نوقتەی نیزام نییە، فەرموو دانیشە، گوتم عەفوم بکە، ئەوەی یەکەمت مولاحەزەیەکی باش بوو، ئەوەی دووەمت نوقتەی نیزام نییە، کاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم مادام گوتمان صدوری ئەو قانونە، ئیتر پێویست ناکات باسی نەورۆز و باسی ئەوە بکەین، دەڵێین لە صدوری ئەم قانونەوە دەستی پێ دەکرێت، یەعنی بیدایەتمان بۆ داناوە، بیدایەتەکە ئەوە ناکات، ئەوە تازە بۆتە رابردوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نەبوو بە جوملەیەکی ئەوەندە ئەسبابی موجیبە ناگۆڕێتن، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزن محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نوقتەی نیزام نییە، تەرحە لە جیاتی بڵێین (بیت الكوردستان)ەکە، وەکو رێز لێنانێك بۆ یادی ئەنفالیش، ئێستا سوڵبی مەوزوعی ئەنفالە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە، فەرموو دانیشە، پرۆژەکە هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پرۆژەکەیە وەکو قانون دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس، پیرۆزە ئینشائەڵڵا کارێکی باش دەبێتن، ئێستا پشوویەك دەدەین، بەڵام بە مەزبوتی یەك چارەك زیاتر نەبێتن، دواتر وەزیری وەرزش و لاوان ئامادە دەبێتن، بۆ ئەوەی بڕگەی دووەم لە بەرنامەکەمان بخوێنینەوە.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان دەکەین بەخێر بێت سەرچاو، بڕگەی دووی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانە، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق بە ژمارە (13980) لە 2006/12/11 بۆمان هاتووە، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیەکان دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن، تکایە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بخوێندرێتەوەو راپۆرتەکانی تریش دەخوێندرێتەوە، دوایێ خاڵ بەخاڵ موناقەشەی دەکەین، ئێمە دەبێت ئەو قانونەش تەواو بکەین.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش لە لایەن بەڕێز کاك کەریم بەحریەوە راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

**لیژنەكەمان لە پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش ولاوانی كۆلێیەوە كە دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان لە رۆژی 2007/1/7 بۆمان هاتووە، ولەگەڵ وەزیری ڕاسپێردراو بەوەرگرتنی پۆستی وەزارەتە نوێكە كۆبووەوە ودوای وتوویژ و تاو تووكردنی، لیژنە راپۆرتی خۆی وراسپاردەكانی لەگەڵ پێشنیازەكانی لە بارەی پرۆژەكەوە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزیر پیشكەش دەكات و ئەوەی لەم راپۆرتە دا هاتووە دەربڕینی رای لیژنە بە تێكرای دەنگی ئەندامان و وەزیر بەم جۆرەی خوارەوەیە:-**

**لیژنەی یاسایی وەك سەرەتایەك پاڵپشتی پرۆژەی یاساكە دەكات، چونكە وەزارەتەكە لە نوێ دامەزراوە لە هەرێمداو پێشنیازدەكات دیباجەی بۆ دابرێژرێ و ماددەكانی دەروازەیان بۆ دابنرێ و بڕگەكانی رێك بخرێن، هەندێ هەمواركردن و گۆرانكارییان لەدارشتنی هەندێ لە بەندەكانی دا بكرێت كە لەمەولا لەم راپۆرتەدا دەردەكەون.**

**یەكەم/ ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی یەكەمەوە هەیە كە لە ئەسڵی پرۆژەكەدا هاتووە، ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەكات ورادەسپێرێ:-**

**1- دێری یەكەم لە پرۆژەكەدا بەجۆرێكی وا دابرێژرێتەوە كە لەگەڵ شێوەی پەیرەوكراو لەوپێناسە كردنانەی كە لەو یاسایانەی دەرچوون بگونجێت.**

**2- گۆڕینی زنجیرە ژمارەیی بۆ زنجیرەی نووسراو بۆ بڕگەكانی ماددەكە.**

**3- تەنیا زنجیرەكانی(6.3.2.1) بمێننەوە و بڕگەكانی دیكە لابدرێن لەگەڵ هێشتنەوەی یەك (بریكار) بۆ وەزارەت لە جیاتی دوو بریكار و بەناونیشانی بریكاری وەزارەتی وەرزش و لاوان.**

**دووەم/ ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی دووەمی پرۆژەكەوە هەیە،ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەكات: (3- هاو ئاهەنگی وهاریكاری لەگەڵ وەزارەتی لاوان ووەرزش لە حكومەتی فیدرالیدا بكرێت بەمەبەستی خزمەتكردنی بزووتنەوەی وەرزش ولاوان لە هەرێمی كوردستان وعیراقدا.**

**4-هاوئاهەنگی وهاریكاری لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی كوردستانی بكرێت لەپێناوی گەشەپێكردنی واقیعی وەرزشی لە كوردستانی عیراقدا.**

**2- هەمواركردنی زنجیرەی بڕگەكان بەپێی گۆڕانكاریەكان.**

**3- داڕشتنەوەی بڕگەی (3) لە پرۆژەكەدا بەم جۆرەی خوارەوە: (بنیات نانی مرۆڤ لە رووی جەستەیی وسایكۆلۆجی وپەروەردەیی وكۆمەلآیەتی وپیشەییەوە تاكو ببێتە ئەندامێكی شیاو لەكۆمەڵگادا كە بتوانێ بەرەنگاری بارگرانی ژیان ببێتەوە).**

**4- لا بردنی رستەی (بلاوكردنەوەی بیر) لە بڕگەی (11) لە پرۆژەكە و دانانی رستەی (وبەهێزكردنی گیانی ئینتیما) لە شوێنیدا.**

5- دووباره داڕشتنەوەی بڕگەی (19) بەم شێوەیەی خوارەوە:
(ئاراستەکردنی پیشەکاری وەرزش بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بۆ چوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگونجێ لە پێناوی گەشە پێکردنی بزووتنەوەی وەرزشدا).
6- (4) بڕگەی نوێی تر بخرێنە دوای بڕگەی (25) لە پرۆژەکەو بە زنجیرەی (29.28.27.26) بن وبەم جۆری خوارەوە:
26- بڵاوکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی وگیانی کارکردنی بە کۆمەڵ لە ریزەکانی وەرزشوانان ولاواندا.
27- کارکردن لە پێناوی بیرۆکەی کاری خۆبەخشی لە لای وەرزشوان و لاواندا.
28- گەشەپێدان و دەستەبەرکردنی بوار لەبەردەم بەهرە زانستی و ڕۆشنبیری و هونەریەکانی لاوان، تاکو توێژێکی باوەڕ بەخۆی ڕۆشنبیری داهێنەر پەروەردە بکرێت.
29- کارکردن لەپێناو هێنانەکایەی بزووتنەوەیەکی هوشیار و زیندووی لاوان.
سێیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەکانی سێیەم و چوارەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بخرێتە ناو ماددەی سێیەم و لە ژێر ناونیشانی پێکهاتەکانی وەزارەت بنووسرێ و بەم جۆرە دابڕێژرێ:
پێکهاتەکانی وەزارەت
یەکەم: وەزیر/ سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیداو سەرپەرشتی چاودێری کردنی چالاکیەکانی و لەوەوە ئەو بڕیارو ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و کارگێڕی و ڕێك و پێکی بەپێی حوکمەکانی یاساوە هەیە و لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەداو بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بەو کەسەی کە وەزارەت بە شیاوی دەزانێ.
دووەم: وەکیل وەزارەت/ یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کارەکانی دەکات لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێ و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆ ی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.
سێیەم: ڕاوێژکاران/ وەزیر چەند ڕاوێژکارێکی هەیەو نابێ ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار پتر بێت، بۆ کاروباری بەڕێوە بردنی وەزارەت یاریدەی دەدەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەمەش بە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و پێشنیازی پێویست دەبێ و وەزیر بۆی هەیە بە پێی پێویستی وەزارەت لە خاوەن پسپۆڕی جیاواز هەڵیان بژێرێ و ڕاستەوخۆ پێیەوە دەبەسترێنەوە.
چوارەم: نووسینگەی وەزیر/ فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.
پێنجەم: نوسینگەی بریکاری وەزارەت/ فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

شەشـەم: بەرێوەبەرایـەتی گشـتی ڕاگەیانـدن و پەیوەندییـەکان/ بەرێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

حەوتەم: بەرێوەبەرایەگشتی پلان دانان و بەدوا داچوون/ بەڕێوەبەرێکی گشتی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بـۆ ماوەیـەك لـە دە سـاڵ کەمتر نەبێت.

هەشـتەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کاروبـاری کـارگێری و دارایـی/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزش و لاوان لە پارێزگاکانی هەرێمدا/ هەریەك لەوانە بەرێوەبەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆ سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات کـە خـاوەن شـارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

چوارەم/ لیژنە پێشنیاز دەکات ئەنجومـەنێکی ڕاوێـژکاری بـۆ وەزارەت دابمـەزرێ لـە ژێـر زنجیرەی ژمـارەی ماددەی چوارەم بە پێی پێشنیازی لیژنە و بەم جۆرە بنووسرێ:-

ماددەی چوارەم :

یەکەم: وەزارەت ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێ و لەمانە پێکدێ:

1- وەزیر: سەرۆك

2- بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لە کاتی ئامادە نەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

3- ڕاوێژکارەکان: ئەندامن

4- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت: ئەندامن

5- هەر شارەزایەکی پسپۆر و شیاو لەناو وەزارەت یا دەرەوەی کە وەزیر هەلیدەبژێرێ: ئەندامە

6- نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لەسەر بانگێشتی وەزیر: ئەندامن

پێنجـەم/ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە مـاددەی پێنجـەمی پرۆژەکـەوە هەیـە، لیژنـە پێشـنیاز دەکـات بـەم جـۆرە بنووسرێتەوە: (ماددەی پێنجەم: وەزیـر بـۆی هەیـە پێـوەرێکی تایبـەت بـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری یانـە و یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێ بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ ئاراستەکارییەکانی حکومەتی هەرێمدا بە مەبەسـتی ڕێکخستن و پەرەپێدانیان بگونجێ).

شەشەم/ لەبارەی ماددەی شەشـەمی پرۆژەکـەوە، لیژنـە پێشـنیاز دەکـات بڕگـەی سـێیەم لا بـبرێ و چـەمکی ماددەی (12)ی پرۆژەکەی لە شوێن دابنرێ و سەرتاپای ماددەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەست نیشان دەکرێن.

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە نێو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیانوەشێنێتەوە بەپێی پێویستی کار و لەکاتی پێویستدا.**

**سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.**

**حەوتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا لیژنە واپێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: (ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێکی خۆی لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دابنێ).**

**هەشتەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.**

**نۆیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات وشەی (دەگرێتەوە) بگۆردرێ بە (دەچێتەوە بۆ).**

**دەیەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە بنووسرێت: (ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش ولاوان سەرپەرشتی هەموو دەزگای وەرزشی و لاوان لە هەموو کوردستان دەکات).**

**یازدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە بنووسرێت: (دەبێ وەزارەت بە هاوهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە کاراکردنی بابەتی پەروەردەی وەرزشی بدات و مامۆستای خاوەن پسپۆڕیی دابمەزرێن و هەموو پێویستیەکی وەرزشیان کە زۆر پێویستن لە پێناوی پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری وەرزشی لە قوتابخانە و دەزگا وەرزشیەکاندا بۆ دابین بکات).**

**دوازدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێزدەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا لیژنە وا بە پەسندی دەزانی لابرێ وهەڵوەشێتەوە چونکە زیادە.**

**سێزدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چواردەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت: (کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ).**

**چواردەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت: (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).**

**پازدەم/ ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشننیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت: (ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) دا بلاّودەکرێتەوە).**

**لە دوایشدا لە بارەی هۆیەکانی دەرچواندنیەوە، لیژنەی یاسا دوای گۆڕینی وشەی (دەسەلاّت) بە وشەی (لایەن) پشتگیری هەمووی دەکات.**

تکایە ئاگاداری بفەرموون ودەقی ئەصلی پڕۆژەکە وڕای لیژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخەنە بەردەم ئەنجومەن بۆ وتووێژکردنی ودەربڕینی رای گونجاو لەسەری و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی قانونی، ئەو لیژنەیە بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزیر کردوویانە، راپۆرتی لیژنەی پەروەردە لە لایەن سۆزان خان بخوێنەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا**

کۆبوونەوەی لیژنەکەمان لە رۆژی 2007/4/2 کاتژمێر (12،30) ئەنجامدرا بە ئامادە بوونی بەڕێزان ئەندامانی لیژنە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر یاسای پێشنیار کراوی وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەم سەرنج و تێبینی و پێشنیارانەی خوارەوەمان هەیە:

ماددەی یەکەم:

1- بەکارهێنانی وشەی دەستەواژە لە بڕی دەربڕین.

2- بەزۆرینەی دەنگ رای لیژنە ئەوە بوو کە خاڵی (5،4) بکرێتە یەك و بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(بریکار: بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان).

3- لە خاڵی (b) گۆڕینی ناوی کۆمیتەی میللی بۆ کۆمیتەی یاریەکانی میللی.

4- لا بردنی رستەی (لە رێگەی وەزارەتی وەرزش و لاوان مۆڵەتیان پێ دەدرێت (d)، چونکە لە بڕگەی (22) لە ماددەی (2) هاتووە، کە ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەت.

5- لیژنەکەمان پێشنیاری زیاد کردنی خاڵی (e) دەکات لە بڕگەی (7) بەم شێوەیە بێت:

لیژنەی لاوان: هاوکاری لیژنەو سەنتەرەکانی لاوان و گەنجان دەدات بە یارمەتی دانیان بۆ پرۆژەو چالاکیەکانیان.

6- لیژنەکەمان پێشنیاری زیاد کردنی خاڵی (f) دەکات بۆ بڕگەی (7) ماددە (1) دەکات کە بەم شێوەیە بێت:

(لیژنەی ئۆلۆمپی: پێکهاتووە لە چەند ئەندامێکی پسپۆر و بە توانا بۆ کارکردن، بۆ بڵاو کردنەوەی چەمك و پرێنسیپەکانی بزووتنەوەی ئۆلۆمپی لە ناو لاوان و گەنجان).

ماددەی دووەم: لە کۆی ئامانجەکانی وەزارەت کە (25) خاڵە زۆرترینی باس لە وەرزش و پەرەپێدانی دەکات هەر چەندە ئێمە دەزانین کە وەرزش زۆر گرنگە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، بەڵام ئێمە نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە گەنجان توێژێکی زۆر گرنگی ئەم کۆمەڵگایەن و، دەبێت ئەم وەزارەتە بایەخی

**تەواویان پێ بدات، لەبەر ئەوە زۆرێك لە ئامانجە دووبارە بووەكانمان لێك داوەو، چەند خاڵێكی تریشمان زیاد كردووە:**

1- **بڕگەی** (1) **لەگەڵ** (2) **لێك بدرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:**

**(دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزش و چالاكیەكانی و, بلاّو كردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەكانی بزاڤی ئۆلۆمپی و وەرزشی لەناو كۆمەڵگادا بەشێوەیەك كە بگونجێ لەگەڵ ئامانجەكانی گەلەكەمان لە كوردستاندا).**

2- **خاڵی** (3) **پرۆژەكە لەگەڵ خاڵی** (5) **لێك بدرێت و، وشەی مرۆڤ بگۆڕدرێت بۆ (لاو و گەنج)، چونكە پەروەردە كردنی مرۆڤ بە وەزارەتێك ناكرێت، بەڵكو كاری هەمە لایەنەی كۆمەڵگایە و، دەقەكە بەم شێوەیە بێت: (بونیاتنانی گەنج لە رووی جەستەیی و، دەروونی و پیشەیی و پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی كارا لە كۆمەڵگادا بە هاوكاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانی لاوان بە گشتی.**

3- **خاڵەكانی** (4،6،7،17) **لێك بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**(دانانی بەرنامەو پرۆگرامی پێویست بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی وەرزشی و, پشتگیری كردنی یانەو یەكێتیە وەرزشی و تیپە وەرزشیە میللیەكان و, سەرپەرشتی كردنی چالاكیەكانیان و، كاركردن لە پێناو دابین كردنی پێداویستیەكانی وەرزش بۆیان.**

4- **لە خاڵی** (8) **دەقەكە دەبێتە خاڵی چوارەم و, بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**(بایەخدان بە وەرزشەوانانی بە هرەمەند و بە تواناو پاڵەوانان و خاوەنی پێداویستیە تایبەتیەكان و دابین كردنی بارودۆخی گونجاو بۆیان، كە بتوانن بەردەوام بن لە بەخشینەكانیان.**

5- **خاڵی** (9،25) **لێك بدرێت و، بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:**

**(ئامادە كردنی كادیری هونەری لە بواری وەرزشدا لەگەڵ زیاد كردنی شارەزاییان بە نوێترین زانیارییە زانستیەكان بە هاوكاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاّ.**

6- **خاڵی** (10)**ی پرۆژەكە وەك خۆی بمێنێتەوەو دەبێتە خاڵی** (6)**ی ماددەی پێشنیار كراو.**

7- **خاڵی** (11)**ی پرۆژەكە دەبێتە خاڵی** (7) **بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

**(بەهێز كردنی گیانی هاونیشتمانی بوون و لێبوردەیی و داد پەروەری كۆمەڵایەتی و بیری جەندەری لە لایان لاوانەوە لە رێگەی هاندانی گفتوگۆی فكری و رۆشنبیری لە نێوانیاندا و راهێنان لەسەر بنەما دیموكراسیەكان و كارا كردنی بەشدار بوونیان لە هەڵبژاردنەكان و چالاكیە خۆبەخشەكان.**

8- **دەبێتە خاڵی** (12) **دەقەكە بەم شێوەیە: (بایەخدان بە وەرزشی ژنان و كارا كردنی رۆڵی كچان و بەشداری كردنیان لە چالاكیە وەرزشیەكان و فراوانكردنی چالاكیەكانی تایبەت بە كچان لە سەنتەرەكانی گەنجان.**

9- لێكدانی خاڵی (13،14،24)ی دەقەكە بەم شێوەیە: (كار كردن لە پێناو پتەو كردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوكاری لە نێوان لاوانی هەرێمی كوردستان - عێراق و لاوانی هەرێمەكانی دیكەی عێراق لە رێگەی دامەزراندن و پتەو كردنی پەیوەندی وەرزش و لاوان، هەروەها لەگەڵ رێكخراو و لیژنە نێودەوڵەتیەكانی پەیوەندیدار.

10- كە خاڵی (15،18) لێك دەدرێت بەم شێوەیە: (دابین كردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ وەرزشەوانان و بەرەنگار بوونەوەو نەهێشتنی بەكارهێنانی مادده وزە بەخشەكان و شێوازە قەدەغە كراوەكانی تری نێو دەوڵەتی.

11- كە لە دەقی پرۆژەكە (16) وەك خۆی دەمێنێتەوە.

12- كە خاڵی (17) لێك درا لەگەڵ خاڵەكانی (4،6،7).

13- كە خاڵی (19) لە دەقەكە وەك خۆی دەمێنێت.

14- كە خاڵی (20) وەك خۆی دەمێنێت و بەم شێوەیە بێت لەگەڵ چاككردنی دەقە كوردیەكە:

(كە لە دەقی عەرەبیەكە (وسائل الاعلام) هاتووە لە كوردیەكە بە (هۆ) تەرجومە كراوەكە لە رووی زمانەوە دەبێت (ئامرازەكان) بێت.

15- كە خاڵی (21) وەك خۆی دەمێنێت و بە زیاد كردنی (لاوان وەرزشەوانان) لە دوای وشەی نوێنەرایەتی.

16- خاڵی (22) لەگەڵ (23) دەقەكە لێك درێت (22) بەم شێوەیەی خوارەوە:

(هاندانی كەرتی تایبەت لە بواری وەرزشی لە رێگای پێدانی مۆڵەت بۆ یانە و یاریگاو هۆڵە وەرزشیەكان و جێ بەجێ كردنی سزا بەپێی یاسا.

17- خاڵی (24)ی پرۆژەكە دووبارەیە، بۆیە پێشنیار دەكەین لەگەڵ خاڵی (13،14) لا بدرێت، خاڵی (25)ی پرۆژەكە لەگەڵ خاڵی (9) لێك درا.

هەروەها پێشنیار دەكەین بۆ زیاد كردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1- بەرزكردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و كارامەیی زانستی و هونەری لاوان و ئامادە كردنیان بۆ ئایندە.

2- پتەو كردنی گیانی كاركردن و بەرهەم هێنان لای لاوان لە رێگەی بەرز كردن و گەشە پێدانی توانا پیشەیەكانیان.

3- ناساندنی لاوان بە تەكنەلۆژیای سەردەم و كار پێ كردن.

4- دروستكردنی سندوقی پشتگیری لاوان بۆ پێدانی قەرز و هاندانیان بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان.

مادده سێ و چوار لێك بدرێت و بكرێت لەگەڵ دانانی یەك بریكار بەم شێوەیە:

1- الوزير.

2- وكيل الوزارة.

3- مكتب الوزير.

4- المستشارون: بەم شێوەیە:

وەزیر/ چوار راوێژکاری دەبێت کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت.

5- هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەین کە لە یاساکاندا تەنها باس لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بکرێت و وردەکارییەکان دەسەڵاتی خودی وەزارەتە.

6- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بەم شێوەیە بێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان.

2- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش.

3- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان و راگەیاندن.

4- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان.

5- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کارگێری و دارایی.

6- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت.

ماددەی پێنجەم: لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەم ماددەیە لا بدرێت.

ماددەی شەشەم: لابردنی خاڵی (3) لە ماددە شەش بڕگەی (1،2) بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ.

ماددەی حەوت:

لابرێت، چونکە داوامان کردووە لیژنەی ئۆلۆمپی بخرێتە سەر وەزارەت.

ماددەی هەشتەم:

لابرێت، چونکە لە خاڵی (7) ماددەی (2) لە ئامانجەکانی وەزارەت باسکراوە.

ماددەی نۆیەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی دەیەم:

لابدرێت، چونکە لە ئامانجەکان باسکراوە.

ماددەی یازدەم:

لابدرێت، چونکە لە ئامانجەکان باسکراوەو پێشنیار دەکەین کە وشەی بەهاوئاهەنگی بکرێتە هەماهەنگی، هاوکاری.

ماددەی دوازدەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی سیازدەم:

وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ماددەی چواردەم:

تەنها وشەی (ناکۆك) بگۆڕدرێت بە (نەگونجێت).

**ماددەی پازدەم:**

**وەکو خۆی بمێنێتەوە.**

**هۆکارەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە کە دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:**

**بەهۆی دامەزراندنی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەبەر ئەوەی توێژی لاوان و گەنجان داهاتووی ولات پێك دێنن، بنەمای گەشە کردنی پاشەڕۆژن و توێژێکی فراوان و چالاکی کۆمەڵگان، بە مەبەستی رێنمایی و هاوکاری و ئاڕاستە کردنیان پێویستی بە دەرکردنی ئەم یاسایەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس بۆ لیژنەی پەروەردە سۆزان خان، کاك جەمال راپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان و رۆشنبیری دەخوێنێتەوە.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و وەرزش.**

**ئێمە لە لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رۆشنبیری سەعات (1)ی دواى نیوەڕۆی رۆژی 2007/4/2 بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و دەوڵەمەند کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان بە ئامادە بوونی (ئارێز عەبدوڵلا، تاڤگە محەمەد، ئیحسان ئامێدی، دیلمان ئامێدی، ڤیان سلێمان، حمە رەشید ماوەتی، گەلاوێژ شابا، خەمان زرار، پیر خدر سلێمان) کۆبووینەوە، بەهۆی بەشداریکردنی برادەرانی دی لە کۆبوونەوەی لیژنەکانی تر لای ئێمە مۆڵەتیان خواست.**

**دوای خوێندنەوەو گفتوگۆ کردن گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا لە خوارەوە پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەین، حەز دەکەم لێرە شتێك بە بەڕێزتان بڵێین، ئێمە ئەم نوسخەی راپۆرتەمان بلاو کردۆتەوە، بەلام چەند هەڵەیەکی چاپی تیایە گۆڕیتمان، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکم خوێندمەوە لەگەڵ هی ئێوە فەرقی هەبوو، ئێمە ئەم گۆڕانکارییە چاپەمان تیا کردووە:**

**ماددەی یەکەم:**

**1- لەجیاتی دەربڕین دەستەواژە بنووسرێ.**

**2- لە خاڵی یەکەم پێناسەی هەرێمدا راستترە بنووسرێ کوردستان – عێراق.**

**3- لە پێناسەی وەزیر: بنووسرێ وەزیری وەرزش و لاوان لە هەرێم لابدرێ، چونکە زیادە.**

**4- لە خاڵی سێیەم: لە پێناسەی بریکاری وەزیر: بە هەمان شێوەی وەزیر بنووسرێ بریکاری وەزیری وەرزش و لاوان پێویست بە لە هەرێم ناکات.**

**5- پێویستە یەك بریکاری وەزیر هەبێ، نەك دووان.**

**6- لە پێناسەی لاو پێمان باشە تەمەنەکە لە (14)ەوە بکرێ بە (15) تاکو (35)ساڵی.**

7- ڕێکخراوەکان لابدرێ و خاڵەکانی بە دوایدا دێن زنجیرەی ماددەی یەکەم تەواو بکەن واتە (a.b.c) بکرێن بە حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم.

لە پێناسەی خاڵی d کە دەبێتە بڕگەی (10)یەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یانە: دەستەیەکی دیاریکراوە لە کادیرانی بواری وەرزش و بە مەبەستی راپەڕاندنی کاروباری وەرزش و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە مۆڵەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان دادەمەزرێ:

ماددەی دووەم:

1-لە بڕگەی چوارەمدا وشەی نیشتمانی بخرێتە پێش نێو دەڵەتییەکان.

2- بڕگەی 17 لابدرێت، چونکە:

أ-قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش نییە.

ب- پەیمانگاو یانە تەنها مۆڵەت وەردەگرن و پێویستیش ناکات وەزارەت بچێتە ناو کاروباری تایبەتییەوە.

ت- خاڵی 22 لابرێت، چونکە ئەوە کاری وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالآیە.

پ- خاڵی 25 هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالآ..... واتە خوێندنی بالآی بۆ زیاد بکرێ.

ج- خاڵی 26 زیاد بکرێ کە لە زنجیرەدا دەبێتە خاڵی 24 بەم شێوەیە خوارەوە دابڕێژرێ:

هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەرو ڕێکخراوەکان بە مەبەستی بایەخدان بە لاوان لە بوارەکانی رۆناکبیری و کۆمەڵایەتی.

ح- زیاد کردنی بڕگەیەکی تر بەم شێوەی خوارەوە:

بایەخدان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەستگرتنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆناکبیری و هونەرییان.

خ- هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی گەنجان بەشێوەی گشتی زیاد بکرێت.

ماددەی چوارەم:

1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان و راگەیاندن لابرێت، چونکە پێویست بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناکات و دواتر بەپێی پێڕەوی ناوخۆ وەزیر دەتوانێ هۆبە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پێویست بکاتەوە.

2- پێمان باشە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و هونەرە میللیەکان زیاد بکرێت.

3- لە هەر پارێزگایەکی هەرێم بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی وەرزش و لاوان هەبێ.

هەردوو ماددەی پێنجەم و شەشەم بکرێت بەیەك ماددە:

8- ماددەی حەوتەم لابرێت، چونکە لە پێڕەوی ناوخۆ جێگەی دەبێتەوە.

9- ماددەی نۆیەم لابرێت.

ماددەی دەیەم:

بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانی بخرێتە سەر.

ماددەی یازدە: لابرێت، چونکە لە ئەرك و ئامانجەکاندا هاتووە.

ماددەی شازدەم: بکرێت بە لە رۆژی دەرچوونەوە.

لە هۆکارەکانی وشەی زۆرە لابرێت، چونکە فراوان زۆریش دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هەر مولاحەزەیەکی گشتی لەسەر راپۆرتەکانتان دەکەم، حەقە ئەوانەی ئاماژەتان پێ نەکردووە لە رۆژی کۆبوونەوەکەی غیابە یەك، دووەمینیش ئەوەی مولاحەزە دەکرێت لە مانگی دوازدەوە خوێندنەوەی یەکەمی کراوە، یەعنی پاشی سێ مانگ ئینجا لیژنەکان کۆبوونەوە، ئێستاش کەموکوڕی هەیە راپۆرتەکانتان تەوزیح نەکردووە بە تەواوەتی، ئەگەر زووتر کۆبوونەوەتان بکردایە، ئێستا ئەندامان نوسخەیەك لە راپۆرتەکەیان لە لا دەبوو و موناقەشەش دەکرا، بۆ جارێکی تر پەلەی بکەن تکایە، ئێستا داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی ئەسڵی قانونەکە ماددە بە ماددە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە موناقەشەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان**

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم دەربڕینانەی خوارەوە ئەو وتانەن کە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ماناکانیان بەرامبەر هەر یەکێکیان نیشان دراوە.

1-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم.

3- وەزیر: وەزیری وەرزش و لاوان لە هەرێم.

4- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم بۆ کاروباری لاوان.

5- بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێم بۆ کاروباری وەرزش.

6- لاو: ئەو توێژەن کە تەمەنیان لەنێوان (14 – 30)ساڵ دایە.

7- رێکخراوەکان:

a- کۆمتیەی وەرزشی ژمارەیەك لە ئەندامانی بواری وەرزش کارەکانی تایبەت بە چالاکیە وەرزشیەکان بەپێی رێنمایی و یاسا وەرزشیەکان رادەپەرێنن.

b- کۆمیتەی میللی لە کۆمەڵێك ئەندامی کارای بواری وەرزش پێك دێت کار لە پێناوی زیندوو کردنەوەو پێشخستنی چالاکییە میللی و فەرهەنگیە وەرزشیەکان دەکەن.

c- یەکێتی ئەو رێکخراوە وەرزشیەیە کە ئەندامەکانی پسپۆڕن لە چاوەدێری و بەڕێوەبردنی یاری وەرزشی.

d- یانە: دەستەیەکی دیاری کراون لە کادیری بە توانای بواری وەرزشی لە رێگەی وەزارەتی وەرزش و لاوان مۆڵەتیان پێ دەدرێت بەمەبەستی راپەڕاندنی کاروباری وەرزشی و هونەری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دارایی تایبەت بە یانەیەك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی مولاحەزەكانی بخوێنێتەوە، بۆ تەعدیلی ماددەی یەك، تكایە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

یەكەم/ ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی یەكەمەوە هەیە كە لە ئەسڵی پرۆژەكەدا هاتووە ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەكات ورادەسپێرێ:-

1- دێڕی یەكەم لە پرۆژەكەدا بەجۆرێكی وا دابڕێژرێتەوە كە لەگەڵ شێوەی پەیڕەوكراو لەوپێناسە كردنانەی كە لەو یاسایانەی دەرچوون بگونجێت.

2- گۆڕینی زنجیرە ژمارەیی بۆ زنجیرەی نووسراو بۆ بڕگەكانی ماددەكە.

3- تەنیا زنجیرەكانی(6.3.2.1) بمێننەوە وبڕگەكانی دیكە لابدرێن لەگەڵ هێشتنەوەی یەك (بریكار) بۆ وەزارەت لەجیاتی دوو بریكار وبەناونیشانی بریكاری وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵی ماددەكە بە زمانی عەرەبی بخوێندرێتەوە باشترە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: يقصد بالتعابير التالية المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون.

1-الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

2- الوزارة: وزارة الرياضة والشباب للاقليم.

3- الوزير: وزير الرياضة والشباب للاقليم.

4- وكيل وزارة الرياضة والشباب لشؤون الشباب

5- وكيل وزارة الرياضة والشباب للشؤون الرياضية.

6- الشباب: هي الشريحة التي يمتد عمرها من (14 – 30) سنة.

7- المنظمات:

a- اللجنة الرياضية/ تتكون من عدة اعضاء رياضيين يكلفون بالاشراف على النشاطات الرياضية وفق القوانين والتعليمات التي تنظم سير العمل في هذا المجال.

b- اللجنة الشعبية/ تتكون من عدة اعضاء لهم خبرة في مجال الرياضة والالعاب الشعبية ويكلفون بالعمل على احياء وتطوير لهذه الرياضيات والالعاب.

c- الاتحادات/ هي منظمة رياضية تتخصص برعاية ادارة لعبة رياضية واحدة في اتحاد كرة القدم وغيره.

d- النـادي/ يتكـون مـن عـدد مـن الاعضـاء الـذين يمتلكـون خـبرة رياضـية و وظيفتـه ادارة وتطـوير الالعـاب الرياضية التي يمارسها النادي وكذلك الاهتمام بالجوانب الثقافية والاجتماعية وتقوم وزارة الرياضة والشباب بمنح إجازات الاندية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەروەردە وابزانم هەمان شتتان هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمـە داوامـان کـردووە کۆمیتـەی میللـی بکرێتـە کۆمیتـەی یاریـەکانی میللـی، هـەروەها داوامـان کـردووە لیژنەیەك بۆ لاوان دابنرێت کە هاوکاری لیژنـە و سـەنتەرەکانی لاوان و گـەنجان بکـات، هـەروەها داواشمـان کردووە لیژنەی ئۆلۆمپی زیاد بکرێت بۆ وەزارەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی داوای کردووە ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێـت، لیژنـەی رۆشـنبیریش دەسـتەواژەکەی راسـتە لـە بیدایەتەکەی مولاحەزەی بکەن، مەسەلەی کوردستان خاڵی دووەمیشتان هەمان شتە، حەز دەکـەی ئەساسـی تێبینیەکان لەسەر ماددەی یەك بخوێنەوە.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم:

1- لەجیاتی دەربڕین دەستەواژە بنووسرێ.

2- لە خاڵی یەکەم پێناسەی هەرێمدا راستترە بنووسرێ کوردستان – عێراق.

3- لە پێناسەی وەزیر: بنووسرێ وەزیری وەرزش و لاوان لە هەرێم لابدرێ، چونکە زیادە.

4- لە خاڵی سێیەم: لـە پێناسـەی بریکاری وەزیـر: بـە هـەمان شـێوەی وەزیـر بنووسـرێ بریکاری وەزیـری وەرزش و لاوان پێویست بە لە هەرێم ناکات.

5- پێویستە یەك بریکاری وەزیر هەبێ، نەك دووان.

6- لە پێناسەی لاو پێمان باشە تەمەنەکە لە (14)ەوە بکرێ بە (15) تاکو (35)ساڵی.

7- رێکخراوەکان لابـدرێ و خاڵـەکانی بـە دوایـدا دێـن زنجـیرەی مـاددەی یەکـەم تـەواو بکـەن واتـە (a.b.c) بکرێن بە حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم.

لە پێناسەی خاڵی d کە دەبێتە برگەی (10)یەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یانە: دەستەیەکی دیـاریکراوە لـە کـادیرانی بـواری وەرزش و بـە مەبەسـتی راپەڕانـدنی کاروبـاری وەرزش و رۆشنبیری و کۆمەلآیەتی بە مۆڵەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان دادەمەزرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، صیاغەی قانونی ئیشی قانونییە، ئەگەر مولاحەزەیەکی زمانەوانیش هەبوو بیدەن بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت، بەڵام لیژنەکانی تر خۆیان بە صیاغە مەشغول نەکەن، لەبەر ئەوەی دەبێتە ئیشکال، صیاغەکە عایدی لیژنەی قانونییە، ئەو ماددەیە چۆنە وەکو لە ئەساسدا هاتووە، لیژنەی قانونی بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر دوو بریکارەکەی لاداوە لە وەزارەتەکانی تر ببێتە یەك وەکیل، ئەوەی لە تەعدیلەکان مونەزەمەکان هاتووە، ئەوەش داوا دەکەن ئیلغا بکرێتن، ئەویتریش تەسلسولەکانیش وەکو وەزارەتەکانی تری لێ بێت ببێتە یەکەم و دووەم و سێیەم، لە ناحیەی زمانەوانیش لیژنەی پەیوەندی و رۆشنبیریەکان درا ئەوەش مولاحەزەیە، کێ قسەی دەکات، خاتوو پەخشان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی شەشەمدا پێناسەی لاو دەکات، دەڵێت ئەو توێژەیە کە تەمەنی لەنێوان ($14 - 30$) ساڵە، بەپێی بەلگەنامەکان، چونکە چواردە ساڵ منداڵن تەمەنی لاوی نییە، لە دوازدە ساڵەوە تا هەژدە ساڵ ئەوانە نەوجەوانانن، ئەوانە پێویستیان بە تەدقیق هەیە، یان ئەگەر فەقەرەی تر سەبارەت بە نەوجەوانان ئیزافە بکرێت و بدرێتە تەدقیق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەکەی من ئیزافەی هەرێمە بۆ سەر ئیزافەی لیژنەی رۆشنبیری، لاوانی هەرێم، ئەم لە هەرێم بۆیە فەرعێکی تری هەبێت لە شوێنێکی تر، یان خۆی فەرعێکی تری هەبێت، بدرێتە وەزیری وەرزش و لاوان و هەرێم، نەك لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پەسندێ پێشنیارا لیژنەی قانونی دەکەم سەبارەت بە داڕشتن و هەندێك فەقەرەی لادایەو هەندێك فەقەرەی ئیزافە کردووە، بەس لە فەقەرەی شەش دیتنا وەزارەتا وەرزشی تەعامولێ دگەل جیهێ کەمتر چواردە ساڵیە دکاتن، چونکە سیستەمێ وەزارەتدا تەعامول لەگەل ئەشبالان دێتە کرن، کو ژی هی وان هەشت ساڵ هەتا یازدە ساڵی هەیە، گەل مە شات دێتە کرن هی وانیش لە دوازدە ساڵ هەتا چواردە ساڵە، گەل شەبابان دێتە کرن لە پازدە ساڵ هەتا هەژدە ساڵە، پشتی موتەقەدمین دێتە کرن لە هەژدە ساڵیە، کەواتە ئەگەر لاو تەحدید بکەیت لە ناحیەی عومریدا مەبەست ڤێرێ چ بێتن لاو، وەکو وەزارەت تەعامول

ڤان ئەمری هەمووان دکاتن هەمی گەنج و لاوا تەمەنی هەمیا دەگری، گەلێ جارا لە عەمرێ زێدەتر ببنە خەبیر و شارەزا و پسپۆر لە بواری وەرزش و مەبەستی وەرزشیدا کاروبارێت خۆ دکەن، ژی بەر هەندێ بۆ لاو جارێکی چاو پێدا بخشێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم راپۆرتی لیژنەی یاسایی موناقەشە بکرێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ بەڕێز وەزیری موختەس موناقەشەیەکی زۆر کراوە، بۆ کورت کردنەوەی وەقتەکە راپۆرتی لیژنەی یاسایی موناقەشەی لەسەر بکرێت، بکرێتە میحوەری موناقەشەکە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وایە مامۆستا فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاستان دەکەم من قسەکانم کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محەمەد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر خاڵی شەش پێم وایە بکرێتە هەژدە بۆ چل، یان چل و پێنج ساڵ، بۆ ئەوەی بەلای کەم هەندێ ئەندام پەرلەمان بگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەسەر مەسەلەی تەمەن، هەرچەندە برادەران باسیان کرد، هی ئاخیری زیاد بکرێت و هی ئەوەلیش زیاد بکرێت، واتا هەردووکیان زیاد بکرێت، یەعنی لە سی ساڵ بکرێتە چل و پێنج، لە چواردەش بە لای کەمی لە پازدە تێپەرێت زۆر منداڵە، ئەوە یەك.

خاڵی دووەم/ لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە لە ماددەی دوو ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بکرێتە لیژنەی ئۆلۆمپی، نازانم ئەنجومەن لەگەڵ وەرزش شتێکی ئەوەتر دەکات بە رەئی من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر لاو هەیە، پیرە، لاویش هەیە، كاكە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئیەكەی لیژنەی یاساییم لە جیاتی دوو وەكیل یەك وەكیل بێت، دەربارەی تەمەنەكەش بە رەئی من شازدەساڵ بۆ چل و پێنج بێت باشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من مولاحەزەیەك و تەوزیحێكیشم هەیە، بەنیسبەت لیژنەی قانونی تەبیعی (1/7) ئەو پرۆژەیە خوێندرایەوە، جەنابی وەزیر بە كاری رەسمی لە دەرەوە بوو، بۆیە تاخیر بوون لە (2/29) لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین بە تەفسیل دوو جەلسەی موتەواسل، راپۆرتەكانیشمان تەوزیع كراوە، بەنیسبەت ئیلغای فەقەرەكان هی حەوت هی مونەزەمات و فەقەرەكانی تر بە حەقیقەت، ئەوانە بۆیە ئیلغا كراون تەبریرەكە بەم شێوەیە:

یەك/ لیژنەی شەعبی ئیمكان هەیە وەزارەت دروستی بكات.

دوو/ بەنیسبەت یانەو ئیتیحادات قانونی تایبەتی خۆیان هەیە، دووەمینیش ئەو هەیكەلیاتە نایەتە ناو یاسایەكە، بۆ ئەوەی ئێمە تەعریفیان بكەین، هەر بۆیەش ئەو فەقەراتانەمان لاداوە، ئەوە هەر ویستم بۆ تەوزیحی برادەرانی لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر دەربارەی خاڵی شەشەمە كە لاو پێناسەی تەمەنی بۆ دەكات، من ئەوە نامەیەكی ماجستێرم لایە هیچیان راست ناكەن دەربارەی ئەو ساڵەی كە بۆ تەمەن دانراوە، لێرە چەند ئارایەكی تایبەتی هەیە، لێرەش تەناقوزێكی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوە من رام ئەوەیە ئەو تەمەنە لابرێت، واتا ئەو چوارده ساڵەكە بۆ سییەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەقریبەن هی من دوو خاڵ هەندێكی باسیش كرا، ئەوە یەكێكیان نیسبەی تەمەنەكە هەژدە بۆ سی ساڵ باشە، لاو تەقریبەن هەرواشە.

دووش/ لەو دەستەواژانە ناوی كوردستان كەم هاتووە، یەعنی وەزیر: وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی كوردستان، بریكار: بریكاری وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی كوردستان، واتا ناوی كوردستانی تیا بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر تێبینیەكەم لەسەر خاڵی شەشەمە، پشتگیری لە ڕەئیەكەی دكتۆرە دەكەم ئەو تەمەنە لابرێت، چونكە ئەوە وەزارەت دادەنێت بەڕاستی، ئەوی دیكە دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك لێكۆڵینەوەو ئەوەی وەزارەت خۆی دەتوانێت ئەم كارە بكاتن، واتا تەحدید تەمەن بكاتن، كێ لاببات و كێ دانراوە، یەعنی ئەوە پەیوەندی بەو مەسەلەیەوە نییە، ئەگەر داشدەنێن جەنابی وەزیر با بڵێت ئەو پێشنیارەی چواردە بۆ سی ساڵە لەسەر چ ئەساسێك كراوە، بۆ ئەوەی لەبەرچاومان روون بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من حەز دەكەم پشتیوانی لە ڕەئیەكەی خوشكە پەخشان بكەم لە مەسەلەی دیاری كردنی تەمەن، لە كۆمەڵگای مەدەنی ئیسلاحێكیان هەیە پێی دەڵێن (تین ئەیج) ئەو زەمەنانەی كە(teen) هاتووە ثێرتین، فۆرتین هەتاكو نۆزدە، تەبعەن ئەوانە لاو نین، ئەوانە نەوجەوانن، جا زۆر گرنگە كە تۆ تەحدید شتێك دەكەیت ئەو شەخسیەتی تیا نەبێت، تەبیعی، سیازدە ساڵ لاو نییە، نەوجەوانە، كەواتە من پێشنیار دەكەم نەوجەوان ئیزافە بكرێت، ئەمە یەك.

دوو/ لەنێوان دوازدە بۆ نۆزدە ئەوە نەوجەوانە، لە دوای ئەوەشەوە دەبێت بە لاو، جا سی ساڵ دادەنێن، سی و پێنج ساڵ دادەنێن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگیری له لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڵام ئەگەر ئەوانە لابدرێ، بڵێین خاڵەکانی حەوت و (a.b.c)، ئەوە هیچ پاشگەز دەبینیەوە، ئەگەر لاش نەبرا ئەوە ئێمە رایەکی ترمان هەیە سەبارەت بە دروست کردنی لیژنەی لاوانیش بە دانانی یەك بریکار، بەڵام منیش یەك قسەم هەیە لەسەر ئەو تەمەنە هەرچی ژنی نەهێناوە ئەوە لاوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە بەتایبەتی لەسەر تەمەنەکە، ئەگەرنا تەقریبەن ئیجماعە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەمەوێت بەناوی وەزارەتەوە سوپاسێکی گەرمی لیژنەی یاسایی بکەم، کە بە روحێکی زۆر هاوکاریان لەگەڵ ئێمە کرد، بەشێکی زۆر ئەوانەی خوێندیانەوە هەمووی تەعبیر لە رەئی ئێمە دەکات، تەنها خاڵی شەش باس کرا، کە ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر کرد بوو، بۆ مەسەلەی کۆنتراك هەندێ ئەوانە لە سەلاحیەتی وەزارەت دابێتن، بەنیسبەت تەمەنی لاو ئەوەی گرنگە باس بکرێتن لە ولایەتی ئومەمی موتەحیدە لە چواردە ساڵ بۆ بیست و چوار ساڵە، ئەمەی کە ئێستا باسمان کردووە لێی گەڕاوین، دوای دانیشتنێکی زۆر لەگەڵ لاوان هەر هەموویان رەفزیان کرد، پاشان لەگەڵ وەزارەتی لاوان و عێراق قسەمان کرد، ئەوان ئەو تەمەنەیان داناوە، وامان بەباش زانی لە ولاتی فیدراڵدا ئەگەر یەك تەمەن هەبێتن باشتر دەبێتن لە ئاستی فیدراڵ و لە ئاستی کوردستاندا، ئەوەی کاك ئیحسان باسی دەکاتن لەبواری وەرزشدا راستە، بەس ئێمە لە بواری ناودا باس دەکەین، لەناو وەرزش وەکو ئەو ئەشبال و ئەوانە دەتوانین بکەین مانیعم نییە لە مەسەلەی وەرزش ئەگەر بیانەوێت ئیزافەی بکەن، ئۆتۆماتیکی لەگەڵ تەمەنی خوێندن دەبێتن، مەبەستمان تەحدید ناو دەشمانەوێتن تەعبیرێکی قانونی هەبێت، سبەینێ ئێمە ئیلتیزاماتمان هەبێت لە وەزارەت بزانین کە لیژنەیەك دابنین وەزعی بەدواداچوونی لاوان بێتن، بزانین تا چ رادەیەك ئێمە مەسئوولین لە تەمەنیان، لە چ تەمەنێك ئیمە بەرپرسین، ئەگەر وا بێت هەموو وەزارەتەکانی تر دەکەوێتە ژێر باڵی وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە، وابزانم خەڵك گلەییمان لێ دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جەنابت پێت وایە تەمەنەکە بمێنێت لەنێوان ئەوەی کە پێشنیارتان کردووە (14 – 30) بێتن، کاك شێروان لەگەڵ جەنابی وەزیر، ئەندامانی پەرلەمان زۆریان ئاماژەیان بە مەسەلەی تەمەن کرد، زۆر پێشنیاریش کرا کە لابچێتن و مەنتیقەکی تێدایە، ئەوە وەزارەت دەتوانێتن بەپێی ئەوە تەحدید بکاتن، پێویست ناکاتن لە قانوندا هەبێتن بە رەئی من، لەبەر ئەوە ئەگەر جەنابی وەزیر موافیقەو رەئی زۆر لە ئەندامان تەمەنەکەی تێدا نەبێت، لە بواری ریازەدا فوتبۆل عالەمیەن عورفە کە سی و پێنج ساڵ بێت، یەعنی کە یاریزان تەمەنی بووە سی و پێنج ساڵ ئیعتیزال دەکاتن، دەکرێتن نەنووسرێتن، دوایێ خۆی ئەسنافێك دەربێنێتن بۆ ریازەیە، بۆ لاوە، بۆ ئەوانەیە، ئەگەر پێتان باشە ئەو تەمەنە حەزف بکەن لەگەڵ

جەنابی وەزیر، ئەگەرنا پێشنیارەکەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتووە، یەکێکیان داوا دەکاتن سەقفەکەی بگۆڕێتن بۆ چل و پێنج ساڵ، یەکێکیشیان دەڵێتن ئیلغا بکرێتن، هەردووکیان دەخەمە دەنگدانەوە ئەگەر ئێوە رەئیتان نەگۆڕن، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەنتەر هەیە، ئەگەر سەنتەری لاوان دابمەزرێتن، ئێمە دەبێتن ئەو کاتە مەشاکیلی ئەوە دروست دەبێتن لە رووی، یەعنی پێم وایە تەحدیدێکی قانونی بۆ نموونە دەڵێم سبەینێ لاوێك مەشاکیلی بۆ دروست دەبێتن، من بەتەمامە ئۆرگانێکی محامیان دانێم کە دیفاع لەو گەنجانە بکاتن، ئیتر ئەوە زۆر زەحمەت دەبێتن بەو شێوەیە هەموو خەڵکی کوردستان بڵێتن، چونکە تەمەن لێرە زۆر بەرز نییە وەکو ئەوروپا، لە ئەوروپا حەفتا، هەشتا ساڵ بێتن، خەڵکی ئێمە زۆر لە تەمەنی چل و پێنج ساڵی پیر دەبێتن، هیوادارم وا نەبێتن، تەبعەن رێزم هەیە بۆ قەراری پەرلەمان، بەس پێم وایە تەحدید کردن و پێناسە کردن زۆر زۆر گرنگە لە کوردستان با هەموو شتێکمان هەبێتن، لەگەڵ ئەوەمە ئەوەی کاك ئیحسان باسی کرد تەمەنی وەرزشکار جیاوازە، کە باسی لاو دەکەین مانای ئەوە نییە تەمەنی وەرزشکار دەکات، چونکە قانونی تەمەنی وەرزشکار لە دەرەوەی وڵاتیش نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە لە لیژنەی یاسایی بە هەمان شێوە تەئیدی ئەو برگەمان کردووە، پێمان باشە مەسەلەی تەمەنەکە دیاری بکرێت، وەزارەتیش پێوە پابەند بێت بەو تەمەنە، چونکە تەعامول لەگەڵ ئەو تەمەنە دەکاتن لە $(14 - 30)$، بۆیە لە رووی یاساییەوە پێمان باشە بمێنێت، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کەواتە لە تەمەنەکان دوو سێ شتی جیاواز کرا، لەبەر ئەوەی نازانم، جارێ ئەو پێشنیارە دەخەمە دەنگدان زیاتر لە پێنج ئەندام ئاماژەی پێدا کە دەڵێن تەمەن هەر نەمێنێت، فەرموو کاك بارزان نوقتەی نیزامە.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی لاوان دەبێت تەعریف بکرێت، جا شەباب هەیە، شەیخوخە هەیە، ئەمە لە عورفی قانون دیارییە، مەعقولە تۆ وەزارەت دابنێیت نەزانی لاو کێیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوقتەی نیزام نییە ئەوەلەن، دووەمیش شەرت نییە لە قانونـدا دیـاری بکرێـت، ئـەو شـەرتە لـە کـێ هەیـە، دەتوانێت بە نیزام تەحدیدی بکاتن، نیزامێك لە وەزارەت خۆی دەربیخاتن، ئەنجومەنی وەزیـران، وەزارەتـی هەیە، کە پێکهاتووە لە خۆی و لە جێگر و بریکار و چوار موستەشار و ئەو ئەندامانەی کە لە وەزارەتەکانی تر پەیوەندیان هەیە، دەتوانن دانیشن و نیزامێك دەربکەن و نەوجەوان و لاو وەرزشـکار دەتـوانن هـەمووی تەحدید بکەن، ئێستا دوو پێشنیار هەیە، لەبـەر ئـەوەی تەمەنەکـە بمێنێـت، یـان نـا، ئەگـەر زیـاد بکـرێتن، چونکە سێ چوار پێشنیار هەیە، رەنگە زیـاد کردنەکـە بـە نـەزەری ئیعتیبـار وەرنـەگیرێتن، عـەفوم دەکـەی جەنابی وەزیر با قسەکەم تەواو بکەم، دوو پێشـنیار هەیـە یـەکێکیان ئەوەیـە کـە تەمەنەکـە نەنووسـرێت، یەکێکیشیان ئەسڵی پێشیناری لیژنەی یاساییە، فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من دەبێـت ئـەو تەمەنـە بنووسـرێت، چـونکە لاوان بـەپێی ئـەو قانونـە کۆمـەڵێ ئیمتیـازی هەیـە، یەعنی دوای ئەوە تۆ حیسابی ئەوە دەکەیت لە جامیعە، لە سـەفراتی عیلمـی مەسـەلەن ئیمتیـازی هـەبێت، یەعنی ئەمانە هەمووی شمولی دەکات، لەبەر ئەوە دەبێـت تەحدیـدی بکـەین بڵێین لـەوە زیـاتر تەحدیـدی ناکات، عەفو شمولی ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە یەك نوقتەتان هەیە ئەگەر ئەوەی بنووسن مانای وایە پەرلەمان یەك لاوی تێدا نییە، ئینجا حیسـابی خۆتان بکەن، ئێستا چوارمان هەیە تەمەنیان سی ساڵە، ئەگەر ئەوەی تەسبیت بکەین مانـای وایـە یـەك لاو لە پەرلەمان نییە، مادام وایە نوێنەری گەنج لە پەرلەمان نییە، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگـەر ئێمـە تەمـەن لـە ($14 - 30$) تەسـبیت بکـەین واتـا لاوە، ئیـدی هـەموو دامودەزگـای حکومـەتی کوردستان هاتوو کو لاو بە ناوی لاو هاتووە دەبێت لـە سـی سـاڵ پـتر بێـت، لەوانەیـە ناچـار بـین کۆمـەڵێك مـودیر و شەخسـیات ژی لـەوێ جـێ نـاگرێتن ژی عومریـدا مـەجبور دەبـن فەسـلی بکـەن، بـە هەنـدەك مەسئوولیەتێکی مەزنە ئەگەر ئەو تەمەنە تەسبیت بکرێت، کۆمـەڵێ خـەڵکیش ژی عـومرە شـولێکی مـەزن دەکاتن، ئەگەر تەحەمولی ئەو مەسـئوولیەتە دکـەن ئـەو شـولە جـێ بـەجێ دەکـەین، پێکڤـا دێتـە تەسـیبت کرن، چونکە ئەو ئەمرە تەحدید بکات لـە وەزارەت نابێـت، پەرلـەمان ئەگـەر عـومرێکی تەسـبیت کـرد بـە هەموو وەزارەت و موئەسەساتی حکومەتی هەرێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆر کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەڕاستیدا ڕەئی منیش لەگەڵ ئەوەیە تەمەن تەحدید بکرێت، ئەوەی وەرزش دەکات لە هەر عەمرێك دەکات بەسەرەوە حەقی خۆیەتی، ئەوە بۆ وەرزش.**

**بەس لاو ئەوەی لە سی تێپەڕێت بزانێت لاو نییە، پاش ئەمە کاك بەکر فەرمووی لاو زۆر ئیمتیازی دەبێت لە سەفەرە، لە زۆر مەسەلەی تردا وەزارەتی وەرزش و لاوان بەرپرسە بەرامبەریان، بەلآم ئەگەر مەفتوح بێت، هەموو کەسێك وا تەوەقوع دەکاتن کە ئەو ئیمتیازاتانەی هەیە، پاشان مادام ئێمە لەناو عێراقی فیدراڵی دەژین، کە حکومەتی ئیتیحادیش چواردە تا سی ساڵی تەحدید کردووە با تەناقوزییەك نەبێت لەوە، هیچ تەئسیرێك لە ئێمە ناکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە تەمەنەکە تەحدید نەکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە تەمەن تەحدید بکرێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ تەمەن لەنێوان (14 -30) ساڵ وەرگیرا، بڕگەی سێیەمی نووسراوە چوار و پێنج (وكيل الوزير للرياضة والشباب)، ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی کە لەلایەن هەردوو لیژنەکەش پەسند کرا، واتا ئیلغای ئەو فەقەراتانە تەنیا یەك و دوو و سێ و شەش وەربگیرێتن، ئەویتر ئیلغا بکرێت دوو وەکیل وەزارەت دەبێتە یەك وەکیل وەزارەت، فەقەرەی حەوتیش ئیلغا دەکرێتن، ئێستا فەقەرەی یەك و دوو و سێ و شەش دەمێنێتن، وەکیلەکەش یەك وەکیل دەمێنێتن بەناوی (وكيل وزارة لشؤون الرياضة والشباب) کە لە لیژنەی یاسایی ئەسڵەکەی پێشنیار کردووە بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر، دوو لیژنەکەش وەکیل ریازە وشەباب هەروا دەمێنێتن، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، مادده یەکمان تەواو کرد، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، فرسەتیش دەدەین بە وەزیر لەو ماوەیەدا راپۆرتی هەردوو لیژنە بخوێنێتەوە لەگەڵیان دانیشێت ئەگەر مەجال هەبوو ڕەئی خۆشی بڵێت، بۆ ئەوەی وەختەکەمان لێ نەڕوات، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین دوو پێشنیار هەیە، ئێوارە دابنیشین، یان سبەینێ، بەیانی سەعات دە و نیو کۆبوونەوەمان دەکەین، زۆر سوپاس.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتي** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 11\4\2007**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/4/11

كاتژمێر (10،30)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/4/11 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی دووەم, ساڵی (2007) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی گرێدانی یەكەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی كوردستان – عێراق, بەرنامەی كار بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانییەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنەكەمان دەكەینەوە, بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی مادده 20 لە پیرەوی ناوەخۆی ژمارە (1) هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق,دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن لەكاتی (10,30)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2007/4/11 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی یاسای كوژاندنەوەو جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانییەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری وەرزش و لاوان و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان دەكەین بەخێر بێن سەرچاو, هەروەها لەگەڵماندا شاندێكی پەرلەمانی سویسری هەیە, كە چەند ڕۆژێكە بە سەردانێكی فەرمی هاتوون بۆ كوردستان, بریتین لە سەرۆكی شاند (كارلۆس سۆما رۆگا)و ئەندامانی شاندەكە (ئەندریا هیمثری و گالبیرۆف, جاكنیپیقی) زۆر بەخێر بێن سەرچاو، چەند رۆژە

لێرەنە سەردانی هەڵەبجەیان کردووە, ناوچەکانی ئەنفالکراو لە چەمچەماڵ و رەنگە بچنە شێخ وەسانانیش، چەند جێگایەکیان کردووە، دۆستی کوردن و هاوکار بووینە، دەنگیان بەرز کردۆتەوە لە پەرلەمانی سویسرا لە پەیوەندییەکانی خۆیاندا بۆ دیفاع کردن لە کورد، لە سەردانی بەندە بۆ پەرلەمانی سویسرا ئەوان ئەنجامیان دابوو، من لەوێ دەعوەتم کرد بوون، ئێستا ئەوە هەفتەیەکە جەنابی سەرۆکی هەرێمیان بینوەو لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانیش دانیشتوون، دوو بەیانی تەواو دەبێتن، ئەمرۆش حەزیان کرد لەگەڵتاندا دابنیشن، بۆ ئەوەی جەلسەکەمان ببینن، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، لەگەڵ لیژنەی پەروەردە، دوێنێ لە خاڵی یەکەم بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی یاسای وەرزش و لاوان، ماددەی یەکەممان تەواو کرد، چووینە سەر ماددەی دووەم، فورسەتیش بوو بۆ ئەوەی راپۆرتەکانی لیژنەی پەروەردەو پەیوەندییەکان، کە جەنابی وەزیر پێشتر نەیبینی بوو بیخوێنێتەوەو وەلأمەکان و بۆچوونەکانی خۆی بۆ حازر بکات، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم لە ماددەی دووەمەوە دەست پێ بکەن، فەرموون, ئەصڵەکە بخوێننەوە بە هەر دوو زمان, دواتریش رەئی خۆتان لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرك و ئامانجانە دەهێنێتەدی:**

1-بلاَو کردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەکانی بزاڤی ئۆڵمپی و وەرزشی و بلاَو کردنەوەی لەناو کۆمەڵگەدا.

2- دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزشی و چالاکییەکانی بەشێوەیەك بگونجێن لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا.

3- بنیاتنانی جەستەیی و پیشەیی و دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەلأیەتی مرۆڤ بۆ ئەوەی ببن بە ئەندامی چالاك لە کۆمەڵگەدا و بتوانن رووبەڕووی سەختییەکانی ژیان ببنەوە.

4- دانانی بەرنامە و پرۆگرامی پێویست بۆ بەرپا کردنی رابوونێکی وەرزشی بۆ هەموو کەرتەکانی وەرزش و لاوان لە هەرێمدا.

5- هاوئاهەنگی لەگەڵ فەرمانگە میرییەکانی دیکەدا بۆ چارەسەر کردنی کێشە دەروونی و کۆمەلأیەتییەکانی لاوان و دۆزینەوەی هەلی کار کردن بۆیان.

6- کار کردن لە پێناو دابین کردنی پێداویستییەکانی بزاڤی وەرزشی وەك یاریگەو هۆڵ و دامەزراوەکانی دیکەو هەموو ئەو خالأنەی دەبنە هاریکاری پەرە پێدانی بزاڤی وەرزشی و دەرفەت رەخساندن بۆ خەریك بوون بە خولیا وەرزشی, زانستی, هونەری, فەرهەنگی و سەرگەرمییەوە.

7- پشتگیری کردنی یانەو یەکێتی وەرزشی و تیپە میللییە وەرزشییەکان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، بۆ گەشە کردنیان.

8- چاودێری کردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و دابین کردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەکانیان.

9- ئامادە کردنی کادیری هونەری لە بواری وەرزشدا، لەگەڵ مشتوماڵ کردنی شارەزاییەکانیان بە تازەترین دۆزینەوەی زانیارییە زانستییەکانەوە.

10- هاندان، ڕێکخستن و دانانی یاسای پێویست بۆ یارییە میللی و نەریتییە کوردستانییەکان.

11- چاندنی چەمکە دیموکراتییەکان و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بڵاو کردنەوەی بیری کوردستانپەروەری و میللەتپەروەری.

12- بایەخدان بە وەرزشی ژنانەو هاندانی ئەو جۆرە وەرزشە و کارکردن لە پێناو فراوان کردنی و پەرەپێدانی ئاستیدا، هەروەها هەڵ ڕەخساندن بۆ ئەوەی ژنانیش بەشدارییەکی کارا لە هەڵسوڕاندنی کاروباری وەرزشدا بکەن لە هەرێمدا.

13- کارکردن لە پێناو پتەو کردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان لاوانی هەرێمی کوردستان و لاوانی هەرێمەکانی دیکەی عێراق و جیهاندا.

14- دامەزراندن و پتەو کردنی پەیوەندیی بواری وەرزش و لاوان لەگەڵ ڕێکخراو و لیژنە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار.

15-دەستەبەر کردنی چاودێری تەندروستی بۆ لاوان و وەرزشوانان و دابین کردنی پێداویستییەکان بۆیان.

16-گرنگیدان بە توێژینەوەی پەروەردەیی بواری وەرزش و لاوان و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانیان بۆ پەرەپێدانی ئەو بوارانە.

17- سەرپەرشتی کردنی یانە و قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاراستە کردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیڕەو دەکرێن.

18- بە ڕەنگار بوونەوەی بەکارهێنانی ماددە چالاکی بەخشەکان و شێوازە قەدەغە کراوەکانی دیکەی نێو دەوڵەتی.

19- دیراسەت کردنی سیستەمی پیشەگەری وەرزشی و ڕادەی گونجانی لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری بزاڤی وەرزشیدا.

20- بەشداری کردن لە پەرەپێدانی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی وەرزشی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی وەزارەت.

21- کارکردن لە پێناو دەستەبەر کردنی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کۆنگرەو دیدارە وەرزشی و لاوییە هەرێمی و کیشوەری و نێو دەوڵەتییەکان و بەشداری کردن لە چالاکییەکانیاندا.

22- مۆڵەت پێدانی یانەو قوتابخانەو پەیمانگە و یاریگە و هۆڵە وەرزشییە ئەهلییەکان و سزادانیان بە ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵ کردنەوەیان بەپێی یاسا.

23- هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری وەرزشدا بەپێی یاسا.

24- کارکردن لە پێناو پتەو کردنی پەیوەندی و هاوسۆزی لەگەڵ وەرزشوانان و لاوانی کوردستان لە ناوەوەو لە دەرەوەی هەرێمدا.

25- هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بە مەبەستی پشتیوانیی کردن لە چالاکیی وەرزشانەی خوێندکاراندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو خاڵە لیژنەی پەروەردە چیان هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دووەم: لە کۆی ئامانجەکانی وەزارەت کە (25) خاڵە زۆرترینی باس لە وەرزش و پەرەپێدانی دەکات هەر چەندە ئێمە دەزانین کە وەرزش زۆر گرنگە بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، بەڵام ئێمە نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە گەنجان توێژێکی زۆر گرنگی ئەم کۆمەڵگایەن و، دەبێت ئەم وەزارەتە بایەخی تەواویان پێ بدات، لەبەر ئەوە زۆرێك لە ئامانجە دووبارە بووەکانمان لێك داوەو، چەند خاڵێکی تریشمان زیاد کردووە:

1-بڕگەی (1) لەگەڵ (2) لێك بدرێت و, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(دەرخستنی گرنگی بزاڤی وەرزش و چالاکیەکانی و, بلاْو کردنەوەی چەمك و بنەما بەرزەکانی بزاڤی ئۆلۆمپی و وەرزشی لەناو کۆمەڵگادا بەشێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا).

2- خاڵی (3) پرۆژەکە لەگەڵ خاڵی (5) لێك بدرێت و, وشەی مرۆڤ بگۆڕدرێت بۆ (لاو, گەنج), چونکە پەروەردە کردنی مرۆڤ بە وەزارەتێك ناکرێت، بەڵکو کاری هەمە لایەنەی کۆمەڵگایە و, دەقەکە بەم شێوەیە بێت:

(بونیاتنانی گەنج لە رووی جەستەیی و, دەروونی و پیشەیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی کارا لە کۆمەڵگادا بە هاوکاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی لاوان بە گشتی.

3- خاڵەکانی (4،6،7،17) لێك بدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دانانی بەرنامەو پرۆگرامی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزشی و, پشتگیری کردنی یانەو یەکێتیە وەرزشی و تیپە وەرزشیە میللیەکان و, سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانیان و, کارکردن لە پێناو دابین پێداویستیەکانی وەرزش بۆیان.

4- لە خاڵی (8) دەقەکە دەبێتە خاڵی چوارەم و, بەم شێوەیەی خوارەوە:

(بایەخدان بە وەرزشەوانانی بە هرەمەند و بە تواناو پاڵەوانان و خاوەنی پێداویستیە تایبەتیەکان و دابین کردنی بارودۆخی گونجاو بۆیان, کە بتوانن بەردەوام بن لە بەخشینەکانیان.

5- خاڵی (25،9) لێك بدرێت و, بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(ئامادە کردنی کادیری هونەری لە بواری وەرزشدا لەگەڵ زیاد کردنی شارەزاییان بە نوێترین زانیارە زانستیەکان بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

6- خاڵی (10)ی پرۆژەکە وەك خۆی بمێنێتەوەو دەبێتە خاڵی (6) ماددەی پێشنیار کراو.

7- خاڵی (11)ی پرۆژەکە دەبێتە خاڵی (7) بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

(بەهێز کردنی گیانی هاونیشتمانی بوون و لێبوردەیی و داد پەروەری کۆمەڵایەتی و بیری جیندەری لە لایەن لاوانەوە لە رێگەی هاندانی گفتوگۆی فیکری و رۆشنبیری لە نێوانیاندا و راهێنان لەسەر بنەما دیموکراسیەکان و کارا کردنی بەشدار بوونیان لە هەڵبژاردنەکان و چالاکیە خۆبەخشەکان.

8- دەبێتە خاڵی (12) دەقەکە بەم شێوەیە:

(بایەخدان بە وەرزشی ژنان و کارا کردنی رۆڵی کچان و بەشداری کردنیان لە چالاکیە وەرزشیەکان و فراوانکردنی چالاکیەکانی تایبەت بە کچان لە سەنتەرەکانی گەنجان.

9- لێکدانی خاڵی (24،14،13)ی دەقەکە بەم شێوەیە:

(کار کردن لە پێناو پتەو کردنی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان لاوانی هەرێمی کوردستان – عێراق و لاوانی هەرێمەکانی دیکەی عێراق لە رێگەی دامەزراندن و پتەو کردنی پەیوەندی وەرزش و لاوان, هەروەها لەگڵ رێکخراو و لیژنە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار.

10- خاڵی (18،15) لێك دەدرێت بەم شێوەیە:

(دابین کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ وەرزشەوانان و بەرەنگار بوونەوەو نەهێشتنی بەکارهێنانی مادده وزە بەخشەکان و شێوازە قەدەغە کراوەکانی تری نێو دەوڵەتی.

11- دەقی پرۆژەکە (16) وەك خۆی دەمێنێتەوە.

12- خاڵی (17) لێك درا لەگەڵ خاڵەکانی (4،6،7).

13- خاڵی (19) لە دەقەکە وەك خۆی دەمێنێت.

14- خاڵی (20) وەك خۆی دەمێنێت و بەم شێوەیە بێت لەگەڵ چاککردنی دەقە کوردیەکە:

(لە دەقی عەرەبیەکە (وسائل الاعلام) هاتووە لە کوردیەکە بە (هۆ) تەرجومە کراوەکە لە رووی زمانەوە دەبێت (ئامرازەکان) بێت.

15- خاڵی (21) وەك خۆی دەمێنێت و بە زیاد کردنی (لاوان و وەرزشەوانان) لە دوای وشەی نوێنەرایەتی.

16- خاڵی (22) لەگەڵ (23)ی دەقەکە لێك درێت (22) بەم شێوەیەی خوارەوە:

(هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری وەرزشی لە رێگای پێدانی مۆڵەت بۆ یانە و یاریگاو هۆڵە وەرزشیەکان و جێ بەجێ کردنی سزا بەپێی یاسا.

17- خاڵی (24)ی پرۆژەکە دووبارەیە بۆیە پێشنیار دەکەین لەگەڵ خاڵی (14،13) لا بدرێت, خاڵی (25)ی پرۆژەکە لەگەڵ خاڵی (9) لێك درا.

زیاد کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1-بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و کارامەیی زانستی و هونەری لاوان و ئامادە کردنیان بۆ ئایندە.

2- پتەو کردنی گیانی کارکردن و بەرهەم هێنان لای لاوان و لە رێگەی بەرز کردن و گەشە پێدانی توانا پیشەیەکانیان.

3- ناساندنی لاوان بە تەکنەلۆژیای سەردەم و کار پێ کردنی.

4- دروستکردنی سندوقی پشتگیری لاوان بۆ پێدانی قەرز و هاندانیان بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, ئێستاش راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان فەرموو ماددەی دووەم بخوێنێتەوە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی دووەم بەم شێوەیە تێبینیەکانی خۆمان دەخەینە روو:

1-لە برگەی چواردەهەمدا وشەی نیشتمانی بخرێتە پێش نێودەوڵەتییەکان.

2- برگەی (17) لا بدرێت، چونکە:

أ- قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش نییە.

ب- پەیمانگا و یانەو........ تەنها مۆڵەت وەردەگرن و پێویستیش ناکات وەزارەت خۆی لە کاروباری تایبەتی هەڵقورتێنێ.

ت- خاڵی (22) لا ببرێت، چونکە ئەوە کاری وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵایە.

پ- خاڵی (25) هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا ... واتە خوێندنی باڵای بۆ زیاد بکرێ.

ج- خاڵی (26) زیاد بکرێ کە لە زنجیرەدا دەبێتە خاڵی 24 بەم شێوەیەی خوارەوە دابرێژرێ:

(هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەرو رێکخراوەکان بە مەبەستی بایەخدان بە لاوان لە بوارەکانی رۆناکبیری و کۆمەڵایەتی.

ح- زیاد کردنی برگەیەکی تر بەم شێوەی خوارەوە:

(بایەخدان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەستگرتنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆناکبیری و هونەرییان.

خ- هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی گەنجان بەشێوەی گشتی زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس, پێش ئەوەی رەئی وەزیر لەسەر دوو راپۆرتی پەروەردەو پەیوەندییەکان وەربگرین، تەنیا یەك شت دەڵێم وەکو جاری پێشووش باسمان کرد، حەق وابوو لیژنەکان ئەو خیلافاتە یەکلا بکەنەوە لەو خاڵانەی کە کۆك نابن لەسەری, دووش/ لیژنەکان بەتایبەتی لە لیژنەی پەروەردەدا زۆر تەفسیلە خاڵ بە

خاڵ قسەی لەسەر کردووە, پێم وایە دەبێت هەر لەسەر ئەو خاڵانەی کە رەئی هەیە قسە بکات, پێویست دەکات قسە بکات بڵێت ئەو خاڵە لا بدرێت, یان ئەو خاڵە بگۆڕدرێت، چونکە ئێمە ناتوانین خاڵ بە خاڵ بچینە سەر ماددەیەك و هەر لیژنەیەکیش شتێکی هەبێتن، پێم باشە ئەو خیلافانە لێرە بەو شێوەیە کە هاتووە زۆر موشکیلەیە بەڕاستی خاڵ بە خاڵ و لیژنەی یاسایی وای وت و لیژنەی پەروەردە وا دەڵێت و جەنابی وەزیر وا دەڵێت، یان لیژنەی پەیوەندی رەئی وایە، یەعنی ناگەینە نەتیجە بە حەقیقەت، لەبەر ئەوە ئەگەر دیقەتێکمان هەبێتن لەسەر ئەوە باشتر و ئاسانتر بوو، نازانم من دوێنێ رامگرت بۆ ئەوەی ئێوارەکەی دابنیشن و ئەوەی یەك لا بکەنەوە، مەسەلەن ئێستا لیژنەی پەروەردە وای وتووەو لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەی کردووەو رێککەوتووە، ئەو تەفسیلاتە رەنگە کورت ببایەتەوە لەگەڵ لیژنەی یاساییەکە تەوحید دەبوو، بەس دیارە هەر تەنیا ئەوە بووە راپۆرتەکەیان تەقدیم کردووە, جا جەنابی وەزیر رەئیت چییە لەسەر راپۆرتەکانی لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان بە تایبەتی.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێداچووین سەرجەم ئەو تێبینیانەی کە هەبوون لە چەند لاپەرەیەك خستومانەتە بەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان، پێمان وابوو کە لیژنەی یاسایی لیژنەی ئەوەیە، ئەو لیژنەی ئەو راسپاردە گشتییەکان ئێمە رەچاومان کردووەو لەسەر ئەوانەش ئەگەر چەند دەقیقەیەك تەماشای بکەین، ئەگەر جەنابتان رەئیتان هەبێت لەسەری تا ئەو تێبینیانەی ئێمە داومانە، ئەوەی کە موافیقین لەسەری ئیزافەی بکەین، ئەوەی موافیقیش نین لەسەری پێویستی بە موناقەشە هەبێت موناقەشەی دەکەین، ئەگەر جەنابیشت شتێکی تر و راسپاردەیەکی ترت هەبێت و کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو لیژنانە بکەین, ئەوەش دیسان مومکینە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لەگەڵ بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان دانیشتین لەسەر ئەو ماددەیە زۆر بە تێرو تەسەلی قسەمان کرد، دوای ئەوەی هەردوولا کۆك بووین لەسەر ئەوەی کەوا خاڵەکان رێك بخەین، شەش خاڵمان بۆ دانا کە ئێستا لە راپۆرتەکەمان هەیە، ئەگەر بەڕێزتان ئەمر بکەن کاك کەریم بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی سەبارەت بە ماددەی دووەم بەم شێوەیە:**

**ئەوەی پەیوەندیی بەماددەی دووەمی پرۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە ئەمانەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:**

**1-خستنە سەری دوو بڕگە بە زنجیرەی سێ و چوار بۆ ئەرك و فەرمانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**بڕگەی (3- هاو ئاهەنگی وهاریکاری لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزش لە حکومەتی فیدراڵیدا بکرێت بە مەبەستی خزمەتکردنی بزووتنەوەی وەرزش و لاوان لە هەرێمی کوردستان وعێراق)دا.**

**(4- هاوئاهەنگی و هاریکاری لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانی بکرێت لە پێناو گەشە پێ کردنی واقیعی وەرزشی لە کوردستانی عێراقدا).**

**2- هەموارکردنی زنجیرەی بڕگەکان بەپێی گۆڕانکاریەکان.**

**3- داڕشتنەوەی بڕگەی (3) لە پرۆژەکەدا بەم جۆرەی خوارەوە:**

**(بنیات نانی مرۆڤ لە رووی جەستەیی و سایکۆلۆجی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە تاکو ببێتە ئەندامیکی شیاو لە کۆمەڵگادا کە بتوانێ بەرەنگاری بارگرانی ژیان بێتەوە.**

**4- لابردنی رستەی (بڵاوکردنەوەی بیر) لە بڕگەی (11) لە پرۆژەکە و دانانی رستەی (بەهێزکردنی گیانی ئینتیما) لە شوێنی دا.**

**5- دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی (19) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**(ئاراستەکردنی پیشەکاری وەرزش بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بۆ چوونەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بگونجێ لە پێناوی گەشە پێ کردنی بزووتنەوەی وەرزش دا.)**

**6- (4) بڕگەی نوێی تر بخرێنە دوای برگەی (25) لە پرۆژەکەو بە زنجیرەی (29.28.27.26) بن بەم جۆرەی خوارەوە:**

**26- بڵاوکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی و گیانی کارکردن بە کۆمەڵ لە ریزەکانی وەرزشوانان و لاواندا.**

**27- کارکردن لە پێناو بیرۆکەی کاری خۆبەخشی لە لای وەرزشوان و لاواندا.**

**28- گەشەپێدان و دەستەبەرکردنی بوار لەبەر دەم بەهرە زانستی و ڕۆشنبیری و هونەریەکانی لاوان تاکو توێژێکی باوەڕ بەخۆی ڕۆشنبیری داهێنەر پەروەردە بکرێت.**

**29- کارکردن لەپێناو هێنانەکایەی بزوتنەوەیەکی هوشیار و زیندووی لاوان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، خۆی ئەو ئیختیلافانەی لەنێوان لیژنەکاندا هەیە، ئەگەر دیقەتی بدەینێ زۆر خیلافاتی قوڵ نین، دەمجی چەند خاڵێکە لە خاڵەکان، پێشنیاری چەند خاڵێکە، ئەگەر ئێوە کەسێك قسەی هەیە بە عام, هەندێك قسەی لەسەر بکەین, باشە ناوەکان دەنووسم، ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەگەر کەسێکم لە بیر کرد بێت پێم بڵێن (کاك ئیحسان، کاك ئارام، کاك بەکر، خاتوو پەخشان، کاك جەعفەر، کاك جەمال، کاك حاتەم، کاك بەڵێن، ملا سەعدەدین، خاتوو شوکریە، کاك تارق، کاك تەڵعەت، کاك عادل، کاك عوسمان، کاك**

**غەفور، كاك محەمەد فەرەج، كاك محەمەد رەفعت، كاكە حەمەی حاجی مەحمود، دكتۆرە هالە، خاتوو تاڤگە, كاك بارزان، خاتوو گوڵناز, خاتوو سارە) كەسم لە بیر چووە، كاك ئیحسان فەرموو.**

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**پشتگیری رەئیا پێشنیارێ لیژنا یاسایی دكەین بۆ بابەتێمە كورت بووی، چەند تێبینیەك هەبوو ئەوان ئیشارەت پێ دایە, وەكو لیژنا وەرزشی چەند تێبینیەك هاتینە ئەوژی تەواو پشتگیریا دەكەین، هەندێ خالی تر هەنە پێتیڤی نزانم بێنە ئیزافە كرن، لە فەقەرە یەكێ ماددە دووێ كو تو بێژی بزاڤا وەرزشی، ئۆلۆمپیش جوزئێكە لە بزاڤا وەرزشی، رەئیا مە ئەگەر نێتە خوارێ ئۆلۆمپی ڤێرێ بزاڤا ئۆلۆمپیش دەگرێتەوە.**

**دووەم/ لە فەقەرە چارێ یا هاتیە چارەسەر كردن بەندەكی تازە لە لیژنا یاسایی ئیزافە كریەو لەگەڵ بەندا (25) یەكتر دەگرنەوە، ئەگەر بێتە یەكتر گرن دێ باشتر دەبێت.**

**لە فەقەرە شەشێ (كار كردن لە پێناو دابین كردنی پێداویستیەكانی وەرزشی وەك یاریگاو هۆڵ و دامەزراوەكانی دیكە)، ئەڤە هاتە ئێرە ڤێ كافییە، ئەویتر هەمی زێدەیە بێتە لابردن، ئەوە دبێژیت هەموو ئەو خالانە دەبنە هاریكاری پەرەپێدانی بزاڤی وەرزشی دەرفەت رەخساندن و بۆ خەریك بوون، ئەوە زیادە بە رەئی من.**

**لە فەقەرە حەفتێ ببێتە سەرپەرشتی كردن و پشتگیری كردنی یانەو دامەزراوەكانی وەرزشی لە رووی مادی و مەعنەوی بۆ گەشە كردنیان، ئەو فەقەرەیە یەكێتی وەرزشی بە ئیعتیبار یەكێتی دامەزراوەكە سەربەخۆیە سەر بە ئۆلۆمپیەوەیە عایدی وەزارەت نیینە، یەكێتیە لابرێت جێهی وی ببێتە دامەزراوێكی وەرزشی، دامەزراوی وەرزشی تیپەك میللی دەگرێتەوە، فوتابخانە ئەهلییە وەرزشی وەردەگرێتەوە، پشتگیری ئەوە بێتە كرن لە رووی مادی و مەعنەوییەوە، ئەڤە ئەز دبێژم لێرە هەبێتن.**

**لە فەقەرە هەشتێ جێی چاودێری كردن ببێتە بایەخدان بە وەرزشوانان و بەهرەمەندان دێ باشتر دەبێت و پێویستر بێتن.**

**فەقەرە حەفتێ گەل یەك دووت دەگرێتەوە، ئەگەر هاتوو ببێتە سەرپەرشتی كردن و پشتگیری كردن دێ ئێك بگرنەوە.**

**فەقەرە (22) گەل (23) هەردوو فەقەرە ببنە یەك فەقەرە، ببێتە هاندانی كەرتی تایبەت لە بواری وەرزشی بەپێی یاسا، بۆ مۆڵەت پێدانی یانەو فوتابخانە.......**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك ئیحسان وەختت زیاد وەرگرت یەكەم جار, جەنابت ئەندامی لە لیژنەی پەیوەندییەكان، دەبوایە لەوێ ئەو مولاحەزاتانە بدەیت، لێرە ناكرێت خۆت ئەندامی لەو لیژنەیە، ئەگەر لەو لیژنەیە نەبوایە فەیدی ناكات، رەئیەكانت لەوێ تەرح كردبوایە و گەلاڵە كرا بوایە، ئەگەر وا بێت هەر ئەندامێك وەكو لیژنەیە بۆ**

ئێمە زۆر زەحمەت دەبێتن، داوای لێبوردن دەکەم، زۆر سوپاس، خاڵی نیزامە، پێشنیارێکی باشە بڕگە بە بڕگە، بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەی بکەین، تەنیا لەسەر بڕگە یەك قسەی دەکەین باشە، ئەوانەی ناویان نووسیووە قسەیان نییە، دەتوانن بڵێن لەو بڕگەیەدا قسەمان نییە, خاڵی نیزام کاك غەفور.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونەکان بە زۆری ئێمە مادده بە مادده گفتوگۆمان کردووەو بڕگە بە بڕگە کاتێکی زۆرمان لێ دەباتن، بەڕاستی بەشێوەیەکی گشتی بێتن باشترە، بۆ سوود وەرگرتن لە کاتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، ئەو ماددەیە لە هەموو ماددەکان گرنگترە، چونکە مەهامی وەزارەتە، من لەگەڵتم وەختێکی زۆرمان دەوێت، بەڵام ئەگەر لیژنەکان پێشتر تەوحیدی رەئیەکانیان کرد بوایە، ئەو وەختی ئەو ماندوو بوونەمان بۆ نەدەبوو و ئەو ئیشکالەشمان بۆ دروست نەدەبوو, فەرموو.

**بەڕێز بکر فتاح عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم خۆشم قسەکەم هەر ئەوە بوو ناوم تەسجیل کرد, ئێمە بۆ ئەوەی وەختمان بە فیڕۆ نەچێت, ئەوە خەریکە دەورەکەمان تەواو دەکەین هەر بە موناقەشە کردنی مەشروعی وەزارەتەکانە، کۆمەڵێك قەزایەی گەورە هەیە عیلاقەی هەیە بە چاك کردنی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێویستە قسەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوە مەسەلەن دوێنێ لیژنەکان راپۆرتی خۆیان خۆێندۆتەوە، ئێستا مادده بە مادده دەیخوێننەوە، ئەندامی لیژنەکان دەچن موناقەشە دەکەن، ئەو برادەرانەی کە لە لیژنە دان پێویست ناکات، خۆیان چوون لەوێ موناقەشەیان کردووە، لێرە جارێکی تر پێویست نییە دیسان موناقەشە بکەنەوە، من تەنها قسەکانم لەبەر ئەوەیە با وەخت بە فیڕۆ نەدەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر موافیقن لە سەعات (12،30) پشوویەك دەدەین نیو سەعات، هەرسێ لیژنەش لەگەڵ جەنابی وەزیر دابنیشن تەوحیدی رەئیەکانیان بکەن لەسەر بڕگەکەو ئەو ماددەیە دواتر هین دەکەین، کێ موئەیەدە لەسەر ئەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، هەمووی موافیقن، بڕۆ بۆ ماددەی سێ تکایە، کاك ئارام خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەی ئەو ئەندامانەی پێشنیاری تریان هەبێت، بۆ زیاد کردنی بڕگەیەك کە نەهاتووە، مەسەلەن کە پێویست بێت باس بکرێت لەگەڵ لیژنەکاندا دابنیشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێیەم:

1- وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە ئاراستە کردنی کارەکان و سەرپەرشتی کردنیان و چاودێری کردنی چالاکییەکان و هەڵسەنگاندنی کار و بەجێهێنانەکان، هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکان کە پەیوەندییان بە کاروباری وەزارەت و بە پێکهاتەکانیەوە هەیە لە لایەنە یاسایی و کارگێڕی و وەرزشی و هونەرییەکانەوە لە سنووری ئەم یاسایەو یاسا پەیڕەو ڕێنماییە کاراکانی دیکەدا لەوەوە دەردەچن، وەزیریش دەتوانێت هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە کەسانی دی، هەر خۆشی لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرس دەبێت وەك ئەندامێکی لێ پرسراو تیایدا.

2- هەردوو بریکاری وەزارەت ئەو کار و ئەرکانە بەڕێوە دەبن کە وەزیر پێیان دەسپێرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هەروەکو وەزارەتەکانی دیکە پێشنیارمان کردووە، کە سێیەم و چوارەم بکەینە یەك ماددە، چونکە هەمووی پەیوەستە بە تەشکیلاتی وەزارەت، وەکو ئەوەی ئێستا کاك کەریم بۆمان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

**پێکهاتەکانی وەزارەت**

یەکەم: وەزیر/ سەرۆ کی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا و سەرپەرشتی چاودێری کردنی چالاکیەکانی و لەوەوە ئەو بڕیارو ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و کارگێڕی و ڕێك و پێکی بە پێی حوکمەکانی یاساوە هەیە و لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بەو کەسەی کە وەزارەت بە شیاوی دەزانێ.

دووەم: وەکیل وەزارەت/ یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کارەکانی دەکات لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لەلایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆ ی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

سێیەم: ڕاوێـژکاران/ وەزیـر  چـەند ڕاوێـژکارێکی هەیـە و نابـێ ژمارەیـان لـە چـوار ڕاوێـژکار پـتر بێـت، بـۆ کاروباری بـەڕێوە بردنـی وەزارەت یاریـدەی دەدەن بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئەرکـەکانی ئەمـەش بـە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و پێشنیازی پێویست دەبـێ و وەزیـر بـۆی هەیـە بـە پێـی پێویسـتی وەزارەت لـە خـاوەن پسپۆڕی جیاواز هەڵیان بژێرێ و ڕاستەوخۆ پێیەوە دەبەسترێنەوە.

چوارەم: نووسینگەی وەزیر/ فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات و بـەڕێوەی دەبـات بـە پلـەی بەڕێوەبـەر کـە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە  فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

پێنجـەم: نوسـینگەی بریکـاری وەزارەت/ فەرمانبـەرێك سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات بـە پلـەی بەڕێوەبەر کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت و ژمارەیەك لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

شەشـەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ڕاگەیانـدن و پەیوەندییـەکان/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

حەوتـەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـلان دانـان و بـەدوا داچـوون/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامـەیی بێـت بـۆ  ماوەیـەك لـە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

هەشـتەم: بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی کاروبـاری کـارگێری و دارایـی/ بەڕێوەبـەرێکی گشـتی خـاوەن بڕوانامـەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

نۆیـــەم: بەڕێوەبەرایەتیـــە گشـــتیەکانی وەرزش و لاوان لـــە پارێزگاکـــانی هەرێمـــدا/ هەریـــەك لەوانـــە بەڕێوەبەرێکی گشتی خـاوەن بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆ سـەرۆکایەتی دەکـات و بـەڕێوەی دەبـات کـە خـاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت بۆ  ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو وەزارەتەکانی تر تەنها ئیکتیفامان کردووە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و، خوردمان نەکردۆتەوە بۆ بەڕێوەبەر و هۆبە و بەش و ئەوانە، وەکو ئەوانی تر بۆ ئاگاداری خوشك و برایانی بەڕێز.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر نەصی عەرەبیەکەش بخوێنیەوە پێشنیارەکەتان.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**3- أما فيما يتعلق بالمادتين الثالثة و الرابعة من المشروع تقترح اللجنة دمجهما ضمن المادة الثالثة تحت عنوان ( تشكيلات الوزارة ) وصياغتها كالآتي :-**

**تشكيلات الوزارة**

**أولاً: الوزير: هو الرئيس الأعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها و الإشراف و الرقابة عليها و تصدر عنه و تنفذ باشرافه جميع القرارات و الأوامر و التعليمات في كل ماله علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الفنية و المالية و الإدارية و التنظيمية وفق أحكام القانون و يكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه و له تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة أو المدراء العامين أو من يراه مناسباً في الوزارة.**

**ثانياً: وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الإشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة.**

**ثالثاً: المستشارون: يكون للوزير مستشارون على ان لا يزيد عددهم عن اربعة يساعدونهم في اداء ادارة شؤون الوزارة وتنفيذ مهامها بتقديم المشورة والمقترحات الضرورية له يختارهم الوزير حسب حاجة الوزارة من الاختصاصات المختلفة ويرتبطون به مباشرة .**

**رابعاً: مكتب الوزير: يرأسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**خامساً: مكتب وكيل الوز ير: يرأسه و يديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ويعاونه عدد من الموظفين.**

**سادساً: المديرية العامة للاعلام والعلاقات: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**سابعاً: المديرية العامة للتخطيط و المتابعة: يرأسها و يديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة و الممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**ثامناً: المديرية العامة للشؤون الإدارية و المالية: يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**تاسعاً: المديرية العامة للرياضة والشباب في محافظات الاقليم: يرأس كل منها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة لمدة لاتقل عن عشر سنوات.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**زۆر سوپاس، راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەكان تەقریبەن مولاحەزاتیان هەموو یەك شتە, تەنیا لە راپۆرتی رۆشنبیرییەكان پێشنیارێكی تێدایە كە مودیریەتێك زیاد بكرێت، حەز دەكەم ئاماژەی پێ بكەن، كاك ئاریز.**

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ماددەی سێیەم و چوارەم تێکەڵ کراوە، تەئیدی ئەو تێکەڵ کردنە دەکەین کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، بەڵام لە ماددەی چوارەم کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەو تێبینیانەمان هەبووە:

1-بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندیەکان و ڕاگەیاندن لابرێت، چونکە پێویست بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناکات و دواتر بەپێی پێڕەوی ناوخۆ وەزیر دەتوانێ هۆبە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی پێویست بکاتەوە.

2- پێمان باشە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و هونەرە میللیەکان زیاد بکرێت، ئێمە دەزانین لە کوردستان کۆمەڵێك وەرزش هەیە، کۆمەڵێك کاری هونەری هەیە، کە لە کلتوری کوردستان، لە کلتوری میللەتەکەی خۆماندا هەیە، خەریکە بەپێی زەمن لەبیر دەچێتەوە، بەپێی زەمن خەریکە نامێنێن، لە بەرامبەریشدا وەرزش و کارە هونەرییەکانی تری وڵاتانی دەرەوە دێن زاڵ دەبن، ئێمە لە پێناوی پاراستنی ئەوەی کە ماوەو لە پێناوی ژیاندنەوەی ئەوەی کە لە ڕابردووشدا هەبووە، پێمان وایە بەڕێوەبەریەتیەکی گشتی پێویستە، بەتایبەتی گرنگی بەو لایەنە بداتن، من یەك نموونە دەهێنمەوە لەو مەسەلەیە، ئێستا لە ئەوروپا یارییەك هەیە پێی دەڵێن گۆڵف، لە کوردستان لە ڕابردوودا هەمان یاری هەبووە بە تۆزێك گۆڕانکاری بەناوی ڤاشوانێ، کە مامۆستا کاکە ئیشارەتی پێ کرد, ئێستا ڕەنگە زۆربەی زۆری ئێمە نەزانین ڤاشوانێ چیە؟ لە کلتوری کورددا، لە مێژووی کوردستاندا ئەو یاریە هەبووە، زۆر لە یاری تریش لە کوردستاندا دەکرێن، یەعنی دەکرێت بە دەیان یاری وەرزشی بژمێرین و بنووسین، ئێمە پێمان باشە لەمەودوا ئەو وەزارەتە ڕۆڵی هەبێتن لە بووژاندنەوەی کلتوری کوردستان و ڕۆڵی هەبێتن لە بووژاندنەوەی یاری و کارە هونەریەکان و کارە وەرزشیەکانی کوردستان، بۆیە داوامان کردووە ئەو وەزارەتە بکرێتەوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بکرێتەوە ئەوەمان پێ باشتر بووە هەبێتن لە بەڕێوەبەرایەتیەك بۆ پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن، ئەوە لە وەزارەتەکانی تریش هەر وا هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیوەندی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن نەبووە، هەر بەڕێوەبەر بووینە، نەك بەڕێوەبەرایەتی، هۆبە بووینە.

3- هەر پارێزگایەکی هەرێم بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی وەرزش و لاوانی هەبێ، پشتیوانی لە پێشنیارەکای لیژنەی یاسایی دەکەین و دەستیان خۆش بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سۆزان چ خیلافێکت هەیە لەسەر لیژنەی یاسایی و پێشنیاری لیژنەی پەیوەندییەکان, ڕەئیت چیە پێش ئەوەی ڕەئی جەنابی وەزیر وەربگرین.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە لەگەڵ ئەو لێکدانەی ماددەی سێیەم و چوارەمین، بەڵام پێمان وابوو کە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەبێتن بۆ کاروباری لاوان و، بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەبێتن بۆ کاری

وەرزش، لەبەر ئەوەی با ئەو دووانە تێکەڵ نەکەین، لەبەر ئەوەی گەنجەکانمان پێویستیان بە شوێنێك هەیە، سەنتەرەکان، ڕێکخراوەکان بچن ئەو کارو چالاکیانەی کە دەیانەوێت بیکەن ڕوو بکەنە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەی کە ئەوان بەدەوری خۆیان بەرزی دەکەنەوە بۆ وەزیر، هیوادارم وا بێت، چونکە بەڕاستی ئێمە وامان پێ باشە، ئیتر نازانم جەنابی وەزیرش دەڵێ چی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئی لەسەر ئەو دوو پێشنیارە تازەیە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت زۆر بە دیقەت لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسەمان کردووە، جارێ لە ڕووی ئەوەی کە تۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە دیوانی وەزارەتت هەبێت، ئەو کاتە دەبێت لە پارێزگاکان بکرێتە بەڕێوەبەرایەتی، یەعنی مەرکەزیەتێك لە وەزارەت دروست دەبێت لەسەر حیسابی موحافەزات، ئەوە دژی تەوجوهاتی فیدراڵی کوردستانە، ئەوەی ئێمە تێگەیشتین لەو ڕاسپاردەیەی کە لە لیژنەی یاسایی بۆ ئێمە کرا، دەنا لە ئەسڵی پرۆژەکەدا هەبووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشیش هەبێتن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوانیش هەبێت، بەڵام ئەوە زەحمەتە لە ڕووی قانونییەوە موشکیلە دروست دەکات، بەنیسبەت ئەوەی تر کە کاك ئارێز باسی کرد، ئەوەی ڕاستی بێتن ئێمە تەوەجوهێکی ترمان هەیە بۆ پەیوەندییەکان، ئێمە جالییەکی یەکجار گەورەمان لەگەڵ ئەوە هەیە، بۆیە پێم وایە ئەو جالیە کوردیە لە دەرەوە دەبێت بەتایبەتی گەنجەکان کە سەرچاوەیەکی زۆر گەورەی کوردستانن بە مەکینەیەکی پەیوەندی چالاك و ڕاگەیاندنێکی چالاك و پەروەردەیەکی چالاك دروست دەبێت، یەعنی دەمانەوێت ئاستی ئەوە بەرز بکەینەوە، ئێمە سوورین لەسەر پێشنیارەکەی خۆمان و دەمانەوێت پشتگیری لێ بکرێت، چونکە بیر کردنەوەیەکی قوڵی لە دواوەیە حەز دەکەم ئەوەی بزانن، بۆ ئەوەی یەکێك لەو شتانەی کە ئێستا ئێمە دەستمان پێ کردووە کەمپێکی هاوینیەو گەنج لە دەرەوە بێنین لێرە تێکەڵ بکەین و بەتایبەتی کە ئێستا ئەگەر تەماشای بکەین وڵاتانی دیکە کە تازە پێگەیشتووینەو خەڵکێکی زۆریان لە دەرەوە بووە، لەو تاقانەی دەرەوە ئیستیفادەیان کردووە، ئەوە مەکینەیەکی گەورەی پێ ئەوە دەبێتن و، ناکرێت دیسان لە ڕووی یاساییەوە هەر هەمان ئەشکال دروست دەبێتن، وەرزشت دانا لەگەڵ ئەوە دیسان ئەو ئیشکالە دروست دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئەوە ڕەئی لیژنەی قانونییە، ڕەئی جەنابی وەزیریشە، ئەگەر لیژنەی پەیوەندییەکان موسیرە لەسەر ڕەئیەکەی خۆی بۆ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و تیپە میللیەکان، ئەوە برِێك موناقەشەی دەکەین، دوایێ دەخەینە دەنگدانەوە, ڕەئیتان چییە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر رەئی خۆی نەدا لەسەر كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و هونەرە میللیەكان، رەئی خۆی نەدا ئەوە یەك، حەزمان كرد گوێمان لێی بێت، ئینجا ئەوەی تریش كە باس دەكات بۆ پەیوەندییەكان لە دەرەوە ئەگەر بەڕێوەبەرایەتیەك هەبێت، دەتوانێت باشتر پەیوەندی بە دەرەوە بكات، ئێمە پێمان وا نییە ئەو ئیشە تەنیا بە بەڕێوەبەری گشتی بكرێت، بەڵكو جەنابی وەزیر خۆی سەرپەرشتكار و خۆی بڕیاردەر و لە خوار جەنابی وەزیریش وەكیلی وەزیر دێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تر هەنە، دەكرێت ئەگەر هۆبەش بێت، یان تەنیا بەڕێوەبەرایەتیش بێت، دەكرێت هەمان ئەو ئەركانەی كە جەنابی وەزیر باسی دەكاتن جێ بەجێی بكاتن و بڕوا دەكەم هیچ تەگەرێك و هیچ ئاستەنگێك لەوەیدا نابێتن، تەنیا ئەوەی ئێمە دەمانەوێتن ئەو بەڕێوەبەرایەتیەمان پێ باشترە، ئەویتریشمان پێ باشتر نییە، یەعنی تۆزێك لەو ئەوەیەش كەمتر دەكەینەوە لە بەڕێوەبەرایەتی و لە ناوەندەكانیش كەمتر دەبێتەوە، رەنگە بۆ راپەڕاندنی ئیش و كارەكانی وەزیر و وەزارەتیش ئەوە باشتر بێت پێشنیارەكەی ئێمە، بۆیە ئێمە سوورین لەسەر ئەو پێشنیارەی خۆمان، پێمان وایە وەكو وەزارەتەكانی تر پێویست بەوە ناكات و، بەڕێوەبەرێك بە ئاراستە كردنی جەنابی وەزیر، یان بە رێنماییەكانی كە لە وەزارەت دەردەچن دەتوانن هەمان ئەو ئیش و كارانە جێ بەجێ بكات، كە جەنابی وەزیر باسی كردووەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەكم هەیە تەنیا لە پێش ئەوەی ئەو مەوزوعەی بكەینەوە، ئەوانی تر رەئی لیژنەی قانونی بەنیسبەت هەموو وەزارەتەكانەوە شتێكی تەبیعییە، ئەوەی كە جێگای باس كردنە پێشنیاری لیژنەی پەیوەندییەكانە، تەنیا مولاحەزەیەكم هەیە لە موستەشارین، ئایا موستەشارین وەكو وەزارەتەكانی تر پێویست بە شەهادەی بەكالۆریۆس ناكات، پێویست بە خیبرە ناكات كە ئاماژەتان پێ نەكردووە لێرە، نەمدیت لەو هینەی كە باستان كردووە، دەڵێت (ثالثأ: المستشارون) ناڵێت لە هینەكانە، لێرەش نەتووتووە لەوێش نەتووتووە, بێنە لەوێ دەیڵێیت، تۆ لێرە لە هەموو مودیریەتەكان دەڵێی (یرأسە مدیر عام)، دەبێت لەوێش بڵێی موستەشارەكان چین وەكو وەزارەتەكانی تر، دەبێت دەرچووی كۆلیژ بن و خیبرەیان هەبێت، بەڵێ جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن ئێمە هەندێك بە قەسدی ئەوەمان كردووە، چونكە لاوان گرفتێكی زۆر گەورەیان هەیە ئەو مەرجەی كە دانراوە، ئەگەر راوێژكارێك دانرێت لە وەزارەت بەو مەرجانە بێت، دەبێت پیرێك ببێت بە راوێژكار لە شوئونی لاواندا، ئەوە خاڵێكی زۆر زۆر گرنگە.

دوو/ ئەگەر ئیجازە هەبێت تەعلیقێك لەمەی برایان بدەم لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەوەی راستی بێت پێمان وایە ئەو کارەی کە جەنابت باست کرد بەڕێوەبەرایەتیەك دروست دەبێت لەناو وەزارەتدا عەکسی ئەوە، دوای ئەوە تێکەڵی دروست دەبێت، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و ئەوەکانت دانا، دیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئەو خاڵەی کە ئۆرگانێکی گەورە موقابیلی ئەوە دروست دەبێتن، پێم وایە ئێمەش سوورین لەسەر ئەوەی کە بمێنێت و بیر کردنەوەیەکی جددیشمان کرد لەسەر ئەو مەوزوعە، هەر لە ئەساسدا ئێمە لەگەڵ کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکان بووین بەشێوەیەکی بەرفراوان، لیژنەی یاسایی ئەوەی کرد، هەم لە رووی مالییەوە موشکیلەیەکی گەورە دروست دەکات، هەم لە رووی دەسەڵاتەوە تێکەڵ بوونی دەسەڵاتی پارێزگاکان و دیوانی وەزارەت موشکیلە دروست دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم پرسیارەکەم بەنیسبەت موستەشار بوو، بۆیە دەمزانی وەڵامەکەت وایە، چونکە وەرزش هەر دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، دەبێت پسپۆر بێت لە بواری خۆیدا، خەڵك ناسیاو بێتن لەو پسپۆریەدا، یەعنی لە جیاتی ئەوەی داوای شەهادەی بەکالۆریۆسی لێ بکەیت دەبێت تەرکیز لەسەر پسپۆریەکە بکرێت، کەسێك هەبێتن تەقیمی ئەو پسپۆریەی بکاتن، بۆ ئەوەی جەنابیشت ئیحراج نەبیت، من سبەی پێت بڵێم دەبێت ئەوەی بکەیە موستەشار بە قسەم بکەیت، مەقصەدم ناوی خۆم دەهێنم ناوی کەس تر ناهێنمەوە، قانونێك هەبێتن بۆ ئەوەی پابەند بێ پێی، مەسەلەن خیبرەی هەبێتن، مەشهور بێتن لەناو خەڵکدا، ریازیەك بێتن، وەجهێك بێتن خەڵك بیناسێت، مەسەلەن فتبۆلی فەریقی مونتەخەبی هەولێر بێتن، چەند ناسراوە دەیکەیتە موستەشار تەبیعییە، دەوراتی دیوە لە بوارەکانی تردا، شارەزایی هەیە لە فەریق و مەسائیلی تردا، دەبێت ئەوە ئاماژەی پێ بکەن، لەسەر پێشنیارەکەی کاك ئارێز کەس قسەی هەیە، کاك تەڵعەت خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر لەسەر پێشنیاری لیژنەی پەیوەندییەکان، ئەو مەسەلەی بەڕێوەبەرایەتیەکان بۆ هونەرە میللیەکان بکرێتەوە، بەڕاستی پێشنیارێکی لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە دەرگای موناقەشە دەکەینەوە، دەزانن ئەو ناوانەی کە نووسراوە ئەوان دەبێت قسە بکەن، چونکە ئەوانەی کە سەرەتا ناوم نووسین لەسەر هەموو ماددەکان قسە بکەن، دەبێت لەو ناوانە بێتن، باشە ناوتان دەنووسم، فەرموو پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی حەز دەکەم ئەو تێبینیە بدەم، کە تەشکیلاتی هەر دەستەیەك، یان هەر وەزارەتێك، یان هەر شوێنێك باس دەکەین لەسەر ئەساسی ئەو ئەرك و ئامانجانەیە کە وەزارەتەکە دەیگرێتە ئەستۆ، چونکە

ئێستا من پێشنیارێکم هەیە بۆ ئێرە، لە ماددەکەی پێش ئەوە پێشنیارێکم هەبوو ئەمە دەگونجێت لەگەڵ ئەوە، بەلاّم دەیلێم بە دابڕاوی لەگەڵ ئەو ئامانجەی بۆچی پێشنیار دەکەم، ئەمە یەك.

دوو/ منیش لەگەڵ ئەو رەئیەم کە موستەشار لە بواری وەرزش و لاواندا پێویستە پسپۆری هەبێت و, مەوزوع هەر ئەوە نییە گەنجێك ببێت بە راوێژکار لە وەزارەتدا، هەموو ئێمە پیرەکانیش بە گەنجیەتی تێ پەڕیووین و، ئیختیصاصات هەیە لە مەوزوع نالێم غەرقی بکەین لە پیر، بەلاّم ئیختیصاص لە بواری وەرزش، هەندێك ئیختیصاصات لە بواری عیلم نەفس و هەتا دوایی، یەعنی ئەمانە لام وایە پێویستە.

منیش لەگەڵ مودیریەی ئیعلام و عیلاقات، رەنگە هەندێك بە هینی دەبینم، دەشێت لەجیاتی ئەوە مەکتەبێك هەبێتن، یان قسمێك هەبێت ئیش و کاری عیلاقات بێت، لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان، بەڕاستی من تۆزێك لام وەستا، زیندوو کردنەوەی یارییە میللیەکان، ئەوان دەڵێن وەرزشی میللی، بەس رەنگە یاریە میللیەکان دەقیق تر بێت، یەعنی یاریە میللیەکان لەسات و سەردەمێك بووە ئیمکانیات نەبووە وەکو ئێستا، بۆ هەندێ یاری و ئەوانە تۆپێکمان لە پەڕۆ دروست دەکرد لە جیاتی ئەوە، ئێستا شتی تر هەیە ، ئەوە من نالێم نەبێت، رەنگە مودیریەتێك بێت لە یەکێك لە مودیریەتە گشتیەکان، بەنیسبەت من لەگەڵ ئەوەم مودیریەتێکی گشتی هەبێت بە تواناسازی ئافرەتی گەنج، چونکە مەسەلەی (شابات) ئێستا لە هەموو دنیا و لە بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتیەکانیشدا بایەخێکی تایبەتی پێ دەدرێت، بۆیە ئێمە لە کوردستاندا زۆر زۆر پێویستمان بەوەیە، ئەگەر ئەو مودیریەتە هەبێت، ئەو وەختە خۆی نەخشە و پلان دادەڕێژێ، بۆ چۆنیەتی گەشەدان بە توانی ئافرەتە لاوەکان، منیش لەگەڵ ئەوەم دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆ وەرزش و بەڕێوەبەرایەتیەکیش بۆ لاوان، ناگەڕێمە سەر ئەوە چونکە دێینەوە سەری، زۆرینەی وەزارەت ئینسان وا هەست دەکات قورسایی خراوەتە سەر وەرزش، بەلاّم لاوانیش ئەرکێکی هەرە گەورەی ئەو وەزارەتەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ وەکیل وەزیرەکە لادراوەو کراوە بە وەکیلی وەزیر، ئەوە باشە، ماددەی چوار لە فەقەرەی سێ دەکرێتەوە بە وەکیل وەزیر، ئەو دوانەی خوارەوەیان لادەبرێت، دەبێت بە (وكيل الوزارة لشؤون الرياضة والشباب). فەقەرەی پێنج من پێم باشە (المديرية العامة للعلاقات الخارجية والداخلية) و لە خوارەوەش (أو ب) بکرێت (المديرية العلاقات الخارجية والداخلية). لە فەقەرەی حەوت (المديرية العامة للتخطيط) بکرێت بە (المديرية العامة للتخطيط والمتابعة). فەقەرەی یەك و دوو بکرێتە (المديرية التخطيط والمتابعة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئیزافەیەك و تەوزیحێکم هەبوو بۆ ئەوەی کاك ئارێز، کاك ئارێز مەبەستی وەرزشە میللیەکانە، کە وتت هونەرە میللیەکان، ئەوە ڕەنگە ئیشی وەزارەتی توراس و شتی تر بگرێتەوە، یەعنی تەحدیدی ناوەکان بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە حەمەی حاجی مەحمود.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەی وەرزش و ئەوانە بەشێکە لە ژیان، بۆیە پێم وایە ئەو وەزارەتە گرنگیەکی باشی پێ بدرێت، هەندێك لەوانەی من ویستم باسی بکەم پەخشان خان باسی کرد، من لەگەڵ ڕەئیەکەی ئەو بووم، دەربارەی مودیر عام بە ڕەئی من یەك مودیر عام هەبێت، چونکە دوو مودیر عام ئەوانە  هەمووی شتەکان مومکینە بمێنێتەوە بۆ وەزیر خۆی ئەوانە دەستکاری بکات، تا ئێستاش مەسەلەن زۆربەی وەزارەت، یان جەنابی وەزیر بتوانێت ئەوانە ڕێك بخات، چونکە تا ئێستاش وەرزش سەر بە حیزبەکانە ڕێکی بخات، بەڕاستی ئێستا هەندێ شت پەیدا بووە لە شوێنەکانی تردا هەیە لەناو وەرزشدا دەبینم لەو ڕۆژانە گۆڵ دەگۆڕنەوە، یەعنی نوقتە دەگۆڕنەوە، دوو یانە عایدی یەکێکە دەچێت گۆڵ خۆی دەداتێ، بۆ ئەوەی نەدۆڕێ، مەسەلەن ئێستا یانەی هەولێر یانەیەکی زۆر بەهێزە، باوەڕ ناکەم یانەکانی تر لێی ببنەوە، چونکە بەتوانایە، بەڵام لەو ڕۆژانە خۆیدا بە دۆراندن بۆ ئەوەی یانەیەکی تر بدۆڕێنێ، جا لەبەر ئەوە ئەو شتانە نەمێنێت شتێکی زۆرباشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ ئێستا کۆمەڵێك بڕوانامەی جۆراوجۆری وەرزشی و پسپۆری و کارگێڕی وەرزشی هەیە، کە دەکرێت ئێمە بەڕاستی ئیستیفادە لەو جۆرە خەڵکە موختەسسانە بکەین بۆ ڕاوێژکاران بەدی دێنن وەکو مەرجێك، یان وەکو شەرتێك دابنرێت بۆ ڕاوێژکاران شتێکی زەرورییە، کە کۆمەڵێك خەڵکی بەتوانای وەرزشیمان هەیە لە دەرەوەی وڵات توانیویانە ئەو بڕوانامانە بەدەست بێنن، هەم شارەزایی بواری کارگێڕیشیان هەیە دەتوانن وەکو ڕاوێژکار دەورێکی ئیجابی ببینن، ئەمە یەك.

دوو/ سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك ئارێز بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، پێم وایە ئەمە دروست کردنی بیروکراسیەتی زیاترە، پێشنیارەکە لە جێی خۆیەتی، بەڵام بە تەنها بە بەڕێوەبەرایەتیەك چارەسەر دەکرێت و ئەوەش لە زیمنی دەسەڵاتی وەزیر دادەبنرێت لە تەشکیلی وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دكتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (المدیریە العامە للاعلام والعلاقات) منیش پێم وایە مودیریەتێكی عامەی پێویست ناكات مەكتەبێك هەبێت باشترە لەوەی كەوا مودیریەتێكی عامە هەبێت، ئەو مولاحەزتانەی تر كە هاتبوون بەنیسبەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی هونەرە وەرزشیەكان، من پێم وایە شتی وا ئەگەر هونەر بێت پێویستە پەیوەندی بە وەزارەتی رۆشنبیریەوە بێت، ئەگەر وەرزشە پێویست بەوە ناكات، مودیر عامێكی بۆ دروست بكەین، تەنها دەتوانرێت لەگەڵ مودیر عامی ریازەدا لێرە مودیریاتێكی بۆ بكرێتەوە، هەر ئەوەندە تێبینیەم هەبوو لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك حاتەم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی دەمویست تەرحی بكەم كاك دكتۆر ناصح و كاك ئارام باسیان كرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دكتۆرە شوكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رەئیەكەی من لەگەڵ رەئی كاك ئارێزە، كە دەبێت بەڕێوەبەرێكی گشتی هەبێت بۆ یارییە میللیەكان، چونكە من هەم وەكو پسپۆڕێكی بواری توراسی میللی، یارییەكان ئێمە دەیانخەینە بەشی وەرزشەوە، ئێستاش پەیوەندییەكی تایبەتی هەیە، بە دەیان كتێبیشمان هەیە، تەنانەت من قوتابیەكم هەیە ناوی سیروان عەلافە خەڵكی هەولێرە، بابەتی تەخەروجی لەسەر یارییە میللیەكان و پەیوەندی بە یارییە جیهانیەكانەوە كردووەو هەمووشی بە وێنەوە رەسم كردووە، هەتا من پێم وت تۆ ناتوانیت سەركەوتوو بیت لەو بابەتە، وتی مامۆستا من شتێكت بۆ دەكەم بزانە دەگەیتە قەناعەت، یان نا، بیلفیعل زۆر زۆر سەركەوتوو بوو لە یارییە میللیەكاندا چۆن بەستیویەتەوە بە یارییە جیهانیەكان، ئەمە خاڵێك.

دوو/ دەتوانن لە رووی مەیدانیەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان سوودێكی تایبەت وەربگرن لەو یارییە میللییانەی كوردی خەڵكی كرماشان، هەروەها لەناو فەیلیەكان و لەناو خانەقین، ئینجا گەشتێكی تر بكەین بۆ دهۆك، پاشان بێینەوە بۆ هەولێر، ئینجا بچینەوە بۆ سلێمانی، كە ئێمە دەتوانین دیراسەیەكی مەیدانی چاك بۆ ئەو یارییانە بكەین.

ڕەئیشم لەگەڵ کاك ئارام یەك دەگرێتەوە، کە بەڕاستی پێویستە ئێمە سوود لە کۆلیژی وەرزش وەربگرین بۆ هەڵبژاردنی ڕاوێژکار، ئیتر لە هەموو زانکۆکانی هەموو کوردستانیش ئەو لایەنەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ئەندامن لەو سێ لیژنەیە، مەفروزە ڕەئی خۆیان گوتووە لە لیژنەکانی خۆیان، یەعنی پشتگیری دەکەن، دووبارەی نەکەنەوە، کاك ئارێز خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لەو ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنەکەی ئێمە ئامادە نەبوونە، لەبەر ئەوە بڕوا دەکەم ڕەئییان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا دەبوایە بڵێی ئامادە نەبووینە تاکو بە غایبیان بنووسی لە ڕاپۆرتەکە، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان لە چەندین دانیشتنی پەرلەمان باسمان کرد، ئەوە دەسەڵاتی جەنابی وەزیرە، یەعنی بەڕاستی وەکو بانێك و دوو هەوای لێ هاتووە، لە هەندێك وەزارەت زۆر بە توندی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی موناقەشە دەکات، لە هەندێ وەزارەت دەڵێین لە دەسەڵاتی وەزیرەو هەقە کۆتایی پێ بێت، یەعنی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان وەزیر دەسەڵاتی خۆیەتی بەپێی وەزارەتەکەی دایانێت.

دوو/ مەسەلەی پسپۆر، نازانم ئەگەر وەرزش فیعلەن خەڵکی شارەزاو پسپۆر ئەگەر ئیعتیماد نەکرێت لەسەر مەسەلەیەك، چۆن بە پسپۆر دایدەنێت، یەعنی ئەگەر لە کوردستانیش خەڵکی شارەزامان نەبێت بۆ پسپۆر لە وەزارەت هەقە لە دەرەوە بێنین، چونکە بەڕاستی زەرووره ئەوانەی ڕاوێژکاری وەزیرن، ئەو چوار کەسە دەبێت زۆر شارەزاییان هەبێت، بۆ ئەوەی گەشە بە وەرزش بدرێت، ئەگەر ئێمە کەسێکمان نەبێت تەخەروجی کرد بێت لە لایەنی وەرزشیەوە، چۆن دەتوانێت گەشە، یان پەرە بە وەرزش بدات، حەتمەن دەبێت ئەوانە یەکلایی بکرێتەوەو پسپۆر بن، ئەگەر لە کوردستانیش نەبێت، دەبێت لە دەرەوە بیانهێنن، یەعنی ناکرێت خەڵکێکی پسپۆر نەبێت بچێت وەرزش ئەوە بکات.

خاڵێکی تر لە بڕگەی شەش باسی دابین کردنی پێداویستیەکانی بزاڤی وەرزش دەکات، ئەوە هەقە بەڕاستی بەپێی پێکهاتەی وەرزشی لە کوردستان، ئەوە وەزارەت مولزەم بکرێت بۆ جێ بەجێ کردنی پێداویستی یانە وەرزشیەکان، یانەی وەرزشی لە کوردستان، ئەگەر پلەی یەك و دوو و سێ هەیە، پێویستە هەموو یانەیەك وەزارەت پێی مولزەم بێت نەسریەی بۆ دابین بکات، هەم زەوی یاریگای بداتێ، ئێستا هەندێ یانە هەیە دەرەجە یەکە لە کوردستان ساحەی تۆپێن هەیە هی وا هەیە مومتازە نیەتی، ئەوە هەقە یەکلا بکرێتەوەو تیپی میللی چی بۆ دەکرێت یەکلایی بکرێتەوەو، یانەکان چیان بۆ دەکرێت یەکلایی بکرێتەوە، دەرەجە یەك ئەوەی بۆ بکرێت، دەرەجە دوو ئەوەی بۆ بکرێت، دەرەجە سێ ئەوەی بۆ بکرێت، هیچ جارێکی تر

**کەس موناقەشە نەکات، لەبەر ئەوە یاسایەك هەبێت وەزیر پابەند بێت بەو یاسایە، هەم بۆ مەسەلەی زەوی و هەم بۆ مەسەلەی نەسرییە، چونکە ئەگەر ئێمە هەر قسەی لەسەر بکەین وەرزش وا پێش ناکەوێت، مەفەرەزەیەك پێشمەرگە بێت بڵێن ئەوە وەرزشوانە، فیعلەن وەرزش ئەوەیە ئێمە چەند یاریزانمان لە بوتولەکانی دنیا دەبێت گەشە بکات و پێ بگەن و بەشدار بکەن، ئەوەیە گەشە دەکات و پێش دەکەوێت، بۆیە ئەوە پێشنیار دەکەم ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، لێرە ئەو یانانەی کە هەنە وەزارەت مولزەم بێتن و زەویشیان بداتێ و نەسرییەشیان بۆ دابین بکات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەشێکیان ئەرکەکانن، کاك بەڵێن فەرموو.**

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تێبینیم لەسەر ئەو دە ساڵە هەیە بۆ بەڕێوەبەری گشتی، ئێمە لە هیچ وەزارەتێکی دیکە ئەو مەرجەمان بۆ بەڕێوەبەری گشتی دانەناوە، تەنها لەو وەزارەتەدا هاتووە، کە پێم وایە ئەهمیەتی شارەزایی و کارامەیی بۆ بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتەکانی تر گرنگتر بوو، نەك لەوان، لەبەر ئەوە من ئەو دە ساڵە بە زیاد دەزانم، وەکو وەزارەتەکانی دیکە ئەو دە ساڵە لابدرێت، تەنها کارامەیی و شارەزایی بمێنێتەوە، ئەوە خاڵی یەك.**

**دوو/ پشتگیری لە لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیریش دەکەم، بەڕاستی بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندی و ڕاگەیاندن زۆر زۆر گرنگە لە وەزارەتی وەرزش و لاوان بمێنێتەوە، ئەوەی کاك ئارێز باسی دەکات بە بەڕێوەبەرایەتیەك ئیمکانە ئیدارە بکرێتن، دەکرێت وەزارەت خۆی سبەینێکە ئەو وەزارەتە بۆ یارییە میللی و هونەرە میللیەکان دابنێت، ئەوەیان بە عکسەوەیە من وای دەبینم، ئەوەی پەیوەندی ئەوانە گرنگترە لەوەی کە کاك ئارێز باسی کرد، ئەویان بە بەڕێوەبەرایەتیەك چارەسەر دەکرێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تەئیدی لیژنەی عیلاقات دەکەم، کە بەڕێوەبەری گشتی ئیعلام و عیلاقات زیادە، چونکە لە هەموو وەزارەتەکان ئەوەی کە شارەزا بێت سەیری مونەسیبی جیهازی ئیعلام بکەین لە وەزارەتەکان بریتییە لە سێ چوار کەس زیاتر نییە، یان کامیرەکە موساعیدیتی، یان ڕەسامێکە، یان مەسئوولەکەی تەکلیف دەکاتن لەگەڵ تەلەفزیۆنەکەی، بۆیە ئەگەر بکرێتە مەکتەبێك موباشەرەتەن عایدی وەزیریش دەبێتن، مەکتەبێك ئیعلام بێت عایدی عیلاقات بێتن و وەزیر خۆی ئیشرافی لەسەر بکاتن، ئەمە خاڵێك.**

دوو/ ئێمە لێرەدا خاڵی نۆ دەڵێت مودیریە عامەی ریازەو شەباب بۆ هەموو موحافەزەکان دانراوە، کە لە هەمووی زیاتر موهیمە، دەبێت مودیریە عامە لە مەرکەزی وەزارەتدا هەبێت بۆ ریازەو شەباب، ئەو مودیریاتانە لە موحافەزەکان سەر بە کێ دەبن، کێ مەرجەعیان دەبێت، رەئسەن وەزیر و وەکیل وەزیر دەبێت، لەبەر ئەوە زۆر زەرورییە مودیریەتی عام لە مەرکەزی وەزارەتدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر رەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لە تێبینیەکانم گوترا، بەس ئەوەی کە دەمەوێت برادەرانی لیژنەی یاسایی لەم ئیزدیواجەی بەڕێوەی دەبات و سەرۆکایەتی دەکات، سەرۆکایەتی لە بەڕێوەبەرایەتیەکاندا نییە، ئەوە لابرێت (یدیرها ویرأسها).

دووەمیش/ تەئکید لە رەئیەکەی کاك ئارام و برایانی لیژنەی یاسایی دەکەم، پەیوەندی و راگەیاندن لە وەزارەتی وەرزش و لاوان گرنگە و جیایە لە وەزارەتەکانی دیکە، رەنگە زۆربەی ئیشەکانیان پێك دەهێنێت.

خاڵی سێیەم/ پشتگیری لە رەئیەکەی کاك ئارام دەکەم، هەرچی راوێژکارە، راوێژکار دەبێت هەڵگری بڕوانامەی نەك زانکۆیی بێت، بالأش بێت، بەلاَم لە جیاتی ئەوە ئێمە شارەزامان هەیە، شارەزا ئەو کەسانەن کە لە مومارەسەدا شارەزاییان پەیدا کردووە، بەس ئەوانە عینوانی راوێژکار، یاخود موستەشار وەرناگرن، موستەشار ناکرێت تەعین بن، دەکرێت بە عەقد بێت لەگەڵ زانکۆ، لەگەڵ دەرەوەدا، ئێمە ناکرێت خەڵکی نەخوێندەوار بکەینە موستەشار، لەبەر ئەوەی هەر ئەوەمان هەیە، نیمانە لە شوێنی تر بێنین، بۆ ئەوەی بیناتێکی پتەو بۆ داهاتوو دادەنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی یارییە میللیەکان منیش پێم باشە ئەو یارییە میللییانە بپارێزێن و گەشەیان پێ بدرێت، بەلاَم لە رێگای مودیریەتێك، نەك بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی، بەڕێوەبەرێکی هەبێت کافیە، پێم وایە بە رەئی من.

دووەم/ دەربارەی راوێژکارەکان, منیش بە پێویستی دەزانم دیاری بکرێن، ئەو راوێژکارانە پێویستە پسپۆر بن لە ئیش وکارەکانی خۆیان و تەئیدی رەئی برادەرانی تر دەکەم.

سێیەم/ دەربارەی دە ساڵ بۆ بەڕێوەبەری گشتی کە کاك بەڵێن باسی کرد و تەرحی کرد، منیش پشتگیری لە رەئیەکەی دەکەم، پێم وایە لە چ وەزارەتەکانی تر ئەو مەرجە بۆ مودیر عامەکان دانەنراوە، ئەوەش تەرك بکرێت، بۆ جەنابی وەزیر پێم باشترە لەگەڵ وەزارەت.

چوارەم/ موديريەتی عامی عيلاقات و گەياندنيش، منيش هەر تەئيدی رەئی برادەران دەكەم بە زيادی دەزانم، چونكە ئيش وكارەكانيان يەكجار زۆر نينە، تەنيا بە بەشێك وەكو ئێستا و پێشتريش هەبووە لە وەزارەتەكان كافيە بۆ ئەو بەشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە تەئكيد هەرچەندە من لەگەڵ گەورە كردن و فراوان كردنی قەوارەی وەزارەتەكان نيم، چونكە ئەوە ئەركێكی گەورە دەبێت لەسەر باری ئابووری هەرێمی كوردستان، بەڵام بە حەقيقەت من هەرچەند ئەندامی پەيوەندييەكانم لەو كۆبوونەوەيەدا لەوێ نەبووم، ئێستا زۆر بە فراوانی پشتگيری ئەو خاڵە دەكەم، بەنيسبەت دانانی بەڕێوەبەرايەتيەكی گشتی بۆ ياريیە مىللييەكان، چونكە ئەمانە زۆر موهيمە، هەندێ ياری هەيە مەسەلەن ئێستا ئەو ياری دەستە تەنها لە پاكستان و هندستان و بەريتانيادا هەيە، بەڵام لەبەر ئەوەی گرنگييان پێداو و نشونماييەكی گەورەی هەيە ئێستا خەريكە دەبێت بە ياری جيهانی، لەبەر ئەوە زەروورە گرنگی پێ بدرێت، بەنيسبەت پەيوەندييەكان، بە رەئی من ئەوە زيادە بەڕێوەبەرێكی گشتی بۆ دروست بكرێت، چونكە لە دەرەوە چەند جولانەوەيەكی وەرزشيمان هەيە لەناو ئەو خەڵكەی كە هەمانە لە دەرەوە، زۆر مەحدودە، لەبەر ئەوە بە بەڕێوەبەرايەتيەكی بچووك، يان نووسينگەيەك كە جەنابی وەزير دەست نيشانی بكات، دەتوانرێت ئەو كارانە بەڕێوە ببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پشتگيری لەو رەئيە دەكەم كە دوو بەڕێوەبەرايەتيی گشتی هەبێت لە ئاستی وەزارەت، يەكێك بۆ وەرزش و، يەكێكيش بۆ لاوان، هەروەها لە ئاستی پارێزگاكان و ئەو ناوچانەی كە هاوشێوەی پارێزگان لەوێش بەڕێوەبەرايەتی گشتی هەبێت، دواتر دەسەڵات بدەينە وەزير خۆی هەر بەڕێوەبەرايەتی بكاتەوە، يان هەڵيوەشێنێتەوە.

سەبارەت بە راوێژكار و پسپۆر، من پشتگيری ئەو رەئيە دەكەم، پێويستە راوێژكار پسپۆر بێت لەو بوارەی كە ئيش لێ دەكات، تايبەت بە وەرزش و لاوان و، تێبينی ترم هەيە لەسەر ئەوەی لە بڕگەی چوار لە كۆتاييدا هاتووە دەڵێت بە جۆرێك كە هەموو نەتەوەو ئايينەكانی هەرێمی كوردستان بگرێتەوە، من پێم باشە ئەمە لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەو دەستەواژەيە ئەوە دەگرێتەوە كە جياكاری هەيە لە نێوان

نەتەوەیەك و نەتەوەیەكی تر، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە گوتراوە راوێژكار، راوێژكار هەموو كەس دەگرێتەوە كە مەرجی تیا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی قانونی ئەمەیان لابردووە، كاكە لە راپۆرتی لیژنەی قانونی لابردراوەو تێیدا نییە، لیژنەی قانونی لەگەڵ جەنابی وەزیر بە ئیتیفاق لایان داوە، گولناز خان فەرموو.

**بەڕێز گولناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە پێشنیارەكانی لیژنەی یاسایی دەكەم و ئەو دە ساڵە هیچ پێویست ناكات لێرە، چونكە وەرزشی كارێكی زیاتر لاوانەیەو، پسپۆرەكانیش رەنگە لە تەمەنێكی كەمتر دابن، بۆیە ناكرێت ئەو دە ساڵە بكەین، لە دەقە ئەسڵەكە دەڵێت وەزیر چوار راوێژكاری بە گرێ بەستی دەبێت، ئەمە شتێكە نابێت، دوایی ئاماژە ئەدا بەچوار راوێژكاری تر بەپێی پسپۆڕیان لە هیچ وەزارەتێك ئەمەمان نییە، جیاوازییەكی زۆر هەیە لەدەقە عەرەبیەكەو دەقە كوردیەكە لەو بەندە، بۆیە دەكرێت جارێكی تر لیژنەی یاسایی لەدانیشتنەكەیاندا بایەخ بەو خاڵەش بدەن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سێ خاڵ هەیە لەبەر رۆشنایی ئەو قسانەی ئێوە كردتان، یەكێكیان بریتییە لەوەی كە زۆریان قسەیان كرد گوتیان ئەو مودیریەتە زیادە (مودیریەی پەیوەندییەكان و ئیعلام)، دەكرێت بكرێتە مودیریەتێك، لەبەر ئەوە لێرە شەتب بكرێتن، ئەگەر خال بە خاڵ بێت، بۆ ئەوەی كۆتایی پێ بێنین، ئەگەر لیژنەی قانونی و جەنابی وەزیر موافەقەت دەكەن شەتبی بكەن، ئەوە باشە، ئەگەرنا دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من (2) ساڵ لە دەرەوە بوومە دەزانن كوردستان فەقیرە لە پەیوەندییەكان، دەزانن ئیهمالی دەرەوە زۆر كراوە، پێش فەترەیەك جەنابی جێگری سەرۆكی حكومەت لێرە بوو لە كۆبوونەوەیەكدا باسی فەشلی پسپۆرو ئەوانەی كوردستانی كرد، وتی ئەوەی هەیە ئەمەیە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت فیعلەن گۆڕانكارییەكی گەورە بكرێت، دەبێت مەكینەیەكی پەیوەندی گەورە بخەینە كارو لاوانی ئێمە بەشێك لەوانە دەبن، من ئەو پەیوەندیانە نابینم كە لە رێگای مەكتەبێكی بچووكەوە بتوانن ئەو كارە وەكو پێویست ئەو ئینتیزارە لەمەدا هەیە بكرێتن جێ بەجێ بكەم، ئەگەر بێتو ئەوە نەبێتن، خۆی من ئیسرار دەكەم لەوە ئەولەویەتی ئەوە لەگەڵ ئەوە جەنابی كاك ئارێز باسی كرد ناكرێتن موقارەنە بكرێتن، ئەوەی كاك ئارێز باسی كرد بە تەئكید وەكو بەڕێوەبەرایەتیەك ئێمە بیرمان لێ كردۆتەوە، وەكو لە لیژنەی یاسایی ئەوە كراوە لە سەلاحیاتی ئێمەدا دەبێت، سوورم لەسەر ئەوەی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ڕەئیەكە هەندێك برادەر تەرحیان كرد مودیریەتەكە زیادە، كێ پێی وایە ئەو مودیریەتە گشتیە بۆ پەیوەندییەكانی دەرەوە، پێی وایە زیادەو نابێت هەبێتن، یەعنی پێشنیاری هەندێ برادەران قسەیان لەسەر كرد كێ پێی وایە ئەوە لابرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ پێی وایە دەبێت بەڕێوەبەرایەتی هەبێتن دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ دەبێت بەڕێوەبەرایەتی هەبێت، ئەوانەی كە وتیان نابێت هەبێتن (27) كەس بوون.

خاڵی دووەم/ مەسەلەی ڕاوێژكارەكان وابزانم ئەوە پێویست بە دەنگدان ناكاتن، چونكە موافەقەتیان كرد كە دەبێت پسپۆر بێتن لە بواری خۆیدا، ئەوە ئیعتیادییە.

خاڵی سێیەم/ پێشنیارێكی لیژنەی پەیوەندییەكانە، دەڵێت دەبێت بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەبێت، زۆر كەسیش تەئیدی كرد، بەڕێوەبەری گشتی بۆ مەسەلەی تیپە میللیەكان و یاریزانەكان، بۆ وەرزشی میللی و تیپە میللیەكان، هەندێ برادەریش قسەی بۆ كردووە، وابزانم جەنابی وەزیریش مانعێكی وای پیشان نەدا، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێشنیاری لیژنەی گشتییە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتییە زیاد بكرێت لە تەشكیلاتی وەزارەت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (34) ئەندام، كێ لەگەڵ ئەوەیە پێویست ناكات ئەو ڕەئیە هەبێتن، یەعنی پێچەوانەی ڕەئیەكەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، (31) ئەندام، كەواتە ئەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە زیاد بكرێت، (34) بە (31) بوو، ئەگەر وەكو یەك بوایە ئینجا ڕەئیم دەدا، لە قازانجی تیپە میللیەكانە، بۆیە نیوەی موافیقم، بەڵێ.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەتا لە حكومەتی مەركەزیش هیچ مودیر عامێك نابێت لە دە ساڵ كەمتر خزمەتی هەبێت و، ئێستاكە دەڵێت موتەبەعە، ئەگەر كاتی خۆی چەند كەسێك بە موخالەفە دانراوە، ئەوە شتێكی ترە، لام وایە ئێستا لە حكومەتی هەرێمەوە چەند تەعلیماتێك دەرچووە، كە نابێت بەڕێوەبەری گشتی خزمەتی لە دە ساڵ كەمتر بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە زۆر وەزارەتەكانی تریشدا ئەوە كە پسپۆری دەوێتن، وەكو هەندەسەیە، دكتۆرییە، دەبێت ئەو دە ساڵە بنووسرێتن، بۆ ڕاوێژكار و مودیر عامیش، سۆزان خان خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو كەس هەڵستاین و تەئیدی مەوزوعی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان و بەڕێوەبەرایەتی وەرزش جیا بكرێتەوەو، هەروەها خاڵەكەی پەخشان خانیش تواناسازی ژنان و كچان هیچی ئەوانە نەخرانە ژێر باسەوە، بۆیە ڕەنگە جەنابی وەزیریش هەڵستا وتی لیژنەی یاسایی وتویانە ناقانونییە، بۆچی ناقانونییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن ئەگەر بە تەنیا یەك ئەندام، یان دوو ئەندام خاڵێكیان پێشنیار كرد، موتەبەعە ئەگەر شەش، یان حەوت كەس هەمان خاڵ پێشنیار بكەن، دەبێتە پرۆژەیەك و پێشنیارێكی تازە هین دەكەن، ئەگەر یەك رەئی بداتن و رەئی لیژنەی قانونی نەنووسرا بێت و جەنابی وەزیر پشتگیری لێ نەكاتن، ناتوانن بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، چیتان پێشنیار كردووە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئەوەمان كردووە، لەبەر زۆر بوونی كێشەی لاوان و، لەبەر ئەوەی ئێمە جۆرێك لە سەنتەری گەنجان و لاوانمان هەیە و، پێویستە ئەوانە سەرپەرشتی بكرێن، چونكە ئێستا بڵێین تەمویل كردنی ئەوان لە رێگای حزبەكانەوەیە، ئێمە حەز دەكەین وەزارەت هەڵستێت بەو كارە، لەبەر ئەوە داوامان كردووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان هەبێتن، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش، (19) ئەندامی لیژنەی پەروەردەو لێرەش دوو برادەر هینی كرد، هەروەها زۆر ئیسرار دەكەین لەسەر مەوزوعی تواناسازی كچان، حەقی خۆیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من نازانم تەبعەن جەنابی وەزیر قسە دەكات، بەس سەد وەزارەتیش هەبێتن رێگا ناگیرێتن حزبیەك بیەوێتن تیپی میللی خۆی هەبێتن، یەعنی وەرزشی خۆی هەبێتن، جەنابی وەزیر رەئیت چییە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن پێم وایە لێرە ئەوانەی دەمانناسن و ئەو فەترەی كە ئیش دەكەین، لە مەسەلەی تواناسازی كچان هیچ قسوریمان نەكردووە، من پێم وایە دروست كردنی هەیكەل لەو پرۆگرامەی كە ئێمە هەمانە شتێكی زۆر زۆر ئەساسییە تەنانەت لە سەفەرێكدا بۆ كۆریا من فەرزم كردووە لەسەر رێكخراوەكان یەك كچ و یەك كوڕ نەمهێشتووە ئەوە ببێتن، من پێم وایە ئەگەر كچیش جیا بكرێتەوە لە كوڕ تووشی ئیشكال دەبێت، لەبەر ئەوە جیاوازی دەخەیتە نێوان ئەو دوو توێژە، ئەوە لایەكی بابەتەكەیە.

لە لایەكی تر، تەبعەن جەنابی سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكایەتی دەزانن حكومەتی كوردستان، ئێستا چونكە ئەو وەزارەتە نوێیە زۆر گەورە بكرێتن، هێشتا ئیمكانی ئەوەی هەیە هەموار بكرێتن دوای فەترەیەكی تر مەجالمان پێ بدەن لەسەر ئەو پرۆگرامەی دامانرێشتووە، لەسەر ئەو هەیكەلیاتەی كە هەیە ئێمە كار بكەین تووشی مەكینەیەكی گەورە نەبین راستیەكیشتان پێ بڵێم ئێستا ئەو قانونە دەربچێتن سەرئێشەی ژمارە دوو ئێستا شوێنێك بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی خەڵك تێدا بن، چونكە شوێنمان نییە خەڵك تێدا بن، ئەوەش مەسەلەیەكی ترە، من حەز دەكەم ئەوە بڵێم لیژنەی یاسایی كە لیژنەیەكی پسپۆر بووە لەو مەوزوعە، ئێمە ئامۆژگاری ئەوانمان سەد لە سەد بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، دەنا بەڕێوەبەرایەتی

وەرزش و لاوان وەكو دوو پێشنیار لە ئەساسدا هەبوو، لەسەر پێشنیاری بەڕێزیان ئێمە ئەو بیركردنەوەمان كردەوەو دووبارە گۆڕیمان و، ئیشكالاتی فەنی دروست دەكاتن مەسەلەی موخاتەبە لەگەڵ پارێزگاكان، ویستومانە پارێزگاكان سەربەخۆیەكی زیاتری هەبێتن لەسەر حیسابی ناوەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە لیژنەی پەروەردە موسیرە لەسەر پێشنیارەكەی خۆی، ئەگەر سەحبی ناكاتن با بیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من موسیرم ئیتر نازانم برادەران، ئەگەر نوێنەری ئەوان بم من موسیرەم لەسەر ئەوەی وا بێت باشترە، وابزانم بەو دوو بەڕێوەبەرایەتیە هیچ شتێك هەڵئاوساو روو نادات لە حكومەتی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیارەكەت بخوێننەوە، موناقەشە كراوەو رەئی جەنابی وەزیرش زانیوەو لیژنەی یاسایی، وەكو لیژنەی پەیوەندییەكان دەخەینە دەنگدانەوە، تكایە گوێ بگرن بۆ پێشنیاری لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەكەین كە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەكان بەم شێوەیەی خوارەوە بێت، پاش ئەوەی وەزیر و مەكتەبی وەزیر و ئەوانە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی لاوان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش، ئەو دوو شتە با جیا بكەینەوە، ئەوە داواكەی ئێمەیە، ئیتر باقیش وەكو خۆی بمێنێتەوە زۆر ئیعتیادییە، بەلام توانازییەكە ئەو بەڕێزە وەلامێكی دا تەقریبەن قەناعەتمان پێ هێنا، پەخشان خان قەناعەت ناهێنێ، بەلام وەرزش و لاوان حەز دەكەین جیا بكرێنەوە دوو بەڕێوەبەرایەتی جیاواز بێت، چونكە خەڵكێكی زۆر هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كەواتە پێشنیاری لیژنەی پەروەردە كە داوا دەكاتن، ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی لاوان و وەرزش بكرێتە دوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی و جیا بكرێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی لاوان و بەڕێوەبەرایەتی وەرزش، كێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی پەروەردەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتیەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینە دەنگ وەكو خۆی دەمێنێتەوە، ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە ماددەی سێ و چوار بكرێتە یەك ماددە كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو ماددەیە دەمج بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بە كۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ئەو ماددەیە بووە ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من هەست دەکەم جۆرە بێ بەرنامەیی، یاخود جۆرە جیاوازییەك هەیە، هەندێك پێشنیاز هەیە دە، دوازدە کەس قسەی لەسەر دەکات و تەبریراتی بۆ دەدۆزێتەوە، هەندێ جاریش پێشنیار هەیە راستەوخۆ دەخرێتە دەنگەوە، بۆ نموونە پێشنیازەکەی لیژنەی پەروەردە، بەڕاستی ئەوە دەیهێنا قسەی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە راپۆرتی خۆی خوێندەوەو موناقەشە لەسەر هەمووی کرا وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان، کە تەواو بوو کەس ئاماژەی پێ نەدا، لیژنەی پەروەردە جارێکی تر سەحبی نەکردەوە، کەس تەئیدی نەکرد، بەشێوەیەکی تر شەرحێکی تری کردووە، موسیرە لەبەر ئەوە وای لێ هات، ئەگەرنا کە موناقەشە کرا موناقەشەکە لەسەر هەمووان بوو، لەسەر لیژنەی قانونی بوو و لەسەر لیژنەی پەروەردەش بوو، لە لیژنەی پەیوەندییەکانیش بوو، ئەگەر ئێوە ئیتیباهی ئەوەتان نەکردووە، راپۆرتەکە وەنەبێت نەخوێندرا بێتەوە، خوێندرایەوەو ئەو خاڵە لە هەرە خاڵە گرنگەکان بوو لە راپۆرتەکەدا، تەواو بوو، دەنگماندا بۆ دەمج کردنەکەی، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەمتوانی پێشنیارەکەم بگەیەنم بە باشی، مەبەست ئەوە نییە کوڕ و کچ لێك جیا بکرێتەوە، یان هەر حاڵەتێك، لە هەر ولاتێکدا، لە هەر شوێنێك خاڵێکی زەعیف هەبوو تەرکیز دەکرێتە سەری، ئێستا ئاشکرایە هەموو دەیزانن وەزعی ئافرەتی لاو چۆنە، هەر بە عام وەزعی ژن چۆنە، بەتایبەتی ژنی گەنج، لەبەر ئەوە من لەسەر پێشنیارەکەم سوورم، ئەگەر مودیریەتێکی عام هەبێت بۆ کاروباری ئافرەتانی لاو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو پەخشان خان، دوو خاڵی جەوهەری هەیە، یەك/ لە لیژنەکەی خۆتان دەبوایە رەئی خۆت بدەیت.
دوو/ پێشنیارەکە بە تەنیا خۆت وتت، کەسێکی تر تەئیدی بۆ نەکرد.
سێ/ ئەو پێشنیارەی تۆ بە جێیە، بەلام مەرج نییە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێتن، بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بکرێتەوە بۆ ئەو پێشنیارەی تۆ، ئەگەر لە ئایندەدا وەزیر زانی کارەکە گەورەیە دەتوانێت پرۆژەیەك بنێرێت بۆ هەموار کردنی یاسایەکەیان و داخیلی بکەن، ئێستاکە ماددەکە لە لایەن پێشنیاری لیژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر موافیق بووەو بەو تەعدیلاتانەی کە کراو بە ئیزافە کردنی ئەو ماددەیەی کە لیژنەی پەیوەندییەکان ئیزافەی کرد، هەروەها بۆ موستەشارەکان هەمووی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە وەرگیرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی پرۆژەكە ئەنجومەنی راوێژكاری تێدا نەبوو، ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری وەرزش و لاوان رێككەوتووین وەكو وەزارەتەكانی تر هەمان لیژنە دابنێین، ئێستاش برای بەڕێزم كاك دلێر ماددەكە بە كوردی دەخوێنێتەوەو كاك كەریمیش بە عەرەبی دەیخوێنێتەوە.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چوارەم/ لیژنە پێشنیاز دەكات ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری بۆ وەزارەت دابمەزرێ لە ژێر زنجیرەی ژمارەی ماددەی چوارەم بە پێی پێشنیازی لیژنە و بەم جۆرە بنووسرێ:-

ماددەی چوارەم:

یەكەم: وەزارەت ئەنجومەنێكی ڕاوێژكاری دەبێ و لەمانە پێكدێ:

1- وەزیر: سەرۆك

2- بریكاری وەزارەت: ئەندامە و لە كاتی ئامادە نەبوونی وەزیر سەرۆكایەتی ئەنجومەن دەكات.

3- ڕاوێژكارەكان: ئەندامن

4- بەرپوەبەرە گشتیەكانی وەزارەت: ئەندامن

5- هەر شارەزایەكی پسپۆر و شیاو لەناو وەزارەت یا دەرەوەی كە وەزیر هەلیدەبژێرێ: ئەندامە

6- نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندیدارەكان لەسەر بانگێشتی وەزیر: ئەندامن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بیخوێننەوە بە عەرەبی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی.

رابعاً/ تقترح اللجنة تشكيل مجلس استشاري للوزارة وتحت تسلسل رقم المادة الرابعة حسب مقترح اللجنة وصياغتها كالاتي:

المادة الرابعة:

اولاً: يكون للوزارة مجلس استشاري يتألف من:

1- الوزير: رئيساً

2- وكيل الوزارة : عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

3- المستشارون: اعضاء.

4- المدراء العامين في الوزارة : اعضاء.

5- اي خبير اختصاصي مناسباً من داخل الوزارة او خارجها يختاره الوزير: عضواً

6- ممثلي الوزارات ذات العلاقة بدعوة من الوزير : اعضاء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم شتێکی ڕۆتینییە کەس مولاحەزەی لەسەر نییە، فەرموو لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتیوانی لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین، بەڵام پێم باشە کە دەڵێت (هەر شارەزایەکی پسپۆڕ و شیاو لەناو وەزارەت یا دەرەوەی کە وەزیر هەلیدەبژێرێ: ئەندامە)، ئەوە دیاری بکرێت بە مەرجێك لە دوو کەس زیاتر نەبێت، یان لە سێ کەس زیاتر نەبێت، ئەو هەڵبژاردنەی کە وەزیری هەڵیدەبژێرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت چییە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دیاری کردنەکە مەحدودمان دەکاتن، ئێستا زۆر کەس هەیە لە دەرەوە ئینسان دەتوانێت بانگی بکاتن بە ئیعتیباری ئەوەی چەند کەسێك بن، بەڵام تەحدید کردنەکە ئەگەر پێویست بێتن دەعوەت ناکرێتن زیاتر، بەس ئەگەر پێویست بکاتن، پێم وایە باشترەو دەرگا کراوە بێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر موقتەنیعی بە ڕەئیەکەی وەزیر سەحبی ڕەئیەکەی خۆت بکە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەحبی ناکەمەوە، چونکە لێرە مەبەستمان جەنابی وەزیر نییە کە دانیشتووە، چونکە ڕەنگە سبەینێ وەزیرێکی تر بێت بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانە پسپۆڕن، یان شارەزانە، ڕەنگە دە کەس، یان بیست کەس مانگانە خەڵك دەعوەت بکات، خەڵك بێنێ لە دەرەوە، یان هەندێك خەڵك دێنێت وەزیفەیان نییە، دەڵێت پێویستیان بە مووچەیە، یان پێویستیان بە سەیارەیە، دەبێتە بارگرانییەکی زۆر لەسەر وەزارەت، داواکارم مەسەلەیەکی تایبەت نییە بە جەنابی با بیر لە دوای ئەو وەزیرەش بکەینەوە، کە دەستی کراوە بێتن، بە دڵنیاییەوە ڕەنگە خراپ بەکارهێنانی ئیدارە رووبدات لە وەزارەتەکە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەو مەسەلەیە بە جددی وەربگیرێتن و، مەسەلەکە خەرجی و مەسرەفێکی زۆری دەوێت، ڕەنگە دوایێ ئەرکی وەزارەتەکە قورستر بکاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەوەی لەناو وەرزش و لاواندا هەیە ئێستا میللەتی كوردستان هەمووی گلەیی دەكاتن، چونكە ئێمە ڕاهێنەری عەرەب دەهێنین، چونكە ئێمە خەڵكمان نییە خەڵك پەروەردە بكاتن، زۆر شت هەیە دەبێت ئیستیفادەی لێ بكەین، دوایێ ئەم ڕاوێژكارانەی كە دێن مەعاشی پێ نادەین، ئەوەی دێت زیاتر ئیستیشارییە، بڕیار نادەن لەسەر ئەوەی وەزارەت، پێم وایە تەحدید كردن ئیشكال دروست دەكاتن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ هەموو وەزارەتەكان جگە لەوەی كە ستاف وەزارەتمان تەحدید كردووە لە هەیئەی ئیستیشاری، سەلاحییاتمان داوەتە وەزیری لە دەرەوەی وەزارەت و لە هەر كەسێك بیەوێت و داوا بكاتن لەو كۆبوونەوەیە ئیستیشارییە بەشدار بێتن، بۆیە من ڕەئیم وایە تەحدید نەكرێت، وەزیر بەخۆشی مەسڵەحەت بزانێ بانگی بكات و بە قازانجی ئەوەو ئیستیفادەشی لێ دەكات، مەرج نییە زۆریش بێت، دەتوانێت داوا نەكات بە ڕەغبەتی خۆیەتی و مەسڵەحەتی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەرزش زۆر فراوانە وەكو وەزارەتێكی تر نییە، پسپۆڕایەتیش بە خۆی تایبەتە، مەسەلەن فوتبۆل پسپۆری تایبەتی خۆی هەیە جیایە لەگەڵ هی مەلەوانی و لەگەڵ هی پینگ پۆنگ، لەگەڵ هی مەجالەكانی موختەلیف، لەبەر ئەوە گرنگە تەحدید نەكرێت، چونكە بەڕاستی وەرزش لەوانەیە یەكێك لە فوتبۆل پسپۆڕە بەڵام هیچ لە پینگ پۆنگ نازانێ، یان لە مەلەوانی نازانێ، لەبەر ئەوە تەحدید نەكرێت باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەكر فەرموو.

**بەڕێز بكر فتاح حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم مەوزوعە لە هەموو وەزارەتەكان باسمان كردووە، هەمووشی هەمان شتە ئەنجومەنی راوێژكاری لە وەزارەتی شارەوانیش هەمان شتە باسمان كردەوە، ئایا تەحدید بكرێت، یان قەرارتاندا تەحدید نەكرێت، ئێستاش نازانم یەعنی بۆ ئەوەندە موناقەشەی لەسەر بكرێت، ئەوە وەزیر دەتوانێت بانگی بكات و نە سەیارەی دەدرێتێ، نە مەعاشی دەدرێتێ، نە هیچ، رەنگە پێویستیان بە ئیستیشارەی ئەو بێت و تەواو لە كۆبوونەوەیەكی موعەیەندا، لەبەر ئەوە بڕوا ناكەم ئەوەندە پێویستی بە موناقەشە كردن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر بە وردی لە بڕگە پێنج ورد بینەوە، دەبینین بە صیغەی موفرەد هاتووە، كەواتە هەر پسپۆڕێك ئیختیصاصی بێت لەناوەوەی وەزارەت، یان لە دەرەوەی وەزارەت، یەعنی بە جەمع نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من پێشنیارێكم هەیە، ئەگەر پێشنیارەكە بزانن چیە، لە بڕگەی پێنجەم نووسراوە (اي خبير اختصاصي)، (عضو)ەكەی لاببەن لە كۆبوونەوەكە بانگی دەكەین، بەلاّم ئەندام نییە لە مەجلیسی ئیستیشاریەكە، هەر (عضو)ەكە لاببە (اى خبير اختصاصى) مومكینە لەو كۆبوونەوەیە دوو كەس بانگ دەكەن، لە كۆبوونەوەیەكی تر سێ كەس بانگ دەكەن كە خەبیرن، یەعنی وەكو ئەوانی تر ئەندام نەبن، بیبەنە بڕگەی شەشەم، بۆ وەزیر هەیە هەر خەبیرێكی ئیختیصاصی بانگ بكاتن بۆ ئەو كۆبوونەوەیە، بڕگەی شەشەم وای لێ بكەن ئەو وەختە رزگاری دەبیت، كاك ئارێزیش سەحبی دەكات بە تەئكید، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوە حەساسە، ئێمە بیرمان كردۆتەوە، كە خالێ بە خالێ لەگەلێ لاوان دانیشین، لەگەلێ وەرزشوانان دانیشین، دوای رەچاو كردنی واقیعی تالّی وەرزش و لاوانمان لەبەرچاو گرتووە، بۆیە ئەگەر سیستەمێكی شامل هەیە بۆ هەموو وەزارەتەكان با بۆ ئەمەش بێتن، من مانیعم نییە، وەكو ئەو سیستەمەی لە وەزارەتەكانی تریشدا هەیە بەم شێوەیە بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو خالّەت بەجێیە، سیستەمی وەزارەتەكان چۆنە با وا بێت، بەلاّم من پێم وایە ئەگەر لە وەزارەتەكانی تر واش نەبێت ئەو صیغەی كە ئێستا من وتم باشە، مەسەلەن جەنابت كۆبوونەوەیەك دەكەیت لێرە دەڵێیت (ممثلي الوزارات ذات العلاقة)، ئەمانە لەبەر ئەوەی سیفەتێكی قانونیان هەیە ئەندام دەبن، بەلاّم مەرج

نییە لە عەینی کۆبوونەوە هەمان مومەسیل بن، لەو کۆبوونەوەیە وەزارەتی دارایی بانگ دەکات، لە کۆبوونەوەیەکی تر وەزارەتی ناوخۆ بانگ دەکەین، بەگوێرەی ئەوەی تۆ تەقدیر دەکەین، ئەوانی تر سیفەتی قانونیان نییە، مومکینە یەکێك داوا بکەین لە بەغداوە بێتن، بۆ ئەندام بێتن، ئەگەر ئەندام بێتن دەبێت لە هەموو کۆبوونەوەیەك بانگی بکەین، کە وتم مومەسیل ئەوە تۆ تەحدیدی دەکەیت، کە وتت خەبیر تۆ تەحدیدی دەکەیت، بەلاَم ئەندام نییە لەو کۆبوونەوەیە، ئەگەر لە قەوانینی وەزارەتەکانی تریش وا نەهاتبێتن، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەی کە لێرە هاتووە (اي خبير اختصاصي مناسباً من داخل الوزارة وخارجها يختاره الوزير عضواً)، کە دەیەوێت عوزو بێت لەویّ، کە وەزیر خۆی لەوانە هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی ئەندام بێت لەو لیژنەیە، نەك هەر کەسێك جارێك بیهێنێت و بیکاتە عوزو، بەلاَم ئەمەی کە خۆی دەیەوێت و پێویستی پێیە ئینتیخابی پیّ دەکات و دەیهێنێت لەو لیژنەیە وەکو عوزو دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو ئەگەر ئەندام بێتن، دەبێت دائیمی بێت، نابێت بیگۆڕن، کەچی ئەو موحتاجە وەکو نوێنەری وەزارەتەکانی تر بیگۆڕین، خەبیری ئیختیصاصی لە بواری وەرزش شتێکە، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت دەڵێی زۆر راستە، ئەوانە هەمووی دەبنە ئەندامی رەسمی، بەس ئەوەی کە وەزیر لە خارجی ئەوانە داوا دەکات نابنە ئەندام، چونکە ئەوانە لە هەموو کۆبوونەوەیەك موخەسەساتیان هەیە، ئیمتیازاتیان هەیە، بەس ئەوەی کە وەزیر خارجی ئەوانە داوا دەکات، هیچ ئیلتیزامێکی وەزیر پێیان نییە، بۆ ئیستیفادە بانگیان دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەزارەت چوار پسپۆری تایبەتی هەیە بەکاری پسپۆری لە وەزارەتەکەی، بۆ کۆبوونەوەی ئیستیشاری ناکرێت فیعلەن ئەندام بن، ئەوەی جەنابت باسی دەکەیت من پشتگیری لەوە دەکەم هەر کەسێك بە عەقدیش بیهێنێت، بەلاَم عوزو نەبێت باشترەو با فراوانتر بێت زیاتر بەشدار بکەن لە کۆبوونەوەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕەئیەكی وەجیهـ بوو، بەلاَم خاڵی نیزام نەبوو، خاڵی نیزام كاك ئاریَز فەرمووو.

**بەڕێز ئاریَز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت گوتت ئاریَز پێشنیارەكەی سەحب دەكاتەوە، من پێشنیارەكەم سەحب ناكەمەوە، بەلاَم پشتگیری لە ڕەئیەكەی جەنابت دەكەم كە هەموارت كرد، یەعنی پێشنیارەكەت گۆڕی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخیر كەس قسە دەكات كاك دكتۆر نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ڕاوێژكاری پسپۆر، هەتا ئەگەر ئەندامیش بێت مافی دەنگدانی نییە، لەبەر ئەوەی هەتا ئەگەر بەو شێوەیەش بمێنێتەوە مافی ئەوەی نییە كە دەنگ بدات، كاتێك لێرە بڕیارێك، یان تەوصیە وەردەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك دكتۆر ئەگەر بنووسین ئەندامە چۆن مافی نییە، ئەگەر نەصێكی تر بنووسین بڵێین مافی دەنگدانی نییە، كە گوتت ئەندام، ئیلا دەبێت نەصێك بنووسین بڵێین حەقی دەنگدانی نییە، ئەگەر دەڵێین وەكو وەزارەتەكانی تر چۆن هاتووە، لیژنەی قانونی تەخویل بكرێت وەكو وەزارەتەكانی تر بنووسرێت، باشە ئەو پێشنیارە سەحبی بكە وەكو وەزارەتەكانی تر، لیژنەی قانونی با ئەو خاڵە وەزارەتەكانی تر چۆن هاتووە با وابێت، كێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس, ماددەكە بە كۆی دەنگ وەرگیرا, تكایە ماددەكەی تر.

مولاحەزەیەك هاتووە لە لایەن ئەندامی پەرلەمان كاك باپیر كاملا بەجێیە، دەڵێت با پابەند بین بە نیزامی داخیلی پەرلەمان، ئەندام موقەید بێت بە كات، دوایێ ئەو ئەندامانەی كە لە لیژنەكان بەشدارن و قسەیان كردووەو ڕەئی خۆیان داوە هیچ پێویست ناكات لێرە قسەكانی خۆیان بكەن، ئیلا ئەگەر موعتەریز بوون بڵێ موعتەریز بووم لە لیژنەكە، یان غائیب بوون بڵێن ئێمە لە لیژنەكە غائیب بووین، بەلاَم مولاحەزەی وا هەیە كە هەندێك بەشدار بوون و قسەشیان هەمان قسەی ڕاپۆرتەكە بووە، لێرەشدا قسەی دەكەن كاتمان لێ دەكوژن، ئەوەش ڕاستە دەڵێ یەكێك ئەگەر قسەی كرد و ئەوی تر هەمان قسە نەكاتەوە بڵێ تەئیدی فلان دەكەم و تەواو، زۆر سوپاسی دەكەین بۆ مولاحەزەكەی و پشتگیریشی لێ دەكەین، باشە فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی پڕۆژەکە.

ماددەی پێنجەم: وەزارەت بۆی هەیە پەیڕەوێکی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێت بە جۆرێك کە لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمدا بگونجێت.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پێنجەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێتەوە:

ماددەی پێنجەم: وەزیر بۆی هەیە پێوەرێکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێ بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ ئاراستەکارییەکانی حکومەتی هەرێمدا بە مەبەستی ڕێکخستن و پەرەپێدانیان بگونجێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز ئارێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارمان کردووە ماددەی پێنجەم و شەشەم بکرێت بە یەك ماددە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەم ماددەیە لابدرێت، چونکە ئێمە لەسەر سیستەمی هین دەڕۆین، هەموو یانەو یەکێتیەکان بە یاسایەك دادەمەزرێن، لەبەر ئەوە ئێمە بە تەواوەتی تێ نەگەیشتووین مەبەستی چیە لە پێوەری تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان, گوتمان با لابرێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا کاکە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو ماددەیە بە پەسند دەزانین وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەوە حکومێکی نوێیەو، ئەمە موتەبەعە لەوانی تر لە ماددەی شەش سێ فەقەرەیە هەموو جار بەو سێ فەقەرەیە دێینە خوارێ لە وەزارەتەکانی دیکە، بۆیە بە پەسندی دەزانین هەروەکو خۆی بمێنێتەوە لە جێی خۆشی بێت، ئێمە تەنها صیاغەمان هەندێك گۆڕیووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر رەئیت چیە لە لابردنی.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە لە رووی ناوەڕۆکیەوە ئەو گۆڕانکاریانە بکرێتن و دەمج بکرێتن هیچ موشکیلە نییە، بەنیسبەت پێوەرەکان تاکو ئێستا لە کوردستان پێوەری وەرزشی نییە، یانە لەسەر چ ئەساسێك دابمەزرێت، ئێستا ئێمە دیراسەیەکمان تەرتیب کردووەو کۆنفرانسێك دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو پێوەرانە دیار بن تا بتوانین لەسەر ئەساسی ئەوە کۆنترۆلی کۆمەڵێ شتی تر بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر دەمجەکە لیژنەی قانونیش موافیقە، لیژنەی پەروەردە سەحبی دەکەن.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ سەحبی دەکەین، ئەگەر پێوەر بێت مانای معیارە، لە لای ئێمە لە نوسخەکە نووسرا بوو پەیڕەو، خۆی پێوەرە یەعنی معیار ئەم دەیەوێت معیار دابنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ئیعتیبار نابێت (واتحادات هیئات مستقل) مونتەخەبن، بە هەندێك گرێدانی وەزارەتدا نینە، رەنگی غەیر موباشیر دەداتە وەزارەت، ئەگەر پێوەر بێت دەکرێت، بەڵام پەیڕەوی ناوخۆ نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت باشە، بەڵام خاڵی نیزام نییە، ئەم ماددەیە هەندێك بۆنی مەرکەزیەتی نامەعقولی لێ دێت، عەفوم دەکەن لەوەدایە، چونکە هەندێك ئەندیە ئەوەلەن دەبێت حوریەتی هەبێت، تۆ نیزام دادەنێیت بۆ ئەندیەکە فەرزی ئیرادەی دەکات و دەڵێت تەنیا تەوەجوهاتی حکومەت، ئەندیەکان مومکینە تۆزێك حوریەتیان بدەیتێ، نازانم زۆر لام وازیح نییە، ئینجا بۆیە فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێستا کاك ئیحسان مولاحەزەیدا تەبیعی ئەوە بەس لەسەر مەسەلەی یەکێتیەکان، ئەوە من لەگەڵیمە، ئەوە زیاتر ئیختیصاصی هی یەکێتیەکان خۆیانە، بەس بۆ یانەکان، چونکە ئێمە منحەیان پێ دەدەین و ئەوە خۆیان ئیختیار دەکەن، بەس تا ئێستا هیچ پەیڕەوێکیان نییە، ئێمە کار دەکەین تا ئەوان

پەیڕەویان هەبێت، بەبێ ئەوەی ئێمە بۆیان دابنێین، بەس دەبێت لە کۆنفرانسێك ئێمە ئەو پێشنیارە بکەین، جا ئەگەر شێوەی نووسینەکە وا بێتن، ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیاغەکە ئەوە نالێت فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی تێگەیشتنی لیژنەی یاسایی دەڵێت (للوزارة وضع نظام خاص)، واتا نیزامێکی خاص بۆ خۆی دادەنێت لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەندیەو ئیتیحادەکان، ئیتیحادات ئەوەی کاك ئیحسان ئاماژەی پێدا راستە بەنیسبەت ئیتیحادات دەتوانین لاببەین، بەلاَم بەنیسبەت ئەندیەکان بمێنێتەوە زۆر باشە، نەك پەیڕەو بۆ ئەندیە دابنرێت، پەیڕەو بۆ وەزارەت دابنرێت لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی نادیەکان.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تۆزێك بە دیقەتی راپۆرتی لیژنەی قانونی بخوێنینەوە، دەڵێت (وەزیر بۆی هەیە پێوەرێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێت)، تەبعەن ئەوەی کاك ئیحسان باسی کرد زۆر دەقیقە، یەعنی وەزارەت یانە وەرزشیەکان بەڕێوە نابات، بەلاَم لایەنی دووەمی هەیە، هیچ یانەیەکی وەرزشی بەبێ نیزامێك دانامەزرێت، یەعنی نیزامێك هەیە لە چوارچێوەی ئەو نیزامە داوا لە وەزارەت دەکات کە یانە دابمەزرێنێت، یەعنی ئەو نیزامە تەحدید ئەوە دەکات، یانە چۆن دادەمەزرێت، بەلاَم لە بەڕێوەبردنەکەی وەزارەت بەڕێوەی نابات، بۆیە ئەو صیاغەی کە کراوە غەڵەتە، ئەو بەڕێوەبردنە لە ئێمەی تێك داوە، ئەگەرنا لە هەموو دنیا پێوەرێك هەیە بۆ دامەزراندنی یانە، بەلاَم ئەو دەڵێت پەیڕەوی ناوخۆی بۆ دادەنێت، بۆیە ئیشکالەکە لێرە دروست بووە، یەعنی ئەگەر ئەوە لێك بکرێتەوە ئیشکالەکە نامێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە غەڵەتەکە لێرەیە لە عەرەبی و کوردیەکە، لە عەرەبیەکە لە نیزام هاتووە، لە کوردیەکە بۆتە پێوەر، واتا معیار، لەوێ بە وەزارەت هاتووە، لێرە بۆتە وەزیر، یەعنی ئەوە دەبێت راست بکرێتەوە، وەزیر نییە وەزارەتە لە عەرەبیەکە دیارە تەواو ترە نیزامیشە، نەك معیار، ئیتر لێرە بە پێوەر هاتووە، پەیڕەو نییە پێوەرە، ئەوە راپۆرتی لیژنەی یاساییە کە ئێستا موناقەشە دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من وای لێ بكرێت (وەزارەت بۆی هەیە پێوەرێكی تایبەتی بە بەڕێوەبردنی كاروبارو یانە وەرزشیەكان دابنێت، كە بگونجێت لەگەڵ پێوەرە جیهانیەكانی وەرزش)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە چ پێوەر بێت، چ پەیڕەو بێت هەردووكی لە جێگای خۆی نییە، ئەسڵەن پێم وایە ئەو ماددەیە هەر زیادەو پشتگیری لە رەئیەكەی لیژنەی پەروەردە دەكەم كە سەحبیان كرد، یەك/ لەبەر ئەوەی نادیەكان بە قانون تەنزیم دەكرێت.

كاك ئیحسان باسی كرد ئیتیحادات بە خۆیان خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەگەر ئێمە صیغە عەرەبیەكەی وەربگرین، یەعنی بەكوردیەكە نا، دەڵێت (للوزارة وضع نظام خاص بادارة)، وەزارەت ئیدارەی نادیەكان ناكات، ئەگەر وا بوایە دەبوا بگوترابا (للوزارة وضع نظام كيفية التعامل مع الاندية)، ئەوە یەك.

دوو/ مامۆستا كاكە باسی ئەوە دەكات لە هەموو قەوانینی دیكە وا گوتراوە، لە قەوانینی دیكە دەڵێت (للوزير وضع نظام خاص لتشكيلات ومهام الوزارة)، نەیگوتووە (كيفية التعامل للقطاع الخاص)، یان ئیتیحادات و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە منیش لەگەڵ ئەوەدام كە نەمێنێتن، لەبەر ئەوەی یانەكان هەموو لە وەزارەتی ناوخۆ بەپێی یاسای كۆمەڵەكان ئیجازە وەردەگرن، هەر نادیەكیش كە ئیجازە وەردەگرێتن، دەبێت هەیئەی تەئسیسی و نیزامی داخیلی خۆشی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی یانەكان، بۆیە ئەو ماددەیە زیادە نەمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە هەموو یانەكان خۆیان نیزامی داخیلی خۆیان هەیە بە هەڵبژاردنیش ئەوەی دەكەن، بۆیە منیش پێم زیادە وەزارەت راستەوخۆ یانەكان بەڕێوە ببات، منیش ئەوە بە زیاد دەزانم هەرچەندە حەقە فیعلەن ئەوەكی هەبێت نەك بۆ یانەكان، بەڵكو بۆ خۆی، بۆ ناو هەیكەلی وەزارەت پەیڕەوێكی هەبێت تەبیعییە لە شێوەی یاسا، بەلاّم بۆ بەڕێوەبردنی یانەكان منیش پێم زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من سێ خاڵ دەڵێم، وەزارەت دەبێت نیزام داخیلیەك بۆ خۆی دابنێت بۆ ئیشەكانی، بەڕاستی ئەوە یەكێكە لەو خالاّنەی كە وەزارەت لە هەرێمی كوردستاندا هەتا ئێستا گرنگیان نەداوە بە نیزام داخیلی، لەبەر ئەوە دابەش كردنی دەسەلاّتەكان هەمیشە گرفتێكی دروست كردووە لەوە، هیوادارم لێرەوە گرنگی پێ بدرێت، ئەوە یەك.

دوو/ لەگەڵ ئەو قسەیە دام كە نادی و ئیتیحادات خۆیان نیزام داخیلی خۆیان هەیە، بەلاّم ئەم نادی و ئیتیحادانە چۆن ئەو پەیڕەو و پرۆگرامانە بۆ خۆیان دادەنێن لە چوارچێوەی ئامانجەكانی وەزارەتدایە، ئەو ئامانجانەی كە باسمان كرد هی وەزارەت ئەوە دەبێتە پێوەر بۆ هەموو نادی و ئیتیحادێك كە لەو چوارچێوەیە بۆ خۆی دادەنێت، بەلاّم وەزارەت دەتوانێت ئیرشادات بدات لە رێگەی وەزیرەكەیەوە دەتوانێت ئیرشادات بدات بەو نادی و ئیتیحادانەی كە پەیوەندیان هەیە بە وەزارەتەكەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاتێك من گوتم سەحبمان كردەوە، ئەگەر هاتوو پێوەر بێت، تۆ معیارێك دادەنێیت بۆ چۆنیەتی كاركردن، بەلاّم ئەگەر پەیڕەو بێت مانای وایە تەدەخولە لە ئیشی یانەكان، ئێمە ئەو تەدەخولە پەسند ناكەین، بەلاّم ئەگەر پێوەرێك دابنێیت بۆ چۆنیەتی تەعامول كردن كەی منحەیان بدەیتێ، كەی یارمەتیان بدەیت و لە چ ئاستێك دان ئەوە حەقی وەزارەتە، پێوەر، نەك پەیڕەو، بۆیە من وتم سەحبی دەكەمە، چونكە برادەران گوتیان پێوەرە، ئەوە روون كردنەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێم وایە موناقەشە زۆر كرا، پرۆژەكە خۆی و ڕەئی لیژنەی قانونی و ڕەئیەكیش درا لە ماوەی موناقەشە كردن كە ئەوە زیادە، بەتایبەتی ئەوەی دەڵێت ئەو ئەندیانە نیزامی تایبەتی خۆیان هەیە و ئیجازەش لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن، بۆیە پێش ئەوەی بیخەمە دەنگدانەوە مەجال دەدەمە جەنابی وەزیر و دواییش كاك كەمال قسە دەكات، ئەو وەختی دەدەینە دەنگدانەوە، كە ئایا بمێنێت، یان نەمێنێت، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئەوەی ڕاستی بێت لە مسوەدەی پرۆژەی قانونەكە هاتووە لەمەودوا یانەكان لە وەزارەتی وەرزش و لاوان ئیجازە وەردەگرن، ئەوە خاڵێكە.

خاڵی دووەم/ ئێمە باسی ئەوە دەكەین، لێرە ڕەنگە تەبعەن سۆزان خان فەرمووی ئەوە دانانی نیزامێكە لە ناو وەزارەت بۆ ئیدارە كردنی یانەكان، چونكە ئەگەر یانە سەر بە وەزارەت نەبێتن، دەبێت ئەمڕۆ پەرلەمانی كوردستان بڕیارێك بداتن بڵێ وەزارەتی لاوانی كوردستان، ئەگەر یەكێتیەكان نەمێنێت و یانەكان نەمێنن، هیچی تر نەمێنێت، من ئامادە نیمە مەسئوولیەتی گەورەی وەرزش هەڵبگرم لەبەرامبەر ئەو ناوەی كە هەیە، ئەوە جانبێكی ترە، مەوزوعی تر پێم وایە هەندێك شتی تر ئەگەر قەراری لەسەر نەدرێتن، چونكە منیش پێویستیم بەوە هەیە خۆشم موختەس نیم لە كاروباری وەرزش، بەس ئەوەی كە كراوە لەسەر ئەساسی كۆمەڵێ پسپۆری وەرزشی ئەوە كراوە، چونكە لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی خۆشی تا ئێستا من مسوەدەی پرۆژەكەم بۆیان ناردووە هیچ تێبینیان نەبووە لەسەر ئەو مسوەدەی كە ئێستا لەبەر دەستیان دایە، بۆیە ئیسرار دەكەم كە بمێنێتن، تەبعەن پێوەرەكانیش بەشێكی ترە، ئەوە لە سەلاحیاتی وەزارەتە، پێویست ناكات بە بەندیش تەسبیت بكرێتن، چونكە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان كرد، حەقیقەت وەرزشی كوردستان تەحەزوبی زۆری تیا كراوە، ئێستا چەند حزبی دیكە ئەندامن لە پەرلەمانی كوردستان داوایان لە من كردووە كە لە هەندێك شوێن ڕێگایان لێ نەگیرێت، بۆ نموونە لە هەڵەبجە، یەعنی ئەوە مەسەلەیەكە ئێستا هاتۆتە بەر دەستی من، دەبێت من موناقەشەی لەسەر بكەم بۆ ئێوە، بۆیە من حەز دەكەم بمێنێتن، ئەگەر نەخرایە دەنگدانەوەو ئەگەر بڕیارێكی وا بدرێتن كە موناقەشەیەكی زیاتری بوێتن، چونكە ئەمە مەسەلەیەكی جەوهەرییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من (100٪) تەئیدی بیر و بۆچوونی جەنابی وەزیری وەرزش و لاوان دەكەم، كە بە حەقیقەت ئەو وەزارەتەی تەعامول دەكات لەگەڵ ئەو نادیانەی، لەگەڵ ئەو ئیتیحادانە دەبێت نیزامێك هەبێت ئەوانیش

پەیڕەوی لێ بکەن، ڕاستە ئەوان خۆیان خۆیان هەڵدەبژێرن، بەڵام هەر کەس بۆ خۆی نییە، دەبێت سیستەمێك هەبێت پەیڕەوی لێ بکەن، ئەمە یەك.

پاشان مالییەیان پێ دەدرێت، دەبێت حیساباتێك، ئوسولێك هەبێت، قانونی جەمعیات ڕاستە هەیە، هەتا ئێستا ئیجازەی لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن، بەس وەکو ئەوەی دەزانین لەمەودوا دەبنە عایدی وەزارەتی وەرزش و لاوان، لەبەر ئەوە پێویستە سیستەمێك هەبێت، ئەوانیش پەیڕەوی لێ بکەن و ئیش و کاری خۆیان ئەنجام بدەن تەواوە، بەس بەرەڵڵایی نییە هەر کەسێ بە ئارەزووی خۆی هەر شتێکی بیەوێ، من تەئیدی ئەوە دەکەم ئەگەر ئەمە دوا بخرێت باشتریش بیری لێ بکرێتەوە، ئەمڕۆ بڕیاری لێ دەرنەکەین، بەیانی هەوڵ بدەین چاکی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت قسەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی صیاغەی نەصەکە نەوعە ئیلتیباسێك دروست دەکات، ئەگەر غایەت ئەوە بێت ئەو نیزامە، نادییەك وەزارەت نیزامێکی بۆ دابنێت، تەبعەن غەڵەتە، چونکە قانونێکی عامان هەیە، قانونی جەمعیاتە، هەر ئیتیحادییەك، هەر نادییەك، چونکە ناوی نادییشی تیا هاتووە داوای ئیجازە بکات، مەفروزە بە خۆی نیزامێك دابنێت و داوای ئیجازە بکات بە موجیبی قانونی جەمعیات، ئەگەر غایەت پێ ئەوە بێت وەزارەت چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو نادیانە دەکات، بە ڕەئی من بە وشەی ئیدارە بکەینە تەعامول (وضع نظام خاص بکیفیة التعامل مع الاندیة والاتحادات)، صیاغەتی عەرەبی بەو شکلە بێتن، ئەو وەختە ئەو ئیلتیباسە دروست نابێت، مانای وایە ئەو پەیڕەوە بۆ وەزارەتە، نەك بۆ نادییەکان، بەس بۆ ئەوەیە چۆن عیلاقات لەگەڵ ئەو نادیانە پەیدا بکات و چۆن تەعامول لەگەڵ بکات، نەك بۆ ئیدارە کردنی ئەو نادیانە، چونکە نادی ئیدارەی خۆی بە موجیبی پەیڕەوی ناوخۆی دەکەن و بە موجیبی قانونی جەمعیات دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت فەرمووت جەنابی وەزیر و ئینجا جەنابی کاك جێگری سەرۆکی پەرلەمان قسە بکەن، من پێم وایە جاری وا کە دوو کەس دەمێنێت، حەقە یەکێك لەوانەی کە لەگەڵن و یەکێکیش لەوانەی کە دژن قسە بکەن، هەردووکیان لە یەك لایەن نەبن، ئەوە یەك.

دوو/ ئێوە دەستەی سەرۆکایەتی حەقە لە کاتێکدا ئەگەر رەئیەکتان هەیە هەوڵی سپاندنی رەئیەکەی خۆتان نەدەن لە سەرۆکایەتی بەو شێوەیە قسە بکەن، ئەگەر رەئی سێیەمتان هەیە حەقە ئاخیر کەس قسە بکەن، بەلأم ئەگەر لایەنگیری تەرەفێك دەکەن حەقە زووتر قسەی خۆتان بکەن، ئەگەرنا تەئسیر دەکاتە سەر مەسەلەی دەنگدان و ئەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئاریێز ئەوەلەن خاڵی نیزام نەبوو، دووەم/ ئەگەر کەسێك بیەوێت قسەی خۆی فەرز بکاتە سەر تۆی بەڕاستی دەنگت بەرز دەکەیتەوە، رەئیەکەت و حوجەکەت بە قوەتی هینەوە دەتەوێت فەرزی بکەیت، ئێمە قەت رەئیم نەداوەو دەنگیشم نەداوە بۆ ئەو شتانەی کە دەرچووە، لەبەر ئەوەی من ئەو کاتی دەنگم دەدەم کە دەنگەکان یەکسان بوون، لەبەر ئەوە کەس رەئی خۆی فەرز نەکردووە، کاك کەمالیش پێشنیارێکی کرد دەڵێت باشتر دیراسەت بکرێتن، هێشتا نەگەیشتینە ئەوەش بزانین فیکرەکەمان چیە، ئەو قسەی کاك فەرسەتیش بۆ تەوفیقی بوو، بۆ ئەوەی نەگەینە ئەوەی دەنگ بدەین، بۆ ئەوەی جەنابی وەزیر موقتەنیع بێت و هەموو لایەك موقتەنیع بن صیغەکە بگۆڕین، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو تەعدیلەی بەڕێز کاك فەرسەت ئاماژەی پێدا، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین، بۆ ئەوەی زیاتر تەوزیح بێتن، مەبەستی ماددەکە (للوزارة وضع نظام خاص بکیفیة التعامل مع الاندیة والاتحادات الریاضیة بما ینسجم........).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم مەوزوعە ئیختیصاصی وەزارەتە، من لەگەڵ ئەوەمەو ئیسرار دەکەم دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە راستیەك هەیە لە کوردستان کە وەرزش وەزعێکی زۆر خراپی هەیە، تا سەرۆکی حکومەت تەداخولی نەکرد لە 11/4 لیژنەی ئۆلۆمپی و ئەنجومەنی باڵای وەرزش تەداخولیان نەکرد، ئەمە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە، خاڵێکی تر ئەوەیە تێبینیەکی زۆر و ئینتیزارێکی زۆر لە وەزارەتە، ئەگەر بێتو ئەو یانانە کەیفیەی تەعامولی لەگەڵ بکرێت، هیچ دەسەڵاتێکی کۆنترۆلی ئەوانە نامێنێتن بەشێوەیەك ئەگەر بێتو من ئیجازەیان پێ نەدەم، دەبێت ئەو هەوڵە بدرێت و داوا دەکەم کە ئیجازەی ئەندیە لێرە لە رێگای وەزارەتەوە بێتن، کەیفیەی تەعامول تەفسیر دەبێتن، داوای من ئەوەیە ئیجازەی یانەکان ئێستا ئێمە دەستشمان پێ کردووە، بەس تەعامول لەگەڵ ئەوە دەکەین کە ئێمە ئۆرگانی موختەس بین بۆ دانی ئیجازە بە یانەکان بە حەقیقەت، ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، چونکە ئەو وەزارەتە

تا ئێستا نەبووەو تازە دروست بووەو تازە دەمانەوێت سەرەتاییەکی تازە دروست بکەین، ئەگەر ئیسرار لەسەر ئەو رەئیەی خۆتان دەکەن داوا دەکەم تەئجیل بکرێتن تا لەگەڵ پسپۆڕانی تر قسە بکەم، ئەو کاتە دەبێت ناوی وەزارەت بگۆڕدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئیشکالمان لەوەدا نییە وەزارەت چی دەکات و چی پێویستە بکات لە لامان وازیحە لە ئەهدافەکان کە خستمانە دوایی، بەلاّم ئێمە لە صیاغەکە هەدەف لەوە چیە، ئایا هەدەف لەوە دایە کۆنترۆڵی ئەندیەکان بکەن، ئەوە ئەگەر وا بێتن ناکرێت، تەوجیهی بێتن هەموو شتێك، ئەوانە مونەزەماتی مەجتەمەعی مەدەنین، دەبێت شەفافیەت هەبێت، دەبێت دەسەلاّتیان هەبێت، تەنیسیق و تەعاونەکە وەزارەتەکە دەکاتن لەگەڵیان، بەلاّم بەو صیغەیەی نیزامیان بۆ دابنێی شەرحەکەت نەکردووە، لەبەر ئەوە ئەو شروحاتە دێتە پێشەوە، ئەو مەترسییە تۆ دەتەوێت کۆنترۆلی بکەیت و ئازادی نەبێت پێی بڵێی وەرە رۆژی چوار شەممە لێرە نەبیت غیابت دەدەین و دەبێت بچیتە بەغدا، ئەوان نیزامی خۆیان هەیە و بەرامجی خۆیان هەیە، تۆ دەبێت دەعمی بکەیت، ئەگەر غەڵەتیان کرد لە بەرنامجی وەزارەت دەرچوون، ئەو وەختی تۆ بۆت هەیە موحاسبەیان بکەیت، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من داڕشتەیەکی کوردیم ئامادە کردووە بۆتان دەخوێنمەوە، ئەو کاتە خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن (وەزیر بۆی هەیە پەیڕەوێکی تایبەت بەشێوەی کارکردن لەگەڵ یانەو یەکێتیە وەرزشیەکان دابنێت، کە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی وەرزشی بگونجێ بە مەبەستی رێکخستن و پەرەپێدانیان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە کاری مۆڵەتدان بە یانە وەرزشیەکانماندایە وەزارەتی وەرزش و لاوان، پێویستمان بەوە هەیە کە یاسای کۆمەڵەکان تەعدیل بکەین بەڕاستی، لەبەر ئەوەی لە یاسای کۆمەڵەکان لەوێ هەر کۆمەڵەیەك، هەر یانەیەك کە دادەمەزرێت پێویستە هەیئەیەکی تەئسیسی لە پازدە کەس هەبێت نیزامی داخیلی بێتن داوایەك پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ بکات، دیاری کردووە کە داواکە دەبێت پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ بکات، پێویستیمان بەوەش دەبێت ئەوەش هەموار بکەین، کارێکی وا بکەین کە موعالەجەی ئەوەش بکەین باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موعالەجە دەکرێت کاك غەفور بۆ ئەوەی لێرە بنووسین بەدەل قانونی جەمعیات، ئەوە موشکیلە نییە، بەلاَم ئێمە لەسەر صیاغەی ئەو ماددەیەین، ئیشکالەکەمان لە صیاغەکە دایە، کاك دکتۆر نوری صیاغەیەکی تەقدیم کرد، دەمەوێت بە کوردیەکەی بێتە لامان تاکو تێبگەم بە قسە کردن ناتوانین دەقیق بین، کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە لە یەکتر نەگەیشتنەك هەیە لەو مەبەستەی کە وەزیری بەڕێز تەرحی دەکات لەگەڵ ئەندامان، وەزیری بەڕێز پێی وایە یەعنی عەفوم دەکەن مەجالی وەرزش جۆرە فەوزایەك هەیە لە کوردستان، یەعنی ئەوان دەیانەوێت لە چوارچێوەی نیزامێك تەنزیمی بکەن، حەقی خۆشیانە بەڕاستی مەسەلەن ئێستا بۆ نموونە ئەوەی کاك غەفور ئیشارەتی پێدا یەعنی مەعقول نییە دە کەس کۆ بێتەوەو داوا لە وەزارەتی ناوخۆ بکات، ئەگەر ئەو مەرجە یاسایانەی تێدا نەبێت، ئەو کاتە داوای ئیجازەی رێکخراوێکی سیاسی بکات، مەبەستی وەزیری بەڕێز ئەوەیە، ئەو نایەوێت سبەینێ نادییەك بوو کۆنترۆلی بکات و هەموو رۆژ لێی بپێچێتەوەو بانگی بکات و موحاسەبەی بکات و زەوابتێك، ئەوە نا، بەلاَم ئەو دەیەوێت چوارچێوەیەك هەبێت، یەعنی نیزامێك هەبێت بەپێی ئەو نیزامە نادییەك بتوانێت ئیجازە وەربگرێت، یەعنی بەڕاستی وایە بۆ نموونە من زۆر شارەزا نیم، بەلاَم نادییەك ئەگەر پێنج یاری نەبێت ناتوانێت ئەو ئیجازەیە وەربگرێت کە نادییە، جا بەڕاستی بۆ تەنزیم کردن و بە هەدەفی تەنزیم کردن، بزەبت ئەوەی وەزیری بەڕێز گوتی ئەوە لە ژێر کۆنترۆلی ئەوان نەبێت، بەلاَم کۆنترۆل بەو مانای نا ئەوەی ئەوان دەڵێن وەزارەت ببەنە ناو هەموو لاعیبێکی، ئەگەر ئەوە نەکەن، ئەو کاتە وەزارەتی وەرزش نین، بەڕاستی دەبێت وەزارەتی لاوان بن بە تەنیا، بۆیە بۆ ئەو مەسەلەیە من هیوادارم ئەندام پەرلەمانەکان تەفەهومی تەرحی وەزیر بکەن و، بەشێك لە مەهامی ئەو وەزارەتە ئەوە دەگرێتەوە لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان خاڵی نیزامە فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ وەزیری هەرێم لێرە بۆی نییە قسە بکات، لەبەر ئەوەی نە وەزیری موختەسە، نە ئەندام پەرلەمانە، ئەوە یەك دوو جارە دووبارە ببێتەوە، ئەوە ناکرێت.

دوو/ ئەگەر مەسەلەی وەزارەت فیعلەن بە مەرکەزیەت لەسەر نادییەکان کار بکات، یەعنی وەرزش خنکا لە کوردستان و دەستمان لە بێنە قاقای وەرزش ناو تەواو کۆتایی پێ دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی نیزامەکەت وەڵامەکەی ئەوەیە وەزیر بۆی هەیە قسە بکات، بەڵام بۆی نییە دەنگ بدات، هەر وەزیرێك لێرە حازر بێت بەپێی نیزامی داخیلی بۆی هەیە قسە بکاتن لەسەر هەر مەوزوعێك کە عیلاقەی بە وەزارەتی تریشەوە هەبێت، بەڵام بۆی نییە دەنگ بدات، نوێنەری حکومەتە ئەو سریە هەمووی بۆیان دانراوە، لەمەودوا تەرتیبێکمان هەیە هەر هەفتەیەك دوو وەزیر بانگ دەکەین بێن لێرە دانیشن و دوو وەزیری تریش بێت پەیوەندی بەویش نەبێتن وەکو وەزیر بۆی هەیە قسە بکاتن، بەڵام بۆی نییە دەنگ بداتن، باشە فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نازانم بۆچوونە، دەڵێت لەگەڵ بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمدا بگونجێت، ئەمە کۆنترۆل کردنی نادییەکانە قانونێك هەیە بۆ جەمعیات وەکو کاك فەرسەت باسی کرد، بۆچوونەکانی حکومەت دەڵێ کۆنترۆل کردنی وەزارەیە بۆ ئەندییەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە، ئەو ئەندیانە پەیوەندییان لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی چیە؟

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مسوەدەی یاسایە بۆ لیژنەی ئۆلۆمپیش چووە، تێبینیەکانمان بە نووسین ئاگاداری منیان کردووە لە ڕێگای ئەو کەسەی پەیوەندی، کە هیچ تێبینیان نییە لە رووی تەکنیکی لەسەر ئەم یاسایە، یانەکان ئەوانیش موقنیعن، دەبێت یانەکان سەر بە وەزارەت بن لە رووی بودجەیە، لە رووی موتابەعەیە، لە رووی دابین کردنی پێداویستیەکانە، لە رووی تەئهیلە، هەمووی بۆیە ئەگەر ئەوە نەمێنێت پێشنیاری ئەوە دەکەم ناوی وەزارەت بکرێت بە وەزارەتی لاوانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانم بڵێم تەقریبەن خاڵی نیزامە، لە ماددەی دووەمدا ئەگەر هاتوو ئەو بڕگانە هەمووی پەسند بکرێن وەکو هاتوونە لە بڕگەکەدا، وابزانم گفتوگۆیەکەمان ئەوەی جەنابی وەزیر دەڵێتن هەمووی حەقی خۆیەتی، چونکە لە بڕگەی (22) دەڵێت مۆڵەت پێدانی یانەی قوتابخانەکان و ......... تا دوایی، ئەگەر ئەوە بکرێت دەکا لە سەلاحیاتی وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر ڕۆشنایی هەموو قسەکان و ناوزوحیەتی هەدەفەکە، ئیمکان تەعاروزی لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی، نازانم پێشنیارێك بکەم، بڵێم ئەو ماددەیە لاببەن، دوایێ وەزارەت ئەگەر پێویستی بوو بە پرۆژەیەك بۆمان بنێرێت، ئێمەش هەمواری دەکەین، جارێ ئەوە یەکلا نەکراوەتەوەو لیژنەی ئۆلۆمپی و وەزارەتی ناوخۆ، مەجلیسی وزەرا هینێك بکاتن دەسەڵاتەکەی بداتەوە بە پرۆژە بۆمان بنێرێت، ئەوەی موافەقەت بکاتن، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو دوابخرێت، ئێستا گلەییەکی زۆر لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی چەند چالاکی ڕاگیراوە، وا دەبێتن تەفلیسی ریازە دەبێتن، تا ئێستا ئێمە موسەبیب نین، ئەنجامەکەی وا لێ دێتن، پێم وایە ئەگەر ڕەئی جەنابتان لەسەر بێتن، لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە ئێستا دادەنیشن لەسەر ئامانجەکان بیر کردنەوەیەکی تر بکەینەوە بزانین منیش پەیوەندی بە هەندێ پسپۆر دەکەم لەو بوارەدا بەتایبەتی، بۆ ئەوەی بتوانین شتێکی وا بێتن لێی تەواو بین و بەشێوەیەکی وا بێتن هەم ڕەچاوی ڕەئی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە، مادام وایە ئەو پێشنیارە باشە، ئەو ماددەیەش دوابخرێت، سەعات (3،30) بێینەوە باشە، سەعات چوار دێینەوە لەو بەینەش لیژنەکان لەگەڵ جەنابی وەزیر ئەو ماددەیە یەکلا بکەنەوە، دوو مانگ پشووی پەرلەمان بووە، مانگی سێش لەبەر پشووی ئەو مانگە هیچ کۆبووەوەیەکمان نەکردووە، ئەو هەموو پرۆژەیەمان لە پێشە، لەبەر ئەوە دەبێت زەحمەت بکەینە سەر خۆمان پێنج شەممە و شەممانیش دەوام بکەین، حەزیش دەکەن دەخەینە بەیانی، بەڵام سەعات چوار باشە، زۆر سوپاس کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، بەرنامەی کارمان بەردەوام بوونە لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان، داوا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، ئێمە بۆ ئاگاداریتان بەیانی دانیشتن ناکەین، بۆ ئەوەی ئیسراحەت بکەن، بەڵام ڕۆژی شەممە لە سەعات (10)ەوە جەنابتان لێرە بن بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفال (4/14)ە، بەرنامەکەمان ئەوەیە عەلەمی کوردستان بەرزی دەکەینەوە، کە هەمووتان دەزانن چۆن تەرتیب کراوە، نمایشێك تەقدیم دەکرێت، وەکو ساڵی پار، دواتر دێین لێرە دادەنیشین و جەنابی سەرۆکی وەزیران بەشداری دەکات

لەگەڵمان، لەگەڵ وەزیری کارەبا، تەبعەن باسی ئەنفال و راپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری دەخوێنێتەوە، دواتر داوا لە وەزیری کارەبا دەکەین بۆچوون و رەئی خۆی لەسەر کێشەی کارەبا بدات، جا کێشەکە چییە، لە چی پێکهاتووە، چی کراوە، دواتر سەرۆکی حکومەت وتاری خۆی دەخوێنێتەوە، جا وتارەکەی خۆی پێشتر دەخوێنێتەوە، یان دەکەوێتە دواوەوە، جا لەبەر رۆشنایی ئیتیفاقە تەرتیبی دەکەین، ئەو دوو تەوەرەیە، دەمانویست تەوەری سوتەمەنیش داخیل بکەین، بەڵام بەڕاستیەکەی کێشەیەك هەیە ئاشکراشە، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە یەك وەزیرەوە نییە، وەزیرێك نییە بتوانین لێی بپرسین، دەسەڵاتەکان دابەش کراوە لەسەر پارێزگاکان و، یەعنی لێرە نەوعێکە لە هەولێر، لە سلێمانی نەوعێکەو، لە دهۆك نەوعێکی ترە، بۆیە رەئیمان وایە لیژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان بەو ئیشە هەڵبستێت، ئەو مەسئوولە بەرپرسانەی لەو مەوزوعەدا بەرپرسن بانگیان بکەن بە تەفسیلات لەگەڵیاندا موناقەشە بکاتن و راپۆرتی خۆی بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئێمەش هەڵوێستمان بەرامبەر ئەو مەلەسەیە دیاری بکەین، بۆیە کۆبوونەوەی داهاتوومان رۆژی شەممە بێت بۆ بەرز راگرتنی ئەنفال و کێشەی کارەبا، تکا دەکەم هەمووتان لێرە بن ئەساسەکە بەرز راگرتنی ئەنفالە، بەڵام ئێمە بە پێویستمان زانی، چونکە دەمێك بوو داوای بانگ کردنی وەزیری کارەباتان کرد بوو، ئێمە لەگەڵ ئەو دانیشتنە تێکەڵی بکەین، بەڵام مەسەلەکە موسائەلە نییە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی تر نیزامی داخیلی خۆمان هەموار دەکەین، بەڵام لە راستیدا لە لایەنی خۆمانەوە نابێت کەم و کورتیمان هەبێت لەوەدا، چۆنیەتی بانگ کردنی وەزیر تەریقەی خۆی هەیە، دەبێت لیژنەکان راپۆرتی خۆیان هەبێت، ئەو پرسیارەی کە دەمانەوێت ئاراستەی وەزیر بکەین، دەبێت بنووسرێت، ئیستیمارەی خۆی تایبەت هەیە، پێش هەفتەیەك بینێرین بۆ حکومەت، بڵێین دەمانەوێت فلان وەزیر بانگ بکەین و ئەوەش پرسیارەکەیەتی خۆی حازر بکات، ئینجا دیاری دەکات و دێ لێرە پرسیارەکەی لێ دەکەین و موحەدەدە و دەبێت بزانرێت، هەندێ جاریش ئەگەر پرسیاری تازەش بێتە پێشەوە، دەتوانێت وەڵام نەداتەوە، یان ماوە وەربگرێت بۆ ئەوەی لە مەسئوولەکەی خوارتر لە خۆی بپرسێت لە تەفسیلاتدا وەڵاممان بداتەوە، یەعنی بەو تەریقەیە ناکرێتن بڵێین وەزیر بێتە ئێرەو دوایێش دەرگا بکەینەوە چل کەس پرسیاری لێ بکات و جەنابی وەزیریش نەخۆی ئامادە کردووە، نە پێشەکی پرسیارەکەی بۆ چووە سوء فەهمێك لێرە دروست دەبێت، کە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە خزمەت بکەین و وەزعەکە چاك بکەین و بەپێی ئسلوبێکی دارێژراو و رێککەوتوو لەسەری، لەسەر ئەوە بڕۆین، بۆ ئەوەی نە لە بەرنامەی ئێمە تێك بداتن، نە کێشە بۆ حکومەت پەیدا بکاتن، ئیلا ئەگەر ئەو موشکیلەیە لە پێناوی چاك کردنی وەزعێکی خراپ بوو، مانیعمان نییە موشکیلە دروست دەکاتن، بەڵام ئێمە دەمانەوێت هەردوولامان چارەسەری کێشەکان بکاتن، بۆیە پێم وایە کاتێك کە موناقەشە دەکەن، پرسیار دەکەن ئەو کەسەی پرسیارێکی موحەدەدی هەبێت بیکات قەیدی ناکات، بەڵام هینی ئەوە نەبێتن هەر هەموومان پرسیارمان هەبێتن، ئەگەرنا هەدەفەکە موسائەلە نییە، بەڵکو ئەو دانیشتنە گوێ گرتنە لە بۆچوونەکانی وەزیر، بەتایبەتی وەزیری کارەبا چی کردووە، چ کراوە، کێشەکە چییە؟ دەکرێت چوار کەس، یان پێنج، یان

شەش، یان حەوت کەس پرسیار بکەن، بەڵام ناکرێت هەر هەموومان پرسیار بکەین بەڕاستی، لە بیریشمان نەچێتەوە هەدەفەکەمان بەرز ڕاگرتنی یادی ئەنفالە کە دەکاتە (4/14) لەم ڕۆژەدا پشووشمانە، بەڵام پشووەکەمان دەشکێنین، بۆ ئەوەی بتوانین کەمترین ئەرك بکەین لەم ڕۆژەدا بەرامبەر قوربانیان ئەنفال و کەسوکارانی ئەنفال ئەنجام بدەین و، پێشیان بڵێین ئێمە لە خەمی ئەوان داین قەتیش ئەو کارەساتە لە بیر ناچێتن.

ئومێد دەکەم لیژنەکان لەگەڵ جەنابی وەزیر گەیشتۆنەتە نەتیجەیەك، هەردەم دانیشتنەکانی دوای نیوەڕۆمان خۆشتر و ئاسانترە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر سێ لیژنەکان، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان لەگەڵ جەنابی وەزیر جارێکی تر دانیشتینەوە، دوای ئەوەی کە گفتوگۆیەکی تەواومان کرد، گەیشتینە صیغەیەکی موەحەد بۆ هەردوو ماددەکە، ماددەی پێنجەم بوو وامان لێ کرد.

(المادة الخامسة: للوزارة وضع نظام لكيفية التعامل مع الاندية والاتحادات الرياضية بما ينسجم مع التوجهات الديمقراطية لحكومة الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە نابێتن من پێم وایە هەرچی مەترسیمان هەبوو نەماوە لەو صیغەیە، وەزارەت بۆی هەیە نیزامێك دابنێتن بۆ چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ ئەندیەی ریازی بەشێوەیەك لەگەڵ تەوەجوهاتی دیموکراتی حکومەت بگونجێت، هینێکی زۆر باشە، دیموکراسیە، ڕێز گرتنە لە ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ئەو مەترسیانەی کە ئەمڕۆ بەیانی نیشانتاندا بەو صیغەیەی ئێستا نەماوە، من پێم وایە بیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشیناره تازەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سوپاس.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم, هەندێك بڕگەمان تێکەڵ کرد و لێکمان دان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرسێ لیژنە موتەفیقن لەسەری.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ڕوونکردنەوەم هەیە لەسەر ئەو قسەیە, من موتەفیق نیم, چونکە من لەوێ نەبووم, من وەکو سەرۆکی لیژنە ئامادە نەبووم لەو کۆبوونەوەیە، هۆکاریشی هەیە بەڵام ناکرێت باسی بکەم, قسەی خۆم هەیە وەکو لیژنە, ئەگەر پێشنیارێك هەبوو تەئیدی دەکەین, ئەگەرنا ڕەئی خۆمان دەدەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان حازر بووین و لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکان هاتووە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و جەنابی وەزیر باسمان کردووەو خاڵەکان باس کراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هۆی ئامادە نەبوونی سەرۆکی لیژنە چییە؟

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئاگادار کراینەوە کە دابنیشین, جارێ یەکەم جار کە ئاگادار دەکرێینەوە, کە کاك ئارام دەڵێت ئێمە ئامادە بووین, کێ تەکلیفی کاك ئارامی کردووە لەو لیژنەیە ئامادە بێتن، من سەرۆکی لیژنەمە تەکلیفیم نەکردووە بێت لەوێ ئامادە بێت, ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە چەند سەرۆك لیژنەیەك لەوێ بووینە, ئەو سەرۆك لیژنانەی کە لەوێ بووینە هەموومان وەکو یەك سەرۆك لیژنەینە، لە ماف، لە دەنگداندا، کە ویستمان لەوێ ئیشەکان بڕوات، کاك شێروان ئیعتیادی سەرۆکایەتی کرد، پێشمان ئیعتیادی بوو، بەڵام جەنابی وەزیر سێ کەسی هێنا بوو، بەناوی پسپۆڕ هێنا بووی من نایانناسم لە پێناسە کردنی خۆیان قسەیان زیاتر کرد، منیش وتم پێویستە پێش ئەوەی قسە بکەن ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێت، کە پرسیارەکانیش دەکرێت پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە ئیجازە لە سەرۆکی جەلسە وەربگرن، یەعنی من خۆم ئیعتیرافم پێ کرد، ئەگەر هاتوو لە کاتێکدا دانیشتنێکی وا دەبێت چوار سەرۆك لیژنە بین، دەبێت خۆمان یەکێك دەست نیشان بکەین کێ سەرۆکایەتی جەلسە بکاتن، ئەوەشمان نەکرد بوو، هەروا کاك شێروان بووە سەرۆکی لیژنە، کاك شێروان ئیسلوبەکەی لەبەرامبەر ئەو سێ برادەرە کە ناویان پسپۆڕ بوو، من نازانم پسپۆڕن، یان پسپۆڕ نینە، زۆر بە ئیسلوبێکی توند وتی تۆش لەسەرەتا پێش ئەوەی قسەی بکەیت دەبێ ئیجازە لە سەرۆکی جەلسە وەربگریت، کە من

ئەو حەقە بە كاك شێروان نادەم، من سەرۆكی لیژنەمە، ئەویش سەرۆكی لیژنەیە، حەقە پێكەوە قسە بكەین و هاوكاری و هەماهەنگی بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر تەكلیفەكە لە پەرلەمان نەبوایە بۆ ئەو كۆبوونەوەیە، ئەو دوو وجهە نەزەرەی كاك ئارێز ڕاست دەكات، بەلام تەكلیفەكە لە لایەن ئێمەوە بوو، قەراری كۆبوونەوە بووە ئەو سێ لیژنەیە، نە دەبوایە كۆبوونەوەكە بەجێ بهێڵی، دەبوایە لەوێ بەردەوام بیت و ڕەئی خۆشت بنووسی، كە ڕۆیشتی لیژنەكە كۆبوونەوەكەی خۆی بەردەوام كردووە، دەتوانی تۆ وەكو ئەندام پەرلەمان دواتر ئیعتیرازی خۆت بنووسی، نەك وەكو لیژنەكە، وەكو ئەندامێكی پەرلەمان دەتوانیت ڕەئیەكانی خۆت بڵێی كە موعتەریزی و وجهەی نەزەری خۆت شەرح بكەیت، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی نیزام داخیلی، ئەگەر هاتوو سێ، چوار لیژنە پێكەوە كۆبوونەوەیان ئەنجامدا، عادەتەن ئەوەی بە تەمەن گەورەیە ئەو سەرۆكایەتی لیژنەكە دەكات، ئەوە یەك، من بە تەمەنترین ئەندام بووم لەوێ، بۆیە سەرۆكایەتیم كردووە، واتا سەرۆكایەتی ئەو لیژنەیەم كردووە بەگوێرەی نیزام داخیلی، بەلام هەندێ برادەر ئیستیفزاز دەبێت لە هەندێ قسە، یاخود من دەمەوێ زەبتی هەر چوار لیژنە بكەم پێی ڕازی نییە، ئەوە مەوزوعێكە عاید بە خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا كاكە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵەكان ئێمە سێ و پێنجمان لێك دایە كردیتمانە برگە سێ, (13و 14و 24)مان لێك داوە كردیتمانە بڕگە (13), ئەوانە ئێستا كاك كەریم بۆمان دەخوێنێتەوە بە كوردی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سەر لە نوێ بخوێنەوە بزانین چیتان كردووە، یەكە یەكە بڵێن ئیختیلافمان لەسەر نییە, ئەوەمان وا لێ كردووە, یان بڵێن یەك خیلافمان لەسەر نییە, دوو/ وامان كردووە.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دووەمی پرۆژەكەوە هەیە, هەندێك خاڵی سەرەتا دەخوێنینەوە لیژنەكە لە سەرەتادا هاوڕا بوون و هیچ ناكۆكیەكی لەسەر ئەو خاڵانە نەبوو, ئەو خاڵانە دەخوێنمەوە, ئەو خاڵانەی كە ناكۆكی هەبوو, ئێمە لەسەری ڕێكەوتین ئەوانیش ئاماژەی پێ دەدەین لە كاتی خوێندنەوەیدا:

یەك: خستنە سەری دوو بڕگەی زنجیرەی سێ و چوار بۆ ئەرك و فەرمانەکان بەم شێوەیەی خوارەوە, هەمووی دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەیانی هەمووی خوێندرایەوە, تۆ ئەو ئیتیفاقیەی دوایی تەعبیر لە سێ لیژنەکە دەکات، ئەوەی بخوێنەوە.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرسێ لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری لەسەر ئەو خالأنە رێکەوتوون:

بڕگەی سێ و پێنج دەکرێت بە بڕگەی سێ بەو شێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

(بنیاتنانی مرۆڤ لە رووی جەستەیی و دەروونی و پیشەیی و پەروەردەی کۆمەلأیەتی, بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی کارا لە کۆمەلگادا بە هاوکاری وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو بڕگەیە دەکرێتە یەك بڕگە، شتێکی وا ناگۆڕێتن, یەعنی بڕگەی سێ و پێنج دەبێتە بڕگەی سێ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە, کاکە ئیعتیرازت هەیە لەسەری بۆ ئەوەی زۆر تێکەلأو نەبێتن و سەرمان لێ نەشێوێت, فەقەرە فەقەرە هینی بکەین, کاك دلێر فەرمو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بڕیارێکمان وەرگرت کە هەموو لیژنەکان بە یەکەوە کۆببنەوەو سەر لە نوێ صیاغەی بکەینەوە, واتا بیرو بۆچوونێکی یەکگرتوویان هەبێت, لەبەر ئەوەی چاکتر وایە, بۆ ئەوەی ئێمە ئیستیفادە لە کات بکەین لەسەر چی رێککەوتوون بیخوێننەوە, نەك پێمان بلێن ئەوەمان کردووەو ئەوەمان کردووە, چ صیاغەیەکیان هەیە بخوێننەوەو، چ خیلافێك هەیە موناقەشەی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوان ئێستا لەسەر بڕگە یەك خیلافیان نییە, وەکو خۆی دەمێنێتەوە وا نییە؟ بڕگەی دووش خیلافیان نییە وەکو خۆی دەمێنێتەوە, گەیشتینە بڕگەی سێ, دەلێن بڕگەی سێ و پێنج دەمج بکرێت بەو صیغەیەی کە خوێندرایەوە, کەس خیلافی هەیە سێ و پێنج دەمج بکرێت, دەیخەمە دەنگدانەوە، موافیقن لەسەر ئەوەی بڕگەی سێ و پێنج دەمج بکرێت بەو صیغەیەی کە خوێندرایەوە دەستتان بەرز بکەنەوە تکایە؟ زۆر سوپاس، کەس موعتەریز نییە، تەواو کەواتە یەك و دوو, سێ و پێنجیش دەمج کرا بووە بڕگە سێ، کەواتە یەك و دوو و سێ تەواو، مولاحەزەی دووەمتان فەرمو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵەکانی دیکە، کە لەسەری کۆکین خاڵی (13و 14و 24) دەبنە یەك خاڵ و زنجیرەی (13)م وەردەگرن، زنجیرەی (13) بەو شێوەیەی خوارەوە دەڕێژرێتەوە:

(کار کردن لە پێناو پتەو کردنی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان لاوانی هەرێمی کوردستان و لاوانی هەرێمەکانی دیکەی عێراق لە ڕێگەی دامەزراندن و پتەو کردنی پەیوەندی وەرزشی و لاوی, هەروەها لەگەڵ ڕێکخراو و لیژنە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن ئەوە جەنابی وەزیریش موافیقە لەسەر ئەوانە لەگەڵیان بووە, چونکە قەرارەکەتان وابوو لەگەڵیان دانیشتووە, لەسەر ئەو پێشنیارەی هەر سێ لیژنەکە کە خاڵی (13و 14و 24) لە یەك نزیکن کردیانە یەك فەقەرە بەو شێوەیەی کە خوێندیانەوە, کەس ئیعتیرازی هەیە, کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس یەك پێشنیار, لێرە گوتیان (بقية اقاليم العراق)، هەر لە صیغە موتەفیقەکەش وای خوێندەوە, من پێم وایە بگوترێت لاوانی تری عێراق, چونکە هەتا ئێستا ئەقالیمی نییە, یەعنی زۆر قانونی نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکات هەرێمەکانی لێ لا ببەن, چونکە دیار نییە، لاوانی تری عێراق، ئەوە باشە ڕاست دەکات، ئەو سێ فەقەرەیە بۆتە یەك فەقەرە وەکو خوێندیانەوە، هینەکەش لا دەبەین، هەرێمەکانی عێراق، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی هەشتەم ڕستەی (خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان) دەخرێتە سەر لە دوای پاڵەوانان, کە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت:

(چاودێری کردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان و دابین کردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەکانیان).

(خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان) واتا (المعوقين، ذوي الاحتياجات الخاصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەرەتای ڕستەکە لە عەرەبیەکە (رعاية)یە.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لای ئێمە كە پێشنیارمان كرد هەمان شت, بەس بە بڕگەیەكی تایبەتمان كردووە (بایەخدان بە لاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەست گرتنیان و بەرز كردنەوەی ئاستی هوشیاری و روون كردنەوەی رۆشنبیری و هونەریان), ئەو صیاغەمان زیاد كردووە بۆ ئەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بایەخدان، ئیهتیمامە ریعایە نییە, چونكە كەلیمەكە بە عەرەبی هاتووە (رعایە).

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵام دەست گرتنیانی تێدایە, دەست گرتنیان بۆ ئەوە, با چاودێری كردن بێت, لە دامو دەزگاكانی حكومەت لە جیاتی ریعایە چاودێری بەكار هاتووە, بۆ ئاگاداری دەشكرێت شتێك بۆ دوو شت بەكار بهێنرێت.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەكە لە ئەساسدا بە كوردی هاتووە, ئێمە بۆ بگەڕێینەوە بۆ ئەساسەكەی كە گوایە عەرەبیە ریعایەیە یان نازانم چیە, چۆن هاتووە بە كوردی چۆن ئیتیفاق دەكەن, پێویست ناكات ئێمە موراقەبەی لەگەڵ ریعایە بكەین, چونكە لە ئەساسدا پرۆژەكە بە كوردی هاتووە, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە هەردوو زمان هاتووە, ئەوان ئەساسیەكە بە عەرەبیان نووسیووە تەرجومە كراوە بۆ كوردی, لە ئەساسدا بە عەرەبی نووسراوەو تەرجومە كراوەتە كوردی, دەباشە موشكیلە نییە چاودێری بمێنێتن، دوایێ ئەگەر وشەیەكی باشتر هەبوو دایدەنێین موشكیلە نییە, بایەخدان باشتر نییە، كە دەكاتە ئیهتیمام, ئاخیر ئیتیفاقیان كردووە، بیكەنە بایەخدان باشترە.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ریعایە تەنها بۆ موعەوقین و قاصر بەكار دێت عادەتەن, ئەگەر بكرێتە بایەخدان و هاندان بە عەرەبیەكەی (الاهتمام والتشجیع الریاضیة).

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە نازانم موناقەشەی ناوەڕۆكی ماددەكە دەكەین, یان كەلیمە و تەرجومەو جوملەو با جارێك رێككەوین لەسەر ئەوە, مەلەسەن ئەوە رەنگە موناقەشە هەلگرێت، ئەو صیغەی لیژنەی قانونی, یان ئەو صیغەی لیژنەی پەیوەندییەكان, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە دەمانەوێت پێش ئەوەی موناقەشەی بكەین, ڕێكەوین بۆ ئەوەی لە موناقەشەشدا بزانین موناقەشەی چی دەكەین, چاودێری موڕاقەبەیە, ئەوە چ عیلاقەی هەیە، دەڵێم موڕاقەبەی چی دەكەی, بەڵام ئەگەر ڕیعایە بێتن دەڵێم باشە, بۆیە ئەو كەلیمەیە یەك لا بكەینەوە, ئینجا پشتگیری لە لیژنە دەكەین و كێیش موعاریزە دەتوانێت موناقەشە بكات, بایەخدان باشە, كەلیمەی ترت هەیە, ئەی, ئێستا بەو صیغەیە ئەو سێ لیژنەیە ئیتیفاقیان كردووە, كەسێكتان قسەتان هەیە, پەخشان خان.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو صیغەیەی كە لیژنەی قانونی هێنایەتی تەنها بواری وەرزش دەگرێتەوە بەنیسبەت خاوەنی پێداویستییە تایبەتیەكان, بۆیە من صیغەكەی كە كاك ئارێز گوتی پێم موناسیب ترە, چونكە بایەخێكی هەمە لایەن پێویستە بەو خاوەن ئیحتیاجاتی خاصە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی مەلەسەی موعەوقین، كەم ئەندامان دەبێت فەقەرەیەكی تایبەت بێت، چونكە ئەگەر تەماشای ئەساسی پرۆژەكە بكەین هی وەزارەت لەوێ مودیریەتێكی بۆ داناوە، كە ئێستا ئێمە موناقەشەی دەكەین، چونكە ئەوە عایدی خۆیانە، بەڵام موعەوقین لە هەموو دنیادا دەبێت بڕگەیەكی تایبەت بێت، دەبێت جیا بكرێتەوە، یەعنی وەرزشی موعەوقین جیاوازە، بۆ تێكەڵ بكرێت لەگەڵ بەهرەمەندان و لەگەڵ خەڵكی تر، یەعنی بە ڕەئی من فەقەرەیەكی تەنیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر وشەی چاودێریەكە دەتوانین بیكەینە وشەی پشتیوان، (پشتیوان كردنی وەرزشوانان و بەهرەمەند و توانادار و پاڵەوانان و دابین كردنی شێوازی گونجاو بۆیان تا بتوانن بەردەوام بن لەسەر بەخشینەكانیان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری بووە بە خاڵێکی تایبەتیشمان هێناوە ئەوەی کاك بەڵێن دەڵێن بە خاڵێکی تایبەتیش پێشنیارمان کرد بوو بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوەی نالێم صیغەکەی کاك بەڵێن وتی، کە پەخشان خان پشتگیری لێ کردی کەسی تر پشتگیریت لێ دەکات، سێ لیژنەکە گەیشتووتەنە ئەو صیاغەیەی کە خوێندیانەوە، کاك ئاریێزیش صیاغەیەکی تری خوێندەوە کە لە لیژنەکە چۆتە دەرەوە، پەخشان خان دەڵێت ئەو صیاغەیەی کاك ئاریێز باشە، جا لەبەر ئەوە ئەگەر کەسێکی تر هەمان رەئی هەیە، فەرموو با قسە بکات و هەندێك بۆمان شەرح بکاتن بلێ بۆ، هەمان رەئی، کاك ناصح هەمان رەئی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاك ئاریێز کردی فیعلەن باشتر و شاملترە، بۆیە منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەك پرسیار لە لیژنەکان دەکەم، موعەوق تابعی وەزارەتی وەرزشە، یان شوئونی ئیجتیماعی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی پەیوەندییەکان دەکەم، لەبەر ئەوەی لە رووی ماناو ناوەڕۆکیشەوە باشترە لەوەی کە لیژنەکان لەسەری رێککەوتوون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە هەردوو رەئی باشە، بەڵام چاودێری کردن وەکو موتابەعە و بەدوا داچوون شتێکی لەو بابەتەیە، بەڵام ئەوەی کاك ئاریێز باسی کرد شاملترە، نەوەکو هیچ گۆڕانکاییەکی وای تێدا نییە، بەس ئەوەی کاك ئاریێز باشترەو من پشتگیری رەئیەکەی ئەو دەکەم، چونکە شمولی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخی نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی پەیوەندیەكانمان پێ باشترە، لەبەر ئەوەی جیای دەكاتەوە بەڕاستی، یەعنی بزەبت هەردووكی وەكو یەك نییە، ئەگەر هەردووكی وەكو یەك بوایە، ئەو رەئیە دەرنەدەچوو، لە یاساش پێم وایە شتەكان چەند زەق تر و وازیح تر بن ئەوەندە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم مجيد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی لیژنەی پەیوەندییەكان وازیح ترەو هەمە لایەنە ترە، هەموو لایەنەكان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە بە رای من دەستەواژەی باشیان تیا بەكار هێناوە باشترە ئەگەر بچەسپێت، چونكە هەم بواری وەرزش و هەم بواری لاوانیشی تیا جێ كراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشيد سليم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوا دەكەم ئەو ماددەیە بخەنە دەنگدان و كۆتایی پێ بێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چۆنە، بۆ ئەوەی رەئیەكە شەرعیەتی وەربگرێتن، دەبێت شەش حەوت كەس پشتگیریت لێ بكاتن، ئێستا كرا، جەنابی وەزیر رەئیت چیە لەسەر ئەو پێشنیارەی كاك ئارێز وەكو ئەندامی پەرلەمان، نەك وەكو لیژنە، كە چەند ئەندامێكی پەرلەمانیش پشتگیریان لێ كرد لە جیاتی ئەو صیغەیە رەئیتان چیە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن هەرچی شتی ئیجابی ئیزافە بكرێتن من دژی نیمە شتێكی باشە، من خۆمان لە تەوجیهاتی رۆژانە پیادە دەكەین، بۆیە موشكیلە نییە ئیزافەش بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیازەی كاك ئارێز ئەندامی پەرلەمان كە چەند ئەندامێكی تر پشتگیریان لێ كرد ئەو صیغەیە لە جیاتی صیغەی لیژنەكانی تر بێت، كێ لەگەڵ صیغەكەی كاك ئارێز و پەخشان خانە دەستی بەرز بكاتەوە؟

زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، باشە پێشنیارەکەی کاک ئاریێز پەسند کراو دابندرێت لەو فەقەرەیەدا.

**بەڕێز ئاریێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە من حەقم نییە لێرە دانیشم، داوا دەکەم کاک جەمال بێت لێرە دابنیشێت، چونکە ئەو بەشداری کۆبوونەوەکەی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاست دەکەیت ئەوە خاڵی نیزامیە، دەبوایە یەکێکی تر بڵێتن، سوپاست دەکەین ئەوە ڕەخنە لە خۆشتە، کاک جەمال فەرموو، ئەوە هەم خاڵی نیزام بوو، هەم ڕەخنە لە خۆشت بوو دەستی خۆش بێت، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی (11) ئەوەی لەسەری ڕێکەوتووین ئەوەیە کە ئەو ڕستەیە بخرێتە دوایی ڕستەی خاڵی یازدە, خاڵی یازدە بەو شێوەیەی لێ دێتن (چاندنی چمکە دیموکراتیەکان و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و بلاَو کردنەوەی بیری کوردستان پەروەری و میللەت پەروەری و بیری جەندەری و هاندانی گفتوگۆی هزری و ڕۆشنبیری لەنێو لاواندا) بخرێتە سەر خاڵی یازدەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو ئیعتیبارەی کە پەخشان خان سەنتەرێکی داناوە بەناوی جەندەری و هەتا دوایی بۆمان شەرح بکات تکایە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەسڵەن لەگەڵ ئەو صیاغەیە نیم، چونکە ئەوا ورد کردنەوەی ڕۆشنبیری ئەوەو ئەوەو ئەوە, ڕۆشنبیری کردن بە هەموو فیکری ئینسانی و خۆشەویستی نیشتمان، فیکری ئینسانی، قیەمی بەرزی فیکری ئینسانی هەموو شتێك دەگرێتەوە جەندەر دەگرێتەوە، خۆشەویستی میللەت و میللەت پەروەری و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، بۆیە من وا تەسەور دەکەم ئیختیصاری بکەین، یەعنی چ چەسپاندنی ڕۆح و فیکری ئینسانی و بەها بەرزەکان و نیشتمان پەروەری، هەتا ئەو کوردستان پەروەری و میللەت پەروەری ئەوانەش لام وایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازەم بدەن, ئەوە هەمووی زیادە، کوردستان پەروەری و میللەت پەروەریەکە ببێتە نیشتمان پەروەری هەمووی دەگرێتەوە, تەواو موختەصەر موفید، ئەگەر موافیقن جەنابی وەزیرو لیژنەکان، ئێستا پێشنیاری خۆم دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە

**دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ قەبول کرا، جوملەیەك بڵێ میللەت تێبگات, حاکم تێ بگات و، فەرمانبەر تێ بگات، بادینانی تێ بگات، گەرمیانی تێ بگات، نیشتمان پەروەری هەمووی وازیحە و شاملترە، فەرموو ئەوی تر.**

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خاڵی (25) بەم شێوەیە تەنها ( وەزارەتی خوێندنی باڵای) دەخرێتە سەر بەم شێوەیە:**

**(هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا بە مەبەستی پشتیوانی لە چالاکی وەرزشانەی خوێندکاران).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**زۆر تەبیعییە پەروەردەو خوێندنی باڵا، خوێندنی باڵا ئیزافە کراوە، باوەڕ ناکەم موناقەشەی لەسەر بکرێت، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، خاڵێکی تر ئیزافە ماوە، چییە؟ ئەوەی کە پێشنیاری تازەتان.**

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**لەبەر ئەوەی لە کۆبوونەوەی پێشوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزشە میللەیەکانمان زیاد کرد، بۆیە یەك لە ئامانجەکانی لە ئەرك و فەرمانەکانی لە وەزارەت زیاد کران بەم شێوەیەی خوارەوە: (زیندوو کردنەوەو پەرە پێدانی یاری و وەرزشیە میللەیەکانی کوردستان).**

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاری موفرەدە، یارییە، کە دەڵێیت یارییە وەرزشیەکان ئەوە جەمعە، بیکەین بە یارییە وەرزشیەکان دەبێت، بەس یاری نابێت, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بە عەرەبیەکە بخوێنەوە.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(احياء وتطوير الالعاب والرياضات الشعبية في كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**ئێستا کوردیەکە دەبێتە یارییە میللەیەکان، فەرموو کاك ئارێز، دوایێ پیر خدر، دوایێ دکتۆرە شوکریە.**

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئید دەکەم، بەلاٚم لە جیاتی زیندوو کردنەوە بە کوردیەکەی بکرێتە بووژاندنەوەی، چونکە یاری نە دەمرێت، نە زیندووش دەکرێتەوە، بووژاندنەوە شتێك هەیە دەبووژێندرێتەوە، واتا بووژاندنەوەو پەرە پێدانی یارییە وەرزشییە میللەیەکان، بووژاندنەوە بەکار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز خضر خلیل سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمبێژین بۆ وەرزش و یارییە میللەیەکان دی رێکترێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شوکریە خان فەرموو.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش هەر ویستم هەمان قسەی کاك خدر بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێی نازانم، یەعنی قەد نەم بیستووە ریازەی شەعبی، ئەلعابی شەعبیم بیستووە، بەس ئەوە پرسیارە یەعنی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یارییە میللیەکان، یان ئەلعابی شەعبیە، (الرياضة والالعاب الشعبية).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای گفتوگۆ کردن خاڵەکە بەم شێوەیەی لێهات (بووژاندنەوەو پەرەپێدانی وەرزش و یارییە میللیەکانی کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستاکە ماددەکە هەمووی لەبەر ئەوە دەبێت

مولاحەزەی ئەوە بکەین، ئەو ماددەیە خوێندرایەوە، دواتر راپۆرتی لیژنەی یاسایی خوێندرایەوە، ئەو تێبینیانەی لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان هات، دوایێ لەسەر داوای ئێوە لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتن ئەو ئیختیلافاتانەی کە هەبوو تەوحیدیان کرد، یەعنی ئەوەی ئێستا خوێندرایەوە رەئی هەر سێ لیژنەکەیە، ئەوەی کە باسیان نەکردووە یەعنی موتەفیقن لەسەری، چ لە ئەسڵی راپۆرتەکە هاتووە، چ لەو تێبینیانەی کە لیژنەکان داویانە خوێندراوەتەوەو پێویست نەبووەو ئیختیلافیشی لەسەر نەبووە، دووبارە نەکراوە لێرە، لەبەر ئەوە لاتان روونە، بۆیە بەو شێوەیە ئەگەر کەسێك ئیعتیرازو خاڵی نیزامی نییە لەسەر قسەکەم، فەرمووو کاك زرار.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی بیست و دوو چی بەسەر هاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی ماوەتەوە، باشە بزانین کێ قسەی هەیە، ناویان دەنووسم، دکتۆر خاڵی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیاز دەکەم کەوا تێکڕای ماددەکە بخوێندرێتەوەو ئیتر بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەرە (22) ماوە، باشە ئێستا لەسەر فەقەرە (22)ە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ارام رسول مامند:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر فەقەرە (22) نییە، ئێمە پێشنیارێکمان داوا کرد لە کۆبوونەوەکە، دیار بوو عەرزی جەنابی وەزیر کراو بڕیار بوو کە جێی بۆ بکرێتەوە، بەس من گوێم لێ نەبوو برادەران باسی بکەن و بیخوێننەوە، سەبارەت بە زیاد کردنی بڕگەیەك لە ئەرك و مەهامەکان، کۆچی گەنجان و لاوان بۆ دەرەوەی وڵات، دیار بوو موناقەشەی لەسەر کراو بڕیار درا بەشێوەیەك، بە صیغەیەك جێی بۆ بکرێتەوە، بەڵام گوێمان لێ نەبوو برادەران باسی بکەن و بیخوێننەوە، پێشنیارەکەی ئێمە ئەوە بوو کە تاکو ئێستا لە دامودەزگاکانی حکومەت بەڕاستی هیچ کەسێك ئەو ئەرکەی نەخستۆتە سەر شان بۆ دیراسە کردنی سەبەبی کۆچی گەنجان و لاوان لە کوردستانەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بۆیە پێمان وا بوو وەزارەت ئەوە پێویستە تا رادەیەك بکاتە ئەرکی خۆی بۆ دیراسە کردن و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوە، یاخود رێگری لەو کۆچەی کە دەیکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاری ئەنجومەنی وەزیرانە، کاری وەزارەتی رۆشنبیرییە، پەروەردەیە، کاری وەزارەتی شەبابە، کاری پەرلەمانە، حاڵەتێکی دائیمی نییە تۆ بیخەیتە هینەوە، موەقەتە لەبەر رۆشنایی وەزعی عێراق، وەزعی عێراق چاك بێتەوەو تیرۆر نەمێنێت و ئیقتیصادی نەبێتن کۆچیش نابێت، ئەگەر ئێستا تەماشای بکەین بەنیسبەت کوردستانەوە تا پێشی (2003و 2004)و ئەوانە خەڵك زیاتر دەگەڕانەوە، بەعکسەوە دەبوایە ئیستیعابی ئەو خەڵکە بکەین، بە هەر حاڵ لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکەوە نەهاتووە، پێشنارەکەتان لەوێ کردووە، لێرە نەخوێندراوەتەوە، ئێستا کاك کەریم فەرموو.**

**بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**برگەی (22) پێم باشە نەمێنێت، چونکە لەڕاستیدا مۆڵەت پێدانی یانە و قوتابخانەکان ئەرکی ئەو وەزارەتە نییە مۆڵەتیان پێ بدات، یان هەڵبوەشێنێتەوە، یان یەکیان بخات، چونکە قوتابخانەکان هیچ رەبتێکیان بەو وەزارەتەوە نییە، پێشنیار دەکەم برگەیەکی تر زیاد بکرێت لەو بڕگانە، گرنگی دان بە جۆرە وەرزشێك کە لەگەڵ جەستەی کەم ئەندامان بگونجێت، بۆ ئەوەی کەم ئەندامانیش وەرزش بکەن و پێویستیان بە جۆرێك لە یاری و ئەوانە هاوکاریان بکرێت بۆ وەرزش، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاك رەشاد فەرموو.**

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هەمان بۆچوونی کاك کەریمم هەبوو زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**سوپاس، کاك دکتۆر دلێر فەرموو.**

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڕاستی من تێبینیم نییە سەبارەت بە خاڵی (22)، بەڵام سەرجەم ئەو ئامانجانەی لە وەزارەت هاتووە زیاتر ئەوەی من تێی گەیشتم جەخت دەکاتەوە سەر لایەنی وەرزشی، لایەنی وەرزشی لەگەڵ گرنگیا، شتێکی زۆر زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، دەبێت وەزارەت گرنگی پێ بدات، بەڵام لە هەمان کاتدا من وا بۆی دەچم ئەو کێشە هەنووکەیی و گرنگانەی کە لاوان تووشیان دەبێت، ئەو ئەرکە قورسانەی کە وەزارەت رووبەڕوو دەبێتەوە بەرامبەر بە لاوان، یەکێك لەوانە لایەنی کار کردنە، پتەو کردن و چاندنی ژیانی خۆشەویستی بۆ کار، دروست کردنی مرۆڤێك کە کاری خۆش بوێت، کە بتوانێت سبەینێ ببێت بە کەسێکی بە بەرهەم، ببێت بە باوکێك، ببێت بە دایکێك، ببێت بە کەسێکی چاك، یاخود هاونیشتمانیەکی چاك، دروست کردنی ئەم مرۆڤە یەکێکە لە ئەرکەکانی وەزارەتی لاوان، لەبەر ئەوە پێویستە خاڵێك هەبێت لە**

ئەرك و فەرمانەكانی وەزارەتدا، كە وەزارەت گرنگی بدات بە لایەنی كار كردن و خۆشەویستی، یاخود بەهێز كردنی لایەنی خۆشەویستی بۆ كار و بەرهەرم هێنان و گەشە پێ كردنی لایەنی پیشەیی لە لای لاوانی كوردستان، ئەم ئەرك و فەرمانانە دەبێت لە خاڵێك، یان لە دوو خاڵدا لە ئەرك و فەرمانەكانی وەزارەتدا پێویستە جێگیر بكرێت، ئەمە لە پرۆژەی لیژنەی پەروەردە هاتبوو، نازانم بۆچی پشت گوێ خراوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا لە چوار خاڵدا باسی هاتووە، بەڵام دوایێ جەنابی وەزیر وەڵامی دەداتەوە، كاك ئارێز فەرمووو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەندێك لە برادەران باسی ئەوەیان كرد كە ئەو بڕگەیە هەر نەمێنێت، منیش روونی دەكەمەوە قوتابخانەو پەیمانگا هیچ پەیوەندییەكیان بە وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە نییە، پەیوەندییان بە وەزارەتی پەروەردەو لە دوارۆژدا پەیوەندییان بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناكاتن ئەو ئەوەی تێدا هەبێتن، لە هەمان كاتیشدا بڕگە حەوت پێویست ناكات، بڕگەی حەڤدەهەمیش پێویست ناكات، چونكە بڕگەی حەڤدەهەم دەڵێت قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش، لە كوردستاندا نییە، یاساش لەسەر گریمان دروست ناكرێت كە لە دوارۆژدا قوتابخانە دروست دەكرێت، نازانم قوتابخانە چۆن دەكرێت یەكێك لە سەرەتاییەوە بخوێنێت تا ئەو كاتە دەچێتە زانكۆوە خوێندنی هەر لەسەر وەرزش بێتن، لەبەر ئەوە قوتابخانەی وەرزش ئێستا نییە و لەسەر گریمانیش یاسا دانانرێت.

دوو/ پەیمانگا و یانە تەنها مۆڵەت وەردەگرن بە پێویستی نازانین وەزارەت بچێتە ناو كاری تایبەتەوە، واتا یانەو مەبەستمان لە پەیمانگا ئەهلییەكانە تەنیا پێویستیان بە مۆڵەت وەرگرتنە، پێویستیان بەوە نییە وەزارەت سزایان بدات و ئەوەیان بكات، لەبەر ئەوە من پێم باشە بڕگەی (22) نەمێنێتن، جا ئەگەر مەسەلەی هۆڵی وەرزشییە و تا جێگەیەكی تر دەكرێتەوە شتێكی ترە، بەڵام كاتێك كە بڕگەی (22) نەمێنێت، بڕگەی (17)ش بە هەمان شێوە پێویست ناكات لەبەر ئەو دوو هۆكارەی باسم كرد، چونكە قوتابخانەی وەرزش نییە، یانە تەنیا پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتنە، پێویستی بە شتی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك سەردار فەرمووو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پرسیارم هەیە، ئایا ئیتیفاقێك هەیە كە سەلاحیەتی مۆڵەتدان، ئیجازات دان بۆ ئەندیە بدرێتە وەزارەتی وەرزش، چونكە ئەو سەلاحیاتە عایدی وەزارەتەكانی دیكەیە، وەكو وەزارەتی ناوخۆ، لێرە تەعاروز دروست دەبێت لەنێوان ئەو قانونەو هەندێ قانونی تر وەكو قانونی جەمعیات، هەروەها وەكو كاك

ئارێز باسی کرد، یەعنی مەعاهد تابعی هەیئەی عولیای مەعاهیدە، نەك تابعی وەزارەتی وەرزش، بەهەمان شێوە مەدارس و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی قانونی جەمعیات، نادیەکان دەبێت قانونی جەمعیات ئیجازەیان بداتێ و ئیلغایان بکات، ئەوە یەك.

دوو/ قوتابخانەکان پەیوەندیان بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، هەروەها پەیمانگاکانیش پەیوەندیان بە وەزارەتی خوێندنی بالاّوە هەیە، نازانم ئەو تێکەڵ بوونە لەنێوان ئەوانە، دەبێت قانونی جەمعیات هەموار بکرێت و یانەکان بدرێتەوە بەمان، بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان، یان ئەوە تەعاروز دەکاتن لەگەڵ قانونی جەمعیات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن ئێمە دەچینەوە خاڵی سفر، پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ دوو سێ پسپۆرم هێناو لە لیژنەکان باسمان کرد، لەسەر هەندێك شت ئیتیفاقمان کرد، ئەگەر تەماشای بکەین لە بەشە کوردیەکەی مۆڵەت پێدانی یانەو قوتابخانە و پەیمانگەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیەکان، ئەوانە ئیختیصاصی وەرزشیان هەیە، تەبعەن ئەوە ئیشی ئێمە نییە بچین قوتابخانەکان ئەوە بکەین، ئەوە شتێکی مەفهومە، ئەگەر لە مەسەلەی کەلیمات ئەوەی تێدا هەبێت (عدم وضوح)ی تێدا هەبێت، ئەوە دەتوانین گۆڕانکاری تێدا بکەین، بەس مەبەست صنف وەرزشیە، ئەوەی تریش کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان باسی دەکەن، من لە 2006/6/28 لەگەڵ جەنابی وەزیری پەروەردە رێککەوتین و کۆمیتەی هاوبەشیشمان پێك هێناوە، بۆ ئەوەی چۆن بتوانین قوتابخانەی وەرزشی بکەینەوە، دوایێ ئێمە وەکو وەزارەت کۆمیتەیەکمان هەیە لە دە وەزارەت بێتن، کە ئێمە سەرپەرشتیان نەکەین بە موافەقەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ رێکخستن و هەماهەنگ کردن و کاری لاوان لەو وەزارەتەوە، یەعنی شتێکی وا نییە ئێمە شتێکی نوێمان داهێنا بێت، تەنها ئەوەیە ئێستا بە گوێرەی یاسا رێك بخرێتن، وا تەسەور دەکەم ئەگەر بێتو ئەو موناقەشەیە بەم شێوەیە بێتن ئەمڕۆش ناگەینە نەتیجەیەکی تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاتوو سارا فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگشتی لەسەر خاڵەکان ئەوانەی گوتتان ناوی نەهاتووە، یەعنی ماوەتەوە، یەکێك لەو خاڵانە باسی هاوئاهەنگی دەکات لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام پێشنیار دەکەم ئەو هاوئاهەنگییە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریش هەبێت، کە باسی نەکرا، لەبەر ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری زۆر گرنگی بە سەنتەرە رووناکبیریەکان دەدات، کە زۆربەی توێژی لاوانن، یەعنی پێویست بە تەنسیق و هاوئاهەنگی دەکات لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری.

بەنیسبەت خاڵی دوازدەش لەو خاڵانەی کە هەیە باس لە وەرزشی ژنانە دەکرێت، ئێمە دەڵێین بایەخ بە وەرزشی ژنان بدرێت، بەڵام نەك وەرزشی ژنانە، چونکە ئێمە وەرزشێکمان نییە جیای بکەینەوە لە وەرزشی پیاوان، وەرزش هەر وەرزشە ژن بیکات، یان پیاو، لەبەر ئەوەی بگوترێت وەرزشی ژنان، نەك وەرزشی ژنانە.

بەنیسبەت خاڵی (22)ش هەر لەگەڵ رای لیژنەی پەیوەندییەکانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ماددەی دوو لەسەر دوو برگە قسەم هەیە، لە برگەی (22) فیعلەن هەموو ئازادییەکانی وەرزشکاران پێشێل دەکاتن، ئەگەر بەو نەوعە بێت، چونکە وەرزشکار هەموو ئازادییەکانی لێ دەسێندرێتەوە، وەرزش خۆی هیوایەتە نازانم ئەو هەموو سزا دان و هەڵوەشانەوەو مۆڵەت پێدان و ئەو هەموو شتە تەحەمول ناکات، چونکە وەرزشوان هەستی ناسکە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە ئەو برگەیە هەر نەمێنێت، لەوەی تریش باسی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی دەکات، هەموو وڵاتە عەرەبیەکان چەند دەوڵەتن یەك ئەنجومەنی ئۆلۆمپیان هەیە، ئێمە یەك وڵاتین دەبێت لیژنەی ئۆلۆمپی بین، ئەنجومەنی ئۆلۆمپی چۆن دەبێت، سبەینێ دێتە پەرلەمان، سبەینێ دەچێتە جێگایەکی تر هەندێك شت هەیە دەبێت تەماشای یاسای دنیاش بکەین، چونکە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بەنیسبەت کوردستان زۆر گەورەیە، من پێم وایە ئەوەش بکرێتە لیژنەی ئۆلۆمپی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بگۆڕین، دەبێت یاسای ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بگۆڕین، ئەوانە لەویان وەرگرتووە جێی موناقەشە نییە، کەی هات، من لەگەڵتم دەبێت ناوی لیژنەی ئۆلۆمپی بێت، بەڵام ئەوان

خۆیان ناوی خۆیان لێناوە، کەی بۆ ئێمەیان نارد ئەو مولاحەزە بەجێیە موناقەشەی دەکەین، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیتیحادات و ئۆلۆمپیات و زۆربەی ئەندیەکان، نالێم ئەندیەکان هەر هەموویان، ئێستاش لەسەر نیزام و قانونی بەغدا دەڕۆن لە هەرێمی کوردستان، راستە مومکینە هەندێکیان ئیجازات وەربگرن بەگوێرەی قانونی جەمعیات، بەلاّم ئێستاکە ئێمە بمانەوێت یاساکان جیا بکەینەوە بەڕاستی ئەوە پرۆژەی ئیتیحاداتی ریازی، پرۆژەی ئۆلۆمپیات لە ئەنجومەنی وەزیرانە بەو ناوەی کە ئێستا لەگەڵ جەنابی وەزیر قسەمان دەکرد، بەو ناوە هاتووە، ئەگەر گۆڕانکاری بەسەرداهات ئیمکان هەیە لە موستەقبەل تەعدیل بکرێت, ئەوە یەك.

دوو/ بەنیسبەت مەنحی ئیجازات هی ئەندیە لە عێراق ئێستاش لە کوردستان پیادە دەکرێت، بە یاسا تەنزیم کراوە، بەلاّم هەندێ ئەندیە نیزام داخیلیان وەرگرتووە ئەوە مەوزوعێکی ترە، بۆیە دانی مەنحی ئیجازات بۆ وەزارەتی لاوان بەنیسبەت ئەو ئەندیانە لە جێگای خۆیەتی و، هیچ رەبتێکی بە وەزارەتی داخیلیەوە نامێنێت، بەڵکو دێتە سەر وەزارەتی وەرزش و لاوان، ئەوانیش دەتوانن بە یاسایەکی تایبەت ئەو مەوزوعە تەنزیم بکەن، یەعنی ئێمە دەمانەوێت تایبەتمەندی خۆمان بپارێزین بەڕاستی بۆ ئێمە ئیلا لەسەر قەوانینەکانی بەغدا بڕۆین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بە حەقیقەت لەو دانیشتنەی ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی وەزیر و لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە داکۆکیمان لەسەر ئەم دوو خاڵە کرد، بەنیسبەت بڕگەی (17) لابرێت، لەبەر ئەوەی قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش نییە، موبەریر وا بوو لەسەر ئەوەی کە کۆلیژی پەروەردە بەشی وەرزشی هەیە، جا نازانم ئەوە تا چ رادەیەك، یان ئەوە هاتووە بیر بکرێتەوە لەوەی قوتابخانەی تایبەت بە وەرزش بکرێتەوە، تا لە ئێستاوە بیبەستین بە وەزارەتی وەرزشەوە، جا نازانم تا چ رادەیەك دەگونجێت.

بەنیسبەت خاڵی (22)ش هەمان شت، وا باس کرا مۆڵەت لە ناحیەی قانونی دەدرێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، بە رەئی من و رەئی لیژنەکەمان جگە لەوەی ناحیەی ئەمنی و یاسایی عادەتەن لە هەموو شوێنێك ئیجازە دان زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی داخیلیەوە هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا، بۆیە ئێمە داوامان کرد بوو ئەو دوو خاڵە لابرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من مولاحەزەیەك بڵێم كە رەئیەكان قەلب ببێتەوە، پێشنیارێكم هەیە پێم وایە سەردەكەوێت، حكومەت وەزیرە پارتیەكان بگۆڕێتن، وەزارەتەكانی پارتی بداتە یەكێتی، وەزارەتە یەكێتیەكانیش بداتە پارتی، ئەو پێشنیارە بیر بكەینەوە سێ مانگی تر وای لێ دێتن، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە برادەرانی وەزارەت و لیژنەی یاسایی كە دانیشتین لە ئاخیردا گەیشتینە خاڵی (22) تەواو ئیتیفاقمان لەسەر نەكرد، منیش هەر لەو وەختەدا راو و بۆچوونی خۆم هەبوو پێم وتن، من لەگەڵ ئەوەدام ئێستا وەكو لیژنەی پەروەردە قسە ناكەم، بەڵام رەئی خۆم مۆڵەت پێدان بە یانەو قوتابخانەو پەیمانگاكان و یاریگا ئەوە لە سەلاحیەتیەتی، سزا دانەكەشیان بەپێی یاسا بێت، چونكە ئەوە زۆر هەڕەشە ئامێز دەكات كە دەڵێت بە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێكەڵ كردنەوەیان، یەعنی ئەو یانانە خۆیان ئێستا شەخسیەتی مەعنەوی خۆیانیان هەیە، تۆ بێیت لەسەریان وەكو وەزارەت فەرز بكەیت، ئێوە تێكەڵ ببنەوە لەگەڵیان لێرە، باوەڕ ناكەم بە قسەی بەڕێزیشی بكەن، لەبەر ئەوە بە رای من خاڵەكە هەر وای لێ بێت (مۆڵەت پێدانیان و سزادانیان بەپێی یاسا)، ئەگەر هاتوو سەرپێچیەكیان كرد لەو یاسایە، ئەگەرنا ئەو هەڵوەشاندنەوەو تێكەڵ كردنەوە زیادە بە رای من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

با مولاحەزەیەكی جددی بدەین، یەعنی رەئیەكان هەمووی قابیلی ئەوەیە مەنتیقی خۆی بەقوەتی هەبێتن، چ ئەوەی دیفاع دەكات دەسەڵاتەكە بدرێتەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان، چ ئەوەی دەڵێت بمێنێتەوە لە وەزارەتی ناوخۆ، هەریەكە وجهە نەزەری خۆی هەیەو مەنتیقی بەقوەتیشی هەیە، بەڵام من پێم وایە مەسئوولیەتی هەردوو وەزارەتە، مەسئوولیەتی وەزارەتی ناوخۆشە، مەسئوولیەتی وەزارەتی وەرزش و لاوانە، ئەمەیان لە رووی فەنییەوە، ئەویتریشیان لە رووی ئەمنییەوە، یەعنی بۆچی دەسەڵات دراوەتە وەزارەتی ناوخۆ، رەچاو كردنی شروتی وەكو حزبەكان، خۆ هەر لاوان نییە، سەنتەرێكی رۆشنبیری دەكرێتەوە، كەواتە وەزارەت هیچ ئیشی نابێتن، وەزارەتی رۆشنبیری دەبێت ئەو ئیجازەی بداتن و ئەو مۆڵەت بداتن، بەڵام بەشێكی كە عیلاقەی بەوە هەیە كە تەقیمی بكاتن لە رووی ئەمنییەوە، ئەم یانەیە لە بەرژەوەندی گەل دایە، خەڵكێكی ناحەزو دوژمن دێنە ناویەوە بەناوی هەموو سورەتە فەنیەكان جێ بەجێ دەكەن ئیمكاناتیان هەیە، پارەیان هەیە، رەنگە وەزارەتی رۆشنبیری، یان وەرزش و لاوان بەپێی ئەو پێوەرەی كە دایناوە بیداتن، بەڵام كە وتت ناوخۆ یەعنی ئەمن و ئاسایشی ئەو شەخسانە كێن؟ پارەكانیان لە كوێ هێناوە؟ كێ تەمویلیان دەكات؟ رابووردیان چییە؟ بۆیە پێویستە، من بۆیە ئەو صیغەیەی كە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، پێم سەیرە، چۆن لە ئەنجومەنی وەزیران موناقەشەی لەسەر نەكراوەو ئەو مولاحەزەیە نەدراوە؟ پێم وایە ئەگەر وەكو ئێرە ئەو موناقەشەیە بكرابوایە، ئەو موناقەشەیەی لەناوخۆ دەیانكرد صیغەیەكیان دەدۆزیەوە، چونكە ئێستا ئێمە بیدەینە ئەوان، سبەینێ وەزارەتی رۆشنبیری دەڵێت وەكو بۆ وەرزش و لاوانتان كردووە، دەبێت ئەو دەسەڵاتە بدەنە من، ئەوە رۆشنبیریە چ عیلاقەی بە

وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، بە هەمان مەنتیقەوە، هەروەها وەزارەتی تەعلیم عالی و هەر وەزارەتێکی تر ئەو شتانە دەڵێتن عایدی من بێتن، پێم وایە لە رووی قانونییەوە وەزارەتی ناوخۆ بێتن، چونکە جانبی ئەمنیەکەمان لا گرنگە، لەبەر رۆشنایی ئەو پێوەرەی کە وەزارەتی پەیوەندیدار دایدەنێت فەرمیەکە موافەقەتی هەبێتن ئینجا وەزارەتی ناوخۆ بیکات، بەلأم ئەگەر لێرە هەمووی بدرێتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، لەوێش هەمووی بدرێتە وەزارەتی رۆشنبیری، باشە کێ تەحەمولی ئەمنیەت و مەسئوولیەتی ئەو یانانەو ئەو مەرکەزە سەنتەرانە دەکات؟ ئەگەر سبەینێ رووبدات، ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری ئەو جانبەش دەتوانێت تەئمین بکاتن بەڵێ قسەکان راستە، من ئەو قسەیە دەکەم لەبەر ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران وەکو وەکیلی وەزیر جێگری سەرۆکی وەزیران ئەو شتانە هاتۆتە پێش کە لەوەو پێش لە سلێمانی بووم، بۆیە یەعنی زۆر موناقەشە کرا، یەعنی لەوێش ئەو نەوعە شتانە هەبوو، وەزیری ناوخۆ گوتی ئەگەر خۆتان تەحەمولی جانبی ئەمنیەتەکە دەکەن من مانیعم نیە دەسەلأتەکە هەمووی بدەنە وەزارەتی رۆشنبیری، ئەو وەختە مەسەلەکە مەسەلەیەکی رۆشنبیری بوو، بۆیە من پێم وایە ئەو سزادان و مۆڵەت پێدان و شتانە، یەعنی نازانم پێویست دەکاتن راوەستی لەسەری و، ئەگەر ئیلغا بکرێت ئەو فەقەرەیە، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران پاش ئەوەی کە دیراسەت دەکات و بە پێویستی زانی ئەو دەسەلأتە بداتە وەزارەتی رۆشنبیری، یاخود بداتە وەزارەتی وەرزش و لاوان، ئەو وەختی بۆمان بنێرێتن بە تێرو تەسەلی هەمواری بۆ دەکەین، بەلأم ئێستاکە ئەگەر بیکەین، من پێم وایە لەنگ دەبێتن و تووشی کێشە دەبین لە موستەقبەلدا بەڕاستی، کێشەکەش دەبێت ئێمە تەحەمولی بکەین چۆن ئەوەتان دەرهێناو، کە دەزانن مۆڵەتدان و ئیجازەدان ئەرکێکی ئاسایش و ناوخۆیە بە سەراحەت قسەی بکەین، من خۆم سەد لە سەد لایەنگری کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیەتم، بەلأم نەك لەسەر ئەساسی جانبی ئەمنی، کاك کەمالیش تەوزیحێکی هەیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە باس لەوە ناکاتن لە ناحیەی ئەمنییەوە، ئەو وەزارەتە بیپارێزێتەوە، وەزارەتی ناوخۆ بۆ پاراستنی گشت هەرێمی کوردستان و ناو شار سیستەمی خۆی هەیە، ئەمە باسی ئیجازات دەکات ئەم وەزارەتە نیزامێك بۆ خۆی دانا، بۆ نادیەکانی کامیان ئیجازەیان بدرێت، کامیان چ وەختێکی تر بێت تەنسیقێك و هەماهەنگێك لەنێوان ئیش وکاری وەرزش بێت، بۆیە من پێم دروستە بمێنێتەوە، بەلأم بەنیسبەت هەڵوەشانەوەیان ئەو خاڵە ئەگەر لابرێت، رەنگە جوانتر و رێکتر بێتن، بەلأم ئەویتر هەمووی وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەو وەزارەتە کە پلانی خۆی هەبێتن لەگەڵ نادیەکان، لەگەڵ یارییەکان ئەویش وەزارەتی داخیلی بیداتن، ئەی ئیشی ئەو وەزارەتە چیە؟ لێرە وەزارەتەکە بێ ئیش دەمێنێتن، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەو خاڵە بمێنێتەوە، بەلأم هەڵوەشانەوە ئەگەر ئیعادەی نەزەری لێ بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**پێم وایە ئەمە زۆر دراماتیزە دەکاتە مەوزوعەکە، یەعنی شتێکی وایە ئەکید وەکو حکومەت ئیجتیماعاتی هەیە و تەنسیقێك دەبێتن وەکو شێوەیەکی وا دەبێتن، ئێستا راستیەك هەیە دەبێت باسی بکەین لەگەڵ یەکتر، ئەویش ئەوەیە ئەوەی ئێستا هەیە دژی ئەمنی قەومی کوردستانە کە لەسەر ئەساسی کار رەگ و ئێسقانی هەموو حزبایەتی کراوە لە ناو وەرزش، ئەوەی ئێستا کە من باسی هەڵوەشانەوەش دەکەم بەشێکی زۆر لەوانە هەیە پێویستی بە وجودیان ناکات، بەس لەبەر ئەوەی ئێکس و زێت و وای لە پشت ئەم شتانەنە بۆیە وایە، بۆ لە شارێکی وەك هەولێر، یان لە سلێمانی، یان لە دهۆك، یان لە شوێنێکی تر ئەم بەرفراوانیە لە هەندێك مەسائیلدا هەنە دەکەن، یان لە شوێنێکی تر با باس نەکەین بەشێوەیەکی گشتی، ئێمە ئەکید یەعنی ئێستا ئێمە یەکێك دادەنێین لە وەزارەت لەگەڵ هەموو پرەنسیپەکانی دیموکراتی بە تەئکید لێی دەکۆڵمەوە، ئایا ئەمە رەبتی بە ئیرهابیەکانەوە هەیە، ئایا لە رووی ئەمنییەوە، چونکە لە هەموو دنیا ماوە مەوزوعێکی ئەوەیە، ئەو متمانە بە ئێمە بدرێتن کە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین، بەس با واشی لێ نێتن سبەینێ لەبەر ئەوەی مەسەلەن بەتایبەتی ئێستاش کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکەم، بەداخەوە ئەو جەوەی لێرە دەبینم وەکو ئەندامانی پەرلەمان لە جیاتی ئەوەی روحی، یان ئەو روحەی لەناو سەرۆکایەتی حکومەت هەیە لە جیاتی ئەوەی قولتر بکرێتن، دەچی دەبینی جەبهەکان بەهێزتر دەکرێن و وا دەکرێت شتەکان هەمووی لەسەر ئەساسی حزبی ئەوە دەکرێتن، من زۆر دژی ئەوەمە، هیوادارم ئەو تەوەجوهە دیموکراتیەی کە ئێستا هەیە ئەوە بکرێتن، من بانگی پسپۆرەکانی وەرزشیم کردووەو لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تر گوێیان لە رەئیەکانی پسپۆر راگرت و من خۆم ئەو سەلاحیەتەم بە خۆم نەدا، بۆ ئەوەی تەجاوز نەکەین سبەی رۆژێ بچن لە میدیاکان باسی بکەن بڵێن نەخێر ئەوە وا نییە، بەلام باسی یەکێتیەکانی کرد، رەئی فەبیلەکانیش ئەوە بوو پێش ئەوەی بچم، گوتم گوێی لێ دەگرم، هیچ مەسەلەکە ئەوە نییە، من پێم وایە ئەگەر بێتو یانەکان و فوتابخانەکانی وەرزشی هەمووی رەبتی بە وەرزشە لە رووی فۆرمیلە وشەی وەرزشی هەبێتن، ئەگەر هیچ نەبێتن، ئێمە شتێکی تریشمان لەبەر دەستە حەز دەکەم بزانرێتن، ئەویش ئەوەیە مانگ و نیویەکی تر کۆنفرانسێکی وەرزشی دەکەین هەموو سەرۆك یانەکان دەعوەت دەکەین بەشێوەیەکی دیموکراتی سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**جەنابی وەزیر وەلامم هەیە بۆ قسەکانت، ئیتیهامەکەت بەجێ نییە بەڕاستی، پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك وا نییە، من ئەگەر ئەوەم بە نوکتە باس کرد بێت، تۆ دیارە ئەندامانی پەرلەمان ناناسی و ئینتیباهیشت نەکرد، زۆر کەس لەوانەی قسەیان کرد پشتگیریان لە مەشروعەکەی تۆ کرد، عەکسی حزبەکەی تۆ، بە**

پێچەوانەشەوە، بەڵام دوا جار بۆ پێکەنین هەندێك قسەی دەکەین، ئەگەر تەماشای دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەین بزەبت عەکسی ئەوەی دەفەرمووی وایە، قانون لەسەرەوەی حزبایەتییە، زۆر جار کۆمەڵە، یان یەکگرتووە کە دووریشە پرۆژەی جیا جیا هین دەکەن و لیستەکانی پارتی و یەکێتی تەقسیم دەبن نیوەی لەولاو نیوەی تریش لەولا، من سەرۆکی پەرلەمانم و ئەندامی مەکتەبی سیاسیم جاری وا هەیە پێشنیار دەکەم دوو کەس لە ئەندامانی پەرلەمان کە سەر بە لیستی یەکێتین تەئیدم دەکاتن، بەهیچ شێوەیەك وا نییە، بەڵام جار جار هەندێك شت دەکەین بۆ نوکتە گوتن و دەڵێین کاکە وا دەکەین، ئەوە بەو شێوەیە نییە کە جەنابت فەرمووت، چوار کەسی تر قسە بکاتن، دوایێ دەیخەینە دەنگدانەوە، کاك دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، تاکو ئێستا بەداخەوە بمانەوێت و نەمانەوێت پێویستیمان بە وەزارەتی ناوخۆ هەیە تەقریبەن بۆ هەموو کاروبارەکانمان، بۆیە ئەسڵەن لەوانەیە ئەو بڕگەیە هەر لە ئەساسەوە پێویست نەبوو بێتن، ئەگەر پێویستیش بێتن پێم باشە تەعدیل بکرێت و بەم شێوەیەی لێ بێت باشترە:

(مۆڵەت پێدانی یانە، قوتابخانەکان و پەیمانگاکان پێویست ناکات، مۆڵەت پێدانی یانەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیە ئەهلیەکان دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، بە هەمان شێوە راگرتن و هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵ کردنەوەیان بەپێی یاسا)، وشەی سزا زۆر قورسە، بۆیە پێویست ناکات وشەی سزا لێرە هەبێت، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە هەر بە تەئکید جەنابیشت و زۆریش لە برادەران باسیان لەسەر ئەوە کرد لایەزال قانونی رەقم (18)ی جەمعیات نافیزە، هەر لە رێی ئەویشەوە ئەو جەمعیات و ئیتیحاداتە دروست دەبێت، هەر لەم قانونەشدا لە ماددەی پێنجەکە حەقێك درا بە وەزارەت کە ئاگاداری و سەرپەرشیاری هەموو ئەو نادی و ئەو یانانە بکرێت، لەبەر ئەوە جێگای ئەو فەقەرەیە لەم قانونەیە نییە، کە ئەو رێگایە بدرێت بە وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەو ئیجازانە ببات، کاك ئارێزیش تەلمیحێکیدا لەسەر چۆنیەتی مەعاهید و مەدارس، کە زیاتر رەبتیان بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆرە شوکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شوكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە، پێم باشە ئەگەر بیخەیتە دەنگدانەوەو، من لێرە صیغەیەكیشم نووسیووە، لام وایە هەم وەزیریش رازی دەبێت، ئەگەر بەڕێزانیش قەناعەتیان لەلا دروست بێت:

(مۆڵەت پێدانی یانەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیە ئەهلیەكان و لێپێچینەوەیان بەپێی یاسا)، لێپێچینەوە دوو لایەن دەگرێتەوە، هەم لە رووی چاكەوە، هەم لە روویەكی ترەوە ئەگەر بە كاری خۆیان هەڵنەستان، لێپێچینەوە جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە جەنابی وەزیر ئەگەر سزاكە لاببەین، لێپێچینەوە باشە، بۆ ئەوەی موناقەشە بكەن، یەكێكی تریش هەبێت بە وەرگرتنی مۆڵەت پێدانی پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، كاك شێخەڵلا فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەر پشتگیری لە رەئیەكەی دكتۆرە شوكریە دەكەم، بەلأم من ئەو پرسیارەم هەیە دامودەزگایەك هەیە دروست بكرێت لە لایەن سەرووی خۆی هەمووی یارمەتیەكی پێ بدرێت، حەقی ئەو وەزارەتەش نەبێت لێ پێچینەوەی لەگەڵ بكات، یان سزای بدات، خۆ ئەو هەموو ئیمكانیەتەی لەبەر دەست دادەنێ، ئەو دەزگایە لە ئیش و كارەكانی خۆی گەشە بكات و پێش بكەوێت، ئەگەر سەرنەكەوت، ئەگەر شكستیان هێنا، ئەی كێ موحاسەبەیان بكات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من شتێك دەڵێم، ئێمە لێرە موهەندسێك دادەمەزرێنین، پێویست بە وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش ناكاتن، بزانن ئەو موهەندیسە كێیە؟ بیشی ناسن وەكو وەرەقە، نابێ بڵێ ئەو مەحكوم نییە، جەریمەی لەسەر نییە، ئەوە هیچ شتێكی نییە، ئایا پێویست بەوە ناكات؟ ئیعتیادیە من سەرۆكی پەرلەمانم لە سەرووی هەمووتانم موهندسێك دەنێرم دەڵێم كاكە رەزامەندی وەربگرە ئیتمیئنان دەكەم، با خزمی خۆشم بێتن، فەرموو كاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو بڕگەیە لەو ماددەیە رەش بكەینەوە چ لە یاسایەكە كەم دەكاتەوە، نازانم با موناقەشەی بكەن، ئەگەر بڕگەی (22) لەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە خاڵی نیزامی نەبوو، پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە لە جیاتی مۆڵەت تەسجیل کردن بێت، ئەوە مۆڵەت ئیعتیادی هەموو مونەزەمات و مەراکیز و یەعنی هەموو کەسێ وەکو جەنابت فەرمووت کە یەکێك تەعین دەبێت مۆڵەتی ئاسایشی دەوێت، بەڵام لە وەزارەت تەسجیل بێت و وەزارەت موتابەعەیان بکات، حەقی خۆیەتی موتابەعەیان بکات، چونکە ئەمانە موئەسەساتی شوبە رەسمین، نەوادی و ئەندیەی ریازی و ئەوانە، چونکە دەعم لە حکومەت وەردەگرن، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەم یەعنی تەسجیل بکرێت، ئەو صیغەیەی کاك دکتۆر ناصح وتی پاش وەرگرتنی مۆڵەت، بەڵام خۆی ئۆتۆماتیکیەن دەبێت مۆڵەت وەرگرێت لە وەزارەتی ناوخۆ لەوێ تەسجیل بکرێت.

خاڵێکی تر، سارا خان باسی کرد بەڵام لام وایە لەسەری نەوەستان، ئەویش بڕگەی (12) لام وایە بایەخدان بە وەرزشی ژنانەو هاندانی و، باشە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی یاسای جەمعیات بەشێوەیەکی عام چوارچێوەی دیاری کردووە بۆ ئیجازە وەرگرتن، کە بەگوێرەی ئەو یاسایە داوای مۆڵەت دەکات لە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆ من نازانم چ رەبتێکی هەیە بەوەی کە یانەیەکی وەرزشی، ئەوەندەی کە جەنابت باست کرد لە رووی ئەمنی و ئەوانە حەقە، یەعنی ئەوە لەو جانبەوە سەد لە سەد راستە وەزارەتی ناوخۆ پەیوەندی بە مۆڵەتدانەوە هەیە، بەڵام پێوەرەکانی دامەزراندنی یانەیەکی وەرزشی چ پەیوەندی و رەبتێکی هەیە بە وەزارەتی ناوخۆ، لەبەر ئەوە من پێم باشە مۆڵەتدان دوای موافەقەی وەزارەتی وەرزش و لاوان بێت، یەعنی مۆڵەتدانەکە نابێت وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی بداتە یانەیەکی وەرزشی، ئەگەر ئیجازەو موافەقەتی وەزارەتی وەرزش و لاوانی پێوە نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئەوەیان جارێکی تر دەبێت قسەی لەسەر بکەین، هەم عورفە، هەم قانونی عێراقییە، هەم دەستووری عێراقییە، ئەحزابیش لە وەزارەتی ناوخۆ ئیجازە وەردەگرێت، دواتر کە ئیجازەی وەرگرت مەسەلەن ئێستا سەنتەرێکی رۆشنبیری لە هەولێر دەکرێتەوە لە وەزارەتی ناوخۆ ئیجاوە وەردەگرێتن بەپێی ئەو مەرجانەی کە هەیە، دواتر لە وەزارەتی رۆشنبیرییە، لە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار ئەوها رەچاوی دەکەن، تەقیمی دەکەن، ئەنجومەنی وەزیرانە، هەموو لایەنەکانی ترە، بەڵام ئیجازە وەرگرتنەکە وەزارەتی ناوخۆیە لە دەستووردا وایە، حزبەکان وان، یەکێتی و پارتی ئیجازە وەردەگرن، یەکگرتوو ئیجازەی هەیە لە وەزارەتی

ناوخۆ، مۆڵەتدانەکە دەیدات، بەڵام کێ موتابەعەی دەکاتن، وەزارەتی ناوخۆ ئیجازە ناداتە هیچ سەنتەرێك ئەگەر رەئی وەزارەتی رۆشنبیری لەگەڵ نەبێت، شتێکی تەبیعییە، ئەی وەزارەتی ناوخۆ چۆن خۆی تەقیم بکات، دەپرسێت وەزارەتی وەرزش و لاوان رەئیتان چیە بەرامبەر ئەو یانەیەی کە دەیانەوێت بیکەونەوەو تەفسیلاتەکەی دیراسەتی دەکەن پێیان دەڵێن باشە، یەك لە مەرجەکانی دەڵێت دەبێت وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەبێت موافیق بێت، ئەویتر دەمێنێتەوە کێنە ئەوانە؟ سەرچاوەکانی پارەیان کێیە؟ فلان کێیە؟ ئاوایە شتەکە بە رەئی من، کاك بارزان فەرمووو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من و کاك شێروان و کاك عومەر ئیشارەتیان پێدا، ئێستا قانونێکی کارا هەیە لەو رێگەیەوە لە ئەندیە ئیجازە وەردەگرێت، ئێستا حالیەن قانونی فەعال هەیە، موشکیلەی ئێمە ئەوەیە ئەو سەلاحیەتەی ئیجازە پێدانە بدرێتە ئەو وەزارەتە، یان لەسەر ئەوەی پێشوو بمێنێتەوە، یان بۆ هەردووکیان، یەعنی موناقەشە ئەوە نییە لێرە بێت، یان لەوێ بێت، چونکە ئێستا قانونێك هەیە هی جەمعیات و ئەوانە ئیشی پێ دەکرێت ئەندیە ئیجازەی پێ وەرگرتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرمووو.

**ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڤێرێ هەتانوکە ئەز دبێژم شتەکی زێدەیە ئەم گەلەکێ ڤێ نوقتە کێشین و ڤەد کێشینەوە، سێ نوقتەی سەرەکی هاتنە دەستنیشان کرن ئیش لای برادەران، ئیش لای جەنابێ تە، ئەڤ نوقتەیە بمێنێتە وەزارەتێ وەرزش و لاواندا، یان بچێتە وەزارەتا ناڤخۆ، یان ژی موافەقەتی هەردووکان بێت، ئەز بێژم بە برینا چەندەیا، یا باشترە بیخەیتە دەنگدانێ، د لێرێ مەسەلە ساڤی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەکەت بەو شێوەیە رەدی دەدەمەوە، بۆ ئێمە باشترە زوو بیدەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی زوو لە کۆڵ ببێتەوە، بەڵام خۆم حەز ناکەم بەبێ ئەوەی تەوزیحێکتان لەلا هەبێتن دەنگی بۆ بدەن، هەندێ جار زۆر ئاسانە، بەتایبەتی ئەو مەسەلەیە ئەو روونکردنەوەیە نەبێتن، زۆر تەبیعیە وەزارەت حەقی خۆیەتی، ئەگەر بێتو ئەمنیەتەکەمان تەبیعی بێتن زۆر تەبیعییە، ئەگەر لە ئەوروپا بوایە لەوانەیە وەزارەتی ناوخۆی نەوێتن، من نازانم زۆر شارەزا نیم، رەنگە کاك جەمال شارەزا بێت زیاتر، چونکە لە ئەمریکا و ئەوانە ژیاوە، خۆت جەنابت لە سوید بووی رەنگە پێویست نەکات وەزارەتی ناوخۆ، مام خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەو پێشنیارەی ئەخیری بکە بۆ ئەوەی چی تر ماندوو نەبین لە هەموو وەزارەتەکانیش وایە، ئەو مونەزەمات و ئەو نەقاباتی عایدی ناوی وەزارەتەکانی پێوەیە موافەقەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگیراوە، بەلأم موتابەعەی ئیش و کاری ئەو نەقابانە بەپێی پیشەیان و بەپێی ئیش و کاریان لە ژێر نەزەری وەزارەتەکەی خۆیەتی، مەسەلەن نەقابەی یەکێتی مامۆستایان ئیجازەی لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە، بەلأم ئیش و کاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەیە، ئەوەش بزەبت وایە، هەموو وەزارەتەکان، نەقابەیەك، یان نادیەیەك هەر جیهەتێکی وا داوای ئیجازە دەکات لە کوێ؟ لە وەزارەتی موختەسی خۆی، وەزارەتەکە داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکاتن ئیجازەکەی بداتێ، پاشان موراقەبەو موتابەعەو حیسابات و لێکۆڵینەوە عایدی وەزارەتەکەی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مەلا فەتاح.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕگەیە زۆری دەوام کێشا، بۆیە من پێشنیارێکی دەکەم ئەگەر جەنابتان بە پەسندی بزانن، یان چوار وشە هەیە لەو بڕگەیە لاببەن، (منح إجازات المدارس والمعاهد)، یاخود (للوزارة تفتح بالتعاون مع الوزارة الداخلیة)، بۆ ئەوەی کێشەکانمان لابچێت، ئەگەر لای ببەن مەنحی ئیجازات لا بچێت لەگەڵ مەداریس و مەعاهید چ موشکیلەمان نامێنێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نیسبەتێ ئیجازا دانێ تەنیا شەرتەك بۆ وەزارەتا ناوخۆ ئیزافە بێت، ئەوژی بەپێی موافەقەتا وەزارەتا مەعنی، هیچ ئیجازەك بۆ چ مونەزەمەیەك و موئەسەسەیەك نەدات، ئەوە حەقەکە، یەعنی مونەزەما مافێ مەدەنی دەبێت بە موافەقەتا وەزارەتێ مافا مەدەنی بێت، رێکخراوا مافێ مرۆڤ دەبێت موافەقەتا وەزارەتا مافێ مرۆڤ هەبێتن، ئەگەر ئەو موافەقەتا ئەڤجا وەزارەتا ناوخۆ لە دەستیدا کار بکاتن لکارە سەرپەرشتیاو موتابەعەو دێ بۆ هەر وەزارەتا پەیوەندیدارێ بۆ هەندێ ئەگەر موحتاجێ سزایەك بێتن، کو وەزارەتا وەرزشی نابێت دەریا بکاتن ئاگاداریا وەزارەتا ناوخۆ بکات بچێت لە دەرە نادی بگرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەمانەوێت بگەینە صیغەیەك، کاك محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا پاش موناقەشەی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان دەرکەوت دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو بڕگەیە هەر لابدرێت، ئەویتریشیان ئەوەیە هەندێ گۆڕانکاری تیا بکرێت هەندێ وشەی تیا لابدرێت و هەندێکی بۆ ئیزافە بکرێت و هەندێکی تەعدیل بکرێت بە هاوکاری وەزارەتی ناوخۆ، ئێستا ئەو دوو بۆچوونە بخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ دوو، سێ شت بڕیاری لەسەر درا، پێم وایە ئەگەر حکومەت رەئی هەبوایە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی ئیزافە کرا، کە کۆمەڵێك مەساریف گران کەوت لەسەر ئەوە، لەگەڵ ئەوەش پێویستی پێ نەبوو، ئێستاش من سوورم لەسەر ئەوە دوای دەنگدانیش لەگەڵ هەموو ڕێزم هەیە بۆ پەرلەمان.

دوو/ ئێستا بێتن لە بەغدا وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراقە کە ئیجازە دەدات و ئەم جۆرە شتانە دەکات، پرۆژەش هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆمان هاتووە، زۆر تەئکیدم کردەوە کە هیچ تەنسیقێك هەبێت لەو بوارەدا، یەعنی ئەگەر بێتو دەنگدان بکرێت بەبێ ڕەچاوی لە بەرژەوەندیەکانی وەزارەت بکرێتن، پێم وایە زۆر مەشاکیل بۆ ئێمە دروست دەبێتن، دوای ئەوەی باسی گەندەڵی دەکەن، ئێستا وشەی سزا زۆر قورسە، بەس هەموو کەس دێت بە من دەڵێت فلان شت وایە، فلان شت لە ناو وەرزش وایە، ئایا رۆڵی وەزارەت چی دەبێتن لەوەی ئەگەر لێ پرسینەوەی یاسایی و سزادان نەبێت لەو بوارانەدا، یەعنی هەندێك شت هەیە بەشێوەیەکی عاتیفی دەکرێتن، دوای ئەوە هەندێ بڕیار پێش ئێستا دراوە، وەزعێکی ناوخۆ، شەڕی ناوخۆ لە ناو کوردستاندا هەبووەو جاران مەشاکیل هەبووە، بەلاًم ئێستا بە وەزعێکی تر دەڕۆین، پێویست بە سیمایەکی زیاتر دیموکراتی دەکات لە کوردستان، من پێم وایە ئەو شتانە دەبێت هەندێك شاراوە بێت، من بە تەئکید وەکو وەزیرێك ئەگەر هەندێ مەسائیلی ئەمنی و ئەوانە دەبێت دووبارە تەئکیدی دەکەمەوە ئێمە سوور دەبین لەسەر ئەوە، من کەسێك تەعین دەکەم ئەکید تەزکیەکی دەبێت، نەك هی حزبی، یان هی فلان حزبە، بەس لە رووی ئەمنییەوە سەر بە جیهەتێکی وا نەبێت ئەمنی ئەم وڵاتە تێك بدات، یەعنی ئەوە مەسەلەیەکی بەدیهییە دەبێت بکرێتن، من پێم وایە وا قورس نەکرێتن لەسەر ئێمە، من سوورم لەسەر مەسەلەکانی یانەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەڵامم هەیە بۆت، بەتایبەتی خاڵی یەکەم کە باسی دەکەین، ئەگەر بەو شکلە بێتن هەر پێویست بە پەرلەمان ناکاتن، بەخۆتان نیزامێك دادەنێن و پێویست ناکات لێرە هینی بکەین، پرۆژەیەکت هێناوە موناقەشەت کردووە، بەلاَم رەئی ئەخیر پەرلەمانە، لێرە ئەو بەرپێوەبەرایەتیە زۆر بە تێرو تەسەلی موناقەشە کرا رەئی پەرلەمان کۆتاییە، هەر لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەسەر حکومەتیش بە ئەکسەریەت وایان رەئیدا، بۆیە کۆتایی پێهاتووە، هەتا ئەگەر رەئیت پێچەوانەش بێتن، لە پاش موناقەشە ئەوە رەئی پەرلەمانە ئەو دەخوات لەسەر منیش و لەسەر جەنابیشت و لەسەر هەمووان دەبێتە یاسا، لەبەر ئەوە بەو شێوەیە ناکرێت ئەوەی جەنابت فەرمووت، کە دەڵێیت ئێمە موسرین لەسەری، هێناوتە ئێرەو قەرارمان لەسەر داوەو پرۆژەکە موناقەشەمان کردووەو رەئی خۆت داوەو، من دیفاعم لە رەئی تۆ کردووە لە هەندێ مەسائیل، بەلاَم لە نەتیجەدا پاش موناقەشە کردن لە چوار پێنج دەنگ زیاتر فەرق ئەکسەریەتی وەرگرت ئەو مودیریەتە، ئەگەر سبەی، دووسبەی خیلاڤ ئەوەتان بۆ دەرکەوت کە غەڵەتمان کردووە، دەتوانن دیراسەتێکی تر تەقدیم بکەن بڵێن کاکە ئەو پەرلەمانە کاتی خۆی وای کردووە، لەگەڵ واقیعی ئێمە ناگونجێت و لەبەر رۆشنایی ئەو هینە داوا دەکەین هەمواری بکەنەوەو دیسان موناقەشەی دەکەین، کە پەرلەمان قەرارێکی دا تەنیا سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە ئیعتیراز بکات ئەویش بۆ یەك جار، ئەگەر گەڕاوە بۆ ئێرە پەرلەمان جارێکی تر ئیسراری کرد لەسەر مەوقیفی خۆی ئەوە دەبێتە قانون، لەبەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم بەرزترین دەسەلاَتی جێ بەجێ کردنیشە، تەنیا ئەو بۆی هەیە ئیعتیراز بگرێتن، ئەویش بۆ یەك جار، بۆیە بەو شێوەیە مولاحەزەکەت لامان هین نییە، چونکە دەبێت بڵێین عەفوم دەکەی، چونکە ئەوە لە مەحەزەر دەنووسرێتن، ئەگەر نەیڵێم مانای وایە قسەکەت راستە، ئێمە بێ دەنگین لێی، بۆیە ناچارم روونکردنەوەکەی بدەم، چونکە مەقصەدم جەنابت نییە، بەڵکو تێگەیشتنەکەمانە، بۆیە ئەو ماددەیە دووەم موناقەشەیە، باشتر وایە بەو شێوەیە بێتن لەگەڵ قانونی جەمعیات، قانونی جەمعیات حکومەت خۆی ناردویەتی، لێرە ئیقرار کراوە، لە عێراقیش بە هەمان شێوە قانونی جەمعیات و سەندیکاو ئەحزاب و هەموو ئەوانە لەبەر رۆشنایی ئەو قانونە دەردەچێت، ئێستا جەنابت باسی دەکەیت هیچ لە عێراق نەمبیستووە هیچ وەزارەتێك بۆی هەبێتن ئیجازەی یانەیەك بدات، یان ئیجازەی سەنتەرێکی رۆشنبیری بدات، یان ئیجازەی حزبێك بداتن ئەوەم نەبیستووە، ئەگەر هەبێتن دەکرێت دەبێت لە دەستووری هین بکرێتن، لە دەستووردا دەڵێت حزب ئیجازە لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگرێت، جا لەبەر ئەوە پێم باشە بڵێین ئەو یانە و شتانەی لە ئەخیری هەیە کە ئیجازە وەردەگرن لە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان پێ دەدرێتەوە، یان سەرپەرشتیان و ئیشرافیان لەسەر دەکرێت بەپێی نیزامی داخیلی وەزارەتەوە بۆ راپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان و پێوەر دانان بۆ سزادانیان و لابردنیان و ئەوانە دەکرێتن، یاخود دەکرێتن وەزارەتی ناوخۆ پێش ئەوەی ئیجازەیان بداتن موافەقەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان وەربگرێتن بۆ ئیجازە دانیان، ئەوە هەر چەندە تەحصیل حاصلیشە، ئەگەر دەتانەوێت صیغەیەکی وا بنووسن، فەرموو کاك کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت هەر یانەیەك کە داوای ئیجازە دەکاتن پێویستی بە دوو مۆڵەت هەیە، مۆڵەتێکی فەنی، مۆڵەتێکی ئەمنی، مۆڵەتە فەنیەکە سەر بە وەزارەتی پەیوەندیدارە وەکو وەزارەتی وەرزش و لاوان، مۆڵەتە ئەمنیەکە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە لێرەدا من لەسەر ئەو گفتوگۆیانەو پێشنیارانەی کە کران خاڵێکم دارِشتووە، ئەگەر بە دڵتان بێت (رەزامەندی لەسەر پێدانی مۆڵەت بە یانەو یاریگاو هۆڵە وەرزشیە ئەهلیەکان و لێ پێچینەوەیان بەپێی یاسا)، تەبیعی مۆڵەتیش بەپێی ئەحکامی عامە مۆڵەت دەدرێتن لە لایەن وەزارەتی ناوخۆیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەندیەی ریازی، جیایان بکەینەوە لە مونەزەمات و نەقابات و لەوانە، مۆڵەت دان با وەزارەتی وەرزش و لاوان بدات بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، مەوزوعەکەش کۆتایی پێ دێت، ناحیەی ئەمنیەکەو ناحیەی ئیداری و فەنیەکەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەکەت جوانە، بەلاَم بۆ ئەوەی ئیشکال نەبێتن با مۆڵەتدان وەزارەتی ناوخۆ بیداتن، بەلاَم بە موافەقەت و رەزامەندی وەزارەتی وەرزش و لاوان، بۆ ئەوەی لەگەڵ جەمعیاتدا بگونجێتن، دەبێت بڵێی وەزارەتی ناوخۆ دەیدات بە رەزامەندی وەزارەتی وەرزش و لاوان، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوتم رێزم هەیە، چونکە گوتم پەرلەمان دەزگایەکی شەرعی هەرە بالاَیە، من سەرەتا تەئکیدم لەسەر ئەو خاڵە کرد، عێراقێك کە دەبێتن وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقە موافەقەتی ئەندییەکان دەدات، پێم وایە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، داوام لە لیژنەی قانونیش کرد، یەعنی ئەگەر هاتبووایە ئەو لیژنانە بەر لەوەی بانگ کرا بواینە ئێرە لەگەڵ پسپۆڕەکان دووبارە دانیشینەوە، چونکە من لەبەر ئەوەی زۆر لەو موناقەشانەی کە ئێستا دەکرێتن ئیختیسارمان کرد دەوڵەمەندتر دەکاتن لە هەموو پەرلەمانەکانی ولاَتانی دنیادا لیژنەی پسپۆر رەئی دەربڕی، هەندێك فەنیاتی بچووك دەمێنێتن موناقەشە دەکرێتن، یەعنی هەروەکو رەئیەك من تەرحی دەکەم لێرە، من لەگەڵ ئەوەمە ئەکید مەسەلە ئەمنیەکە دەبێت وەکو

کوردستان ڕەچاو بکرێتن واش نەبێتن کە وەزارەت ببێتە وەزارەتێکی کارتۆنی و ببێتە هۆی ئەوەی دەوری خۆی نەبینێتن، سبەینێ من دەچم یانەیەکی ئافرەتان دەکەمەوە لە هەولێر، یەعنی ئەگەر وا نەبوایە دەبوایە سیلسیلەیەکی مەراجعی و ئەوانە کۆمەڵێك ئیشی ئێمەی دوادەخست، هەر لەبەر ئەو جانیبە من هیچ مانیعم نییە فۆرمێك بدۆزینەوە کە سەروەری وەزارەت نەخرێتە ژێر دەستی ئێوە بەشێوەیەکی وا من لە رووی ئەمنیەکە موراعاتی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەڕاستیدا بەنیسبەت شەخسی خۆمەوە هیچ فەرقی ناکات، تەنیا ئەوە بوو شتێك نەکەین سبەینێ لەنگ بێتن، یاخود نەشاز بێتن لەگەڵ قەوانینی عێراق و لەگەڵ خودی مەجلیسی وەزەرا، کە ئێستاکە هەموو ئیجازات لە وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە، عەفوم دەکەی ئەگەر جەنابت لێرە پێت وایە ئەوە هەموو رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە، یەعنی خۆت قەرار دەدەیت، ئەگەر پێت وایە وا بێتن، چونکە ئێمە دەزانین تاکو ئێستا قانونی جەمعیات هەیە وەزارەتی ناوخۆ ئیجازە دەداتن، بەڵام ئەگەر پێت وایە پاش ئەوەی ئەو پرۆژەیە دوای ئەوەی لە هی ئەوانەوە هاتووە، پێت وایە ئەوە رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە، کە دەبێت مۆڵەت لە وەزارەتی وەرزش و لاوان بداتن، دەتوانین لێرە تەنیا ئیشارەت بەوەی بکەین پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر پێت باشە تەئکید لەوە دەکەیتەوە، کەوا ئەوە رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە ئیجازە بدرێتن، ئێمە ئەوەندە ئیزافە دەکەین پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، صیغەکە دەرِوێنین وەکو کاك شێروان گوتی، با جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە، پێت وایە ئەوە رەئی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوەی خۆت دەڵێی، فەرموو.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ وەزیری داد کە لەوێ بووە موناقەشەمان کردووەو لیژنەیەك دانیشتووەو موافەقەتمان کردووە، هەندێك تێبینیان هەبوو، ئەو تێبینیانەمان رەچاو کردووە، یەعنی ئەو مەسەلەیە بەو شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە لەبەر رۆشنایی تەئکیدی خۆی، ئەو جومەلەیە ئیزافە بکرێتن، پاش وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، مۆڵەتدان بە یانەو هین و ئەوانە، بەنیسبەت سزادان پێم وایە نیزامێکی داخیلی تری دەوێت پێویست دەکات، بە هەر حاڵ ئێستا پێشنیارێك هەیە دەڵێن سزایەکە لابدرێت، رەئیت چیە؟

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مانیعم نییە لێپێچینەوەی یاسایی لێ بکرێت، ئەوەش مانیعم لێی نییە، مەسەلەکە ئەوە نییە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك عوسمان.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مەسەلەی كێشەكەی ئێمە هەموو ئەوە نییە مۆڵەتدان لە دەست كێ بێت، مەسەلەن تەواوی ناوەڕۆكی وەرزشكار ئازادی پێشێلكار دەكات، هەر مەسەلە ئەوە نییە كێ مۆڵەتی پێ بدات، یان كێ مۆڵەتی پێ نەدات، حەقە ناوەڕۆكی بڕگەكە بە عام روون بكرێتەوە، چونكە ئازادی وەرزشوان پێشێل دەكات، ناكرێت ئەوە بەسەردا تێپەڕ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆر كەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم خاڵە زۆر موناقەشەی لەسەر كرا، پێ دەچێت هێشتا موتەفیق نین، هەم وەكو سەرۆكایەتی، هەم وەكو وەزیر، هەم وەكو زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان، چونكە پرۆژەكە زۆری ماوە چەند ماددەی تری ماوە ئەمڕۆ ناگەینە كۆتایی وا سەعات شەشە، من پێم باشە ئەمەش تەئخیر بكەین لەگەڵ ماددەكانی تر بۆ دانیشتنی داهاتوو، بۆ ئەوەی باشتر بیری لێ بكرێتەوەو بڕیاری لەسەر بدرێت و بە رەزامەندی هەموو لێرە دەرچین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام خۆی باسی ئیختیلاف كرد، من موختەلیفم، ئەمڕۆ لە بەیانیەوە هیچمان نەكردووە، لەسەر شتێكی وا تەواوی نەكەین، ئەوە هەفتەی داهاتوو كۆمەڵێك شتمان لە پێشە، پێشنیارێك هەیە بۆ تەئجیل كردنی، پێشنیارێكیش هەیە بۆ بەردەوام بوون، كێ لەگەڵ ئەوە دایە بەردەوام بین لەسەر دانیشتنەكەمان دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، زۆرینەیە، كێ لەگەڵ ئەوەیە دانیشتنەكەمان دوابخرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كەمترە، كەواتە بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەمان، ئەگەر سزایەكە بكەینە لێپێچینەوە، ئەو صیغەیە بخوێنەوە كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

مۆڵەت پێدانی یانەو قوتابخانە و پەیمانگەو یاریگەو هۆڵەكانی وەرزشی ئەهلی دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ، بۆی هەیە بەپێی یاسا لێپێچینەوەی لەگەڵدا بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو صیغە تازەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ماددەکە هەموو بخوێنەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدان تکایە، بزانین خاڵی نیزامە کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە قسەمان کرد گوتمان بڕگەی (17)میش لا بدرێت ئەوە یەك.

دوو/ تکام وایە ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رۆشنبیری ژمارەیەکی زۆر دانیشتین و ئیتیفاقمان کردووە، هەر بۆ ئاگاداریشتان لە لیستی پارتی (3+1)، یەك مەبەستمان کاك جەماله دوایی تەئیدی کردینە، لە لیستی یەکێتی دوو، لە ئاشووری یەك، لە کۆمەنیستی یەك، لە لیستی یەکگرتوو دوو، کەواتە ئەوە هیچ مەسەلەیەکی حزبی تێدا نییە، ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە ئەو لیژنەیەی خۆمان داوامان کردووە ئەوە نەمێنێتن حەقە ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز یەکەم مادام لە لیژنەی کۆبوونەوەکە چوویە دەرەوە، ئەوەی لە لیژنەکە ماوەتەوە ئەو تەعبیر لە لیژنەکە دەکات و، لەگەڵ لیژنەکانی تر ئیتیفاقیان کردووە، جەنابت تەعبیر لە لیژنەکە ناکەیت، خۆشت چویە جێگای خۆت ئەوە یەك.

خاڵی نیزامی تر فەرموو شوکریە خان.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی دوازدەش موناقەشە بکەین، بەس موناقەشەمان نەکردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی دوازدە وازیحە هیچی نییە، مادام لەوێ چاکمان کردەوە، راستە وایە ژنانە بکرێتە ژنان، لە بڕگەی دوازدە (بایەخدان بە وەرزشی ژنان) نەك ژنانە، راستە ئەوە چاك بکرێتەوە، خۆت پێشنیارت کرد لەوێ هین بێتن (بایەخدان بە وەرزشی ژنان) ئەویتر وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەس کاك ئارێز ئیلغا کردنی بڕگەی حەوت بۆ، ببوورە بڕگەی (17) ئیلغا بکرێت (سەرپەرشتی کردنی یانەو قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاڕاستە کردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیڕەو دەکرێن) بۆ، یەعنی ئیلغا کردنەکەی بۆ؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی دوو موبەریر هەیە بۆ ئەو داوایە:

یەکەم/ قوتابخانەی وەرزشی نییە، ئێمە باسی ئەوەمان کرد، جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد کۆلیژی پەروەردە تەنیا بەشی وەرزشی هەیە، هەر کۆلیژێکی بە جیایە.

دووەم/ بە پەیمانگە و یانە تەنها مۆڵەت وەردەگرن، بەپێویستی نازانین وەزارەت بچێتە ناو کاروبار، لەسەر بنەمای ئەوەی کە مۆڵەت و ئەو شتانە لە تەرفی ترەوە پێویست ناکات بچێتە ناو ئەو شتانە، هەر ئەو دوو خاڵەمان هەبوو بۆ شەرحی ئەو بڕگەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیار لە جەنابی وەزیر دەکەم، ناوی قوتابخانە هەیە لە وەرزش.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێکمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە خەریکین و کۆمیتەیەکمان پێکهێناوە، بەڵکو ئەمساڵ بتوانین یەکێك دابمەزرێنین، وەکو نموونەیی دەست پێ بکەین تایبەت بێت بە وەرزشی، بەڵێ قوتابخانەی وەرزشی، ئیتر خەریکین، ئەگەر بێتو لە رووی یاساییەوە موشکیلە بێتن، ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین یانەکە هەر بمێنێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی پەیوەندییەکان ماوەتەوە، سوورن لەسەر ئەو رەئیەتان؟

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا قوتابخانەیەك نییە بەو ناوە، ئێمە چۆن لەسەر موستەقبەل ئێستا قەرار دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە موشکیلە نییە، مادام تەوەجوهی وەزارەتەکە وای کردووە، ئەوە تەوەجوهیان هەیە، ئێوە سوورن لەسەر ئەوەی کەوا ئەو بڕگەیە ئیلغا بکرێت.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو تێبینیەی سکرتێر برای بەڕێز دەڵێت عادەتەن قانون دروست دەکەیت، ئینجا دەزگای بۆ دروست دەکەیت، لەسەر ئەو بنەمایە شتێکی واریدە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە سەحبی پێشنیارەکەتان دەکەن، کەواتە خاڵی (17) دەمێنێتەوە، (سەرپەرشتی کردنی یانەو قوتابخانە وەرزشی و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاڕاستە کردنیان بەپێی ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە پەیڕەو دەکرێن)، ئەوە زۆر شتێکی تەبیعییە، مادام بە تایبەتی کە تەوەجوهی وایە، کەواتە ئەگەر خاڵی نیزام نییە هەموو ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە بەو هەموو تەعدیلاتانەی کە کرا بە

ڕەزامەندی جەنابی وەزیر و لیژنەکان، کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاکە بۆ ماددەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شەشەم:

1-بە پەیڕەوێك پەیکەری ڕێکخستنی سەنتەری وەزارەت و پێکهاتەکانی دیار دەکرێت.

2- لە کاتی پێویستدا وەزیر بۆی هەیە هەندێ بەڕێوەبەرایەتی، یان بەش و هۆبەی تازە لە وەزارەت و پێکهاتەکانیدا بکاتەوە، یان لێکیان بدات، یان پووچەڵیان بکاتەوە.

3- بە مەبەستی پەرەسەندنی ڕۆڵی لاوان و وەرزشکارانی کوردستان و گونجاندنی ئەم دوو لایەنە لەگەڵ ئەنجامەکاندا، وەزیر دەسەڵاتی دامەزراندنی دامەزراوی وەرزشی و لاوانی هەبێ لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

لە بارەی ماددەی شەشەمی پڕۆژەکەوە، لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی سێیەم لا ببرێ و ناوەڕۆکی ماددەی (12)ی پڕۆژەکەی لە شوێن دابنرێ و سەرتاپای ماددەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: ئەرك و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەست نیشان دەکرێن.

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەرێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە لە نێو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیانوەشێنێتەوە بەپێی پێویستی کار و لە کاتی پێویستدا.

سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێم وایە لیژنەکانی تریش ڕەئیان نییە وەکو هینم کرد، کەواتە لیژنەکانی تریش هەمان ڕەئیان هەیە، مولاحەزەکەی لیژنەی پەیوەندییەکانیش بە نەزەر وەرگیراوە لە صیاغەی تازە، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێك وەکو ئەندامێکی کارا لە لیژنەی ئۆلۆمپی دەست نیشان بکات، هەروەها نوێنەرێکیش بۆ خۆی دابمەزرێنێت بۆ بەشدار کردن لە کۆنفدراسیۆنی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی حەوتەمەوە هەیە لە پرۆژەکەدا لیژنە واپێشنیاز دەکات بەم جۆرە دابرێژرێتەوە:

ماددەی حەوتەم: وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێکی خۆی لە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان دابنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پێشتر باسمان کرد ئەنجومەن هاتووە، کەی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان هات بۆمان، ئەو وەختی رەئی خۆتان بڵێن، بڵێن ئەنجومەن نابێت، لیژنە دەبێت، ئەگەر گۆڕیمان، لێرەش دەگۆڕین، بەلاّم ئێستا لێرە وا هاتووە، وەکو خۆی دەبێتن، ناتوانین قەرارێك بدەین بۆ پرۆژەی یاسایەك بۆمان دێتن و خۆیان قەرارێکیان داوە رەبتی بە ئێرەوە نییە، فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە رەشنووسی یاسای وەزارەت بە لیژنە هاتووە، دەڵێم ئەوەی لیژنەی یاسایی بە ئەنجومەن هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر لە لایەن ئێوەوە، وەکو وەزارەت، وەکو ئەنجومەنی وەزیران لیژنەی ئۆلۆمپی بە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی ناسراوە، ئەوەی من بزانم جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی کە ئیفتیتاحی کرد بە ناوی ئەنجومەن ئیفتیتاحی کردووەو وتاریشی خۆێندەوە، منیش خۆشم ئیعتیرازم کرد گوتم ئەنجومەن غەڵەتە، بەلاّم ئەوە مەوزوعێکە، رەئی خۆشم مەوزوعێکە، بەلاّم ئەوەی کە دەیبینم لە وەسائیقدا ناوی خۆیان بە ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستان داناوە، ئایا ئێوە لەسەر ئەنجومەن دەڕۆن، یان لەسەر لیژنە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ئەنجومەنی ئۆلۆمپی کوردستانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دژی ئەوەی لە ئەنجومەن بێتن، داوا دەکەن لیژنە بێتن، ئەوەی دەزانم، منیش تەئیدی رەئی دیکە دەکەم، بەڵام ئەوە مەوزوعێکی ترە.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەوان رێککەوتبن و تەوافیقیش لەسەر کرا بێت، دەبێت لێرە دەنگی بۆ بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەکانی تر رەچاوی ئەو واقیعەتەیان کردووە، کە هەیە لە کوردستاندا، یەعنی ئەوەی کە خۆیان ئیعلانیان کردووە، لیژنەی ئۆلۆمپی خۆیان ئیعلانیان کردووە، پاش ئەوەی کە تەوحید بوو، لێرە مەجلیسی ریازە هەبوو، لەوێش لیژنەی ئۆلۆمپی، کە تەوحیدیان کرد ناوی خۆیان لێنا مەجلیسی ئۆلۆمپی کوردستان، ئەوە لەبەر رۆشنایی ئیتیفاقێك بووە، بەبێ ئەوەی بە پرۆژەیەك بێتن، ئەو هینی خۆیان پەسند دەکەن، ئەمە لە وشەیەکەوە لە وەزارەتێکی ترەوە هاتووە، لیژنەی یاسایی پێی وا بووە ئەو جوملەیە رەچاو بکرێتن کە لە ئەنجومەنی وەزیران بەکار دێتن، تاوەکو پرۆژەی یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی دێتن، ئەو وەختی بۆمان هەیە پێیان بڵێین ئەو ئەنجومەنە غەڵەتە بیکەنەوە لیژنە، کە کردمانە لیژنە ئۆتۆماتیکیەن هەموو وەزارەتەکان وشەی ئەنجومەن دەگۆڕن و دەیکەنە لیژنە، ئێستا ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان کە بۆ ماددەی حەوتەم هاتووە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموون بۆ ماددەی هەشت.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشتەم: وەزارەت دەبێ ساڵانە یارمەتی دارایی بە رێکخراوەکانی وەرزش و لاوان ببەخشێت بەپێی پەیکەری رێکخستنی هەریەك لەو رێکخراوانە، رێکخراوەکانیش دەبێت ساڵانە پرۆژەکانی وەرزش و لاوان پێشکەش بە وەزارەت بکەن، بەپێی چەند رێنماییەکی تایبەت بە وەزارەت بۆ ئەوەی لەگەڵ چەمکە دیموکراتیەکاندا بگونجێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی هەشتەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی هەشت لابرێت، چونکە لە خاڵی (7) لە ماددەی دوو لە ئامانجەکانی وەزارەت باس کراوە، بۆ جارێکی تر باس بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرقێکی هەیە، لەویَ بەس پشتگیری کردنە، لێرە دەڵێت دەبێت ساڵانە تەحدیدی کردووە، ساڵانە دەبیَ یارمەتیان بداتن، لەویَ وەزارەت حوریەتی هەیە، لێرە فەرزە لەسەر وەزارەت، دەڵێت ساڵانە دەبێت تەحدیدی بکاتن، ئەوە قورساییەکە لەسەر وەزارەت لە مەسڵەحەتیانە ئەگەر لاببەین، ئەگەر جەنابی وەزیر پێی خۆشە پێی بڵێین دەڵێ لاببەن، بۆ ئەوەی حوریەتی هەبێتن، بە کەیفی خۆی بڵێ بەو یانەیە بڵێت نادەم، بەو یانەیە بڵێت دەدەم، بەس ئەوە کە گوتت ساڵانە دەبێت یارمەتیان بدات، فەرزە لەسەری یارمەتی ساڵانەیان بدات، جا ئەگەر لیژنەی پەروەردە سوورن ئەو ماددەیە لابرێت لە بەرژەوەندی وەرزش نییە، لە بەرژەوەندی یانەکان نییە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/ وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی راستی بێتن ئێمە زۆر بەڵێنمان داوە بە گەنجان، راستە ئەوەی جەنابت فەرمووت قورساییەکی زۆرمان دەخاتە سەر، بەلاَم پێم وایە بەشێکە لەو ئیهتیمامەی کە حکومەتی کوردستان و پەرلەمان بە گەنجانی دەدەن، بە پێویستمان زانی و بە شتێکی باشمان زانی کە شتێکی وا هەبێتن، لا بچێتن بڵێن بۆی هەیە، ئەوەش ئاسانتر دەکاتن، چونکە دەتوانم ئیختیار بکەم ئەو کاتە مانیعم نابێتن، بۆیە ئەو بڕیارەمان دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر سەحبی دەکەیت، ئەگەرنا هەندێك موناقەشەی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەحبی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هركی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت صیغە عەرەبیەکە فەرزی نەکردووە، دەڵێت (للوزارة منح........)، یەعنی حوریەتی هەیە، چونکە لە شەرحەکەی تۆ وا نەبوو لەگەڵ کوردیەکەش وابزانم یەکتر ناگرێتەوە، ئەگەر بگوترا بوا (على الوزارة منح....) وایە، بەڵام دەڵێت (للوزارة منح المساعدات)، یەعنی من هیچ تبێبینم نییە لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر پێشنیارە عەرەبیەکە (على الوزارة)یە لیژنەی یاسایی، نەك پرۆژەکە، لیژنەی یاسایی بە عەرەبیەکەی دەڵێت (على الوزارة منح ....)، (على الوزارة) میزانیە نەبێتن چ دەکەیت، ئەوە بە قانون فەرزە دەبێت بیدەیت.

**بەڕێز طه عبدالرحمن على بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەیەکی تر ئێستا دەقە کوردیەکە لە عەرەبیەکە وەرگیراوە، بۆیە ئەگەر هەر هەڵەیەك هەبێت لە تەرجمەکەی کراوە، (للوزارة منح) ئەوە باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر وا بێت ئەو پێشنیارەی لیژنەی پەروەردە کە دەڵێتن لەوێ هاتووە، راستە دەبێت ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، لەوێ هاتووە دەڵێت دەبێت موساعدە بکرێتن، ئەوە ئەگەر لێرە جەبر نەبێتن دووبارەیە، لێرە جەبر بێتن حەقی خۆیەتی ئەو ماددەیە هەبێتن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەگەر ئێمە ئەو نادیانە کە دادەنرێن، کە بەرنامە بۆ خۆیان دادەنێن حیسابی ساڵانەی خۆیان دەکەن، ئەگەر وەزارەت بە کەیفی خۆی پێی بدات، یان نەداتن، ئینجا مەئسات پەیدا دەبێتن و تێك دەچێت، بۆیە دەبێت فەرز بێت لەسەر وەزارەت لە زیمنی ئەو میزانیەی هەیەتی، ئەو تەرخانە بکاتن، بۆ ئەوەی پێیان بداتن، ئەگەر ویستی بیداتن، ئەگەر نەیویست بیداتن، بۆیە بە رەئی من ئەوە وەکو خۆی بمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن على بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەریکی پاس و شت پەیدا بکەین لەناو کوردستاندا، بۆیە هەموو شت لەسەر حکومەت نەبێتن، بەس ئەگەر هەموو شت لەسەر حکومەت بێتن، ئێستا بۆ نموونە میزانیە نەهاتووە، هەموو هاوار دەکەن، ئەگەر بێتو (على الوزارة) بێت شتێکی ئەوە دەبێتن، من مانیعەتم نییە ئەو مەسئولیەتەی باسمان کرد خۆم بە پابەندی دەزانم، بەس لە رووی فەنییەوە لەوانەیە تووشی ئیشکالاتمان بکات، نەوەکو مانیعەم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لیژنەی پەروەردە پێشنیارەکەی خۆی سەحب کرد، عەرەبیەکەش دەڵێت (للوزارة)، یەعنی بۆ وەزارەت هەیە، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی پاش سەحب کردنی پێشنیاری لیژنەی پەروەردە، کێ لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییە کە دەڵێت بۆ وەزارەت هەیە وا بکات، ئێوە چی دەفەرموون.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوەی حەقیقەت بێتن لە تەرجومەکە کوردیەکەی گوتوویەتی دەبێت واتا ئیلزامیە، بەلاَم لە عەرەبیەکە جەوازیە دەڵێت (للوزارة)، بەڵێ پێشنیارەکەش هی ئێمە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە لە لیژنەی یاسایی لە عەرەبیەکە چیتان نووسیووە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە، نە بە عەرەبی، نە بە کوردی، بەس لە تەرجومەکە بە ئیلزامی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پرۆژەکە نەصە عەرەبیەکەی ئەساسە بۆمان، (للوزارة) یەعنی بۆ وەزارەت هەیە، خاڵی نیزامیت هەیە, هەموو قانونێك دەبێت وا بێتن، ئیلزام بێتن ئەی ئەگەر پارەی نەبوو چی بکات، قەرز بکات، مام خورشید قسەی دەکات.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیلزامی وەزارەت بکەین کە دەبێت پارەیان بداتێ، ئیمکانیاتیان بداتێ و کەلوپەلیان بۆ بکڕێ، ئەی ئەگەر پارەیان نەبوو، مەعقولە فەرزی بکەیت لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەڵعەت خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سیف الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لە ماددەیەكی پێشتر باسی ئەوەمان كرد، كە لێ پێچینەوە دەبێت لە لایەن ریازەو شەبابەوە بێت، ئەگەر تۆ لێی بپێچیەوە حەقە یارمەتیشیان بدەیت و ئیلزامیشیان بكەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو دكتۆر كەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە میزانیە تەصدیق دەكرێت، میزانیەی وەزارەت مەعلوم دەبێت، بەپێی ئەو میزانیەی كە هەیەتی بەرنامەی خۆی دادەنێت، مەرج نییە زۆر بدات خۆی موفلیس بكات، بەلاّم دەبێت نیزامێكی هەبێت، تەنزیمێكی هەبێت بزانێت ئەو پارەیە چۆن سەرف دەكات، بۆیە پێویستە بەپێی میزانیەكەی بدات، ئەگەر میزانیەی هەموو كوردستان نەبوو، ئەوە حاڵەتێكی ئیستیسنائیە، ئینجا كەس تەكلیفی لێ ناكاتن، بەلاّم ئەگەر ئێستا بە كەیفی خۆی پارەشی هەبێت نەیدات، ئەوە خراپە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەسڵی نەصەكە كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە عەرەبیەكەی، بیخوێنەوە دەیخەمە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: للوزارة منح المساعدات المادية للمنظمات الرياضية والشبابية سنوياً حسب الهيكل التنظيمي لكل منها وعلى المنظمات تقديم مشاريعهم الرياضية والشبابية سنوياً للوزارة. حسب الارشادات والتعليمات الخاصة بالوزارة بما ينسجم مع المفاهيم الديمقراطية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(حسب الهيكل التنظيمي) زیاد نییە مامۆستا، جەنابی وەزیر پێم وایە (حسب الهيكل التنظيمي) زیادە، مومكینە یەكێك بێت هەیكەلێكی تەنزیمی فراوانت بداتێ، تۆ دەبێت (حسب النشاط)ی بكەیت، یان هەر شەتبی بكەین.

**بەڕێز طە عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ئەوەی راستی بێتن ئێستا بەشێك لەوە ئێمە دەتوانین باسی بكەین رێكخراوی حزبی هەیەو، رێكخراوی نا حزبی هەیە، ئەوانە زۆر جار حزبیەكان مومكینە پارەیان بەدەست دەكەوێت، ئەویتریان بە دەستی ناكەوێت، بۆیە كە دەڵێین (للوزارة منح) ئەو شتانە ئەوە دەكات، دەبێت ئەو پێوەرانە رەچاو بكات،

ئەوە رەئی من، گرنگە، ئەگەر ئیجازە هەبێت خاڵێکی گرنگیش لێرە لە بیر کراوە، نازانم وەختێکی باسی دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە وەلاّم نەبوو، من دەڵێم (حسب الهيكل التنظيمي) مومكينە هەیکەلێکی تەنزیمی زۆر فراوان بێت، بەلاّم نەشاتی نەبێت، بە عکسەوەش باس کراوە، ئەوە ئەگەر (حسب الهيكل التنظيمي)ەکە لا ببەین، پێم وایە باشترەو بۆ خۆتان باشترە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دیموکراتی لا نەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە (حسب نشاطاتها)، لە جیاتی (حسب الهيكل التنظيمي) ببێتە (حسب نشاطاتها) خاڵی نیزام کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە نازانین باسی ئیقتیصادی ئیشتراکی و ئیقتیصادی حور و بازاڕی ئازاد دەکەین، یان باسی ڕیازە، مەفهومی دیموکراتیەت چیە لە ڕیازەوە هەموو جار دووبارە دەبێتەوە، (حسب المفاهيم الديمقراطية)، ئەوە ڕیازەی ئیسلامی و ڕیازەی کۆمەنیستی و ڕیازەی جەرائیمان نییە، ڕیازە ڕیازەیە (حسب المفاهيم الديمقراطية) یەعنی چی؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەمانە، ئەو شێوەیە زۆر زەرورییە هەبێتن، لە ولاّتانی ئیشتیراکی، لە ولاّتی بەعس، لە ولاّتانی شمولی ڕیازەکە موەجەهە هەموو لە لایەن حکومەتەوە بەپێی بەرنامە لێی دەرناچێت، نادیەکان ئەگەر عودەی ڕۆیی لەناو چوو، عودەی سەرۆکی ئۆلۆمپی بوو، حەسبە نیزامی عودەی بوو، ئەگەر فەریقەکە بیدۆڕاندبوایە تێرو پڕ لێیانی دەدا، بەلاّم دیموکراتیەت ئەگەر بشدۆڕێنێ دەڵێت جارێکی تر فەرقەکەی ئەوەیە، دەبێت ئەو مەبدەئە تەسبیت بکرێت زۆرە، کاك دکتۆر ناصح خاڵی نیزام فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی نیزام نییە، بەس بەپێی قەوارە و چالاکیەکانیان، ئەو وەختە پێویستی بە هەیکەل ناکات، قەوارە یەعنی حەجمی چەند گەورەیەو ئەو چالاکیانەی کە ئەنجامی دەدەن، وابزانم ئەوە باشتر دەبێت و شاملتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا جەنابی وەزیر موافەقەتی كرد و شامیلەو باشە (حسب نشاطاتها)، ئێستا تكایە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم بەندێك لە بیر كراوە زۆر گرنگیشە، ئەگەر ڕێگە بدەن بە لیژنە بخوێنێتەوە، چونكە ئەو بەندە بەنیسبەت كۆنتراكت بەستن و شتی وایە بەنیسبەت وەزارەت، باشە موهیم مەجالێك هەبێت، چونكە جێگە نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: خاوەنداریەتی گشتی دامەزراو و یاریگا وەرزشیەكان كە خاوەنداریەتییان ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا و كەرتی تایبەت، دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی نۆیەمی پڕۆژەكەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەكات وشەی (دەگەڕێتەوە) بگۆڕدرێ بە (دەچێتەوە بۆ).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە عەرەبیەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: تعود ملكية جميع المنشأت والملاعب الرياضية التي لا تعود لوزارتي التربية والتعليم العالي والقطاع الخاص الى وزارة الرياضة والشباب.

أما فيما يتعلق بالمادة التاسعة من المشروع تقترح اللجنة تبديل كلمة (تعود)في البداية الى كلمة (تؤول).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو شوێنانەی کە ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، رەئیەك هەیە جەنابی وەزیر یەعنی ئەمە ئەو قەرارە، قەرارێکی موجحیفە بەڕاستی، ئەو ماددەیە، ماددەیەکە سەروویە فەرز کردنێکە، پێویستی بە موافەقەتی وەزارەتەکانی تر دەکات، وەزارەتی شارەوانی مەلعەبی هەیە، ئەمە چۆن دەبێت لێرە بە قانونێك هەمووی لێ بسەنین بدەینە وەزارەت، مومکینە وەزارەتی تریش هەبێتن، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە، دەزانم تێبینی لیژنەی پەیوەندییەکانیشە، پێم وایە باشترە ئەو ماددەیە سەحب بکەیت.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی وەرزش و لاوان ئێستاکە لە سفرەوە دادەمەزرێتن، پێش ئێستا بەڕێوبەرایەتیەکی وەرزش و لاوان هەبووە، ئەوەی من ئاگام لێ هەبێتن لە سلێمانی و لە هەولێریش لەسەر رێکخراوەکانی حزبی و لەسەر ئۆرگانەکان زۆر پێیان دراوە، ئەگەر وەزارەت بیەوێت مەشاریعێك بکاتن عەرزێکی نەبێتن، تووشی موشکیلەیەکی گەورە دەبێتن، ئەمە جانبێکە، بێگومان ناچین مافەکانی ئیدارەی مەحەلی بخۆین، ئەگەر شتی وا هەبێتن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوان دەیکەین، فۆرمێکی وا بدۆزرێتەوە بەناوی وەرزش و لاوان بێت، چونکە تاکو ئێستا وەزارەتێکی وا نەبووە، بۆ جاری یەکەمە دادەمەزرێتن، فۆرمێکی وا بدۆزرێتەوە کە ئیتیحاد بە حەقی وەزارەت بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە جەنابت فەرمووت مانای وایە حوجەتی من بەقوەتر دەکات، لێرە بە قانونێك حەسمی ئەو هەموو خیلافاتانە بکەین، تۆ خۆت دەڵێت زەوی و مەلاعیب تاپۆ کراوە لەسەر حزب و لایەنەکانی تر، نازانی بە قانونی تاپۆ کراوە، یان نا، یان فرۆشراوە، یان سبەینێ ئێمە قانونێکی وا دەربهێنین مانای وایە تۆ کێشەت دەبێت لەگەڵ ئەو هەموو حزب و لایەن و دامودەزگاو رێکخراوانە، بەڕاستی ئەوە بە نەصێکی وا قانونی زۆر غەڵەتە، نابێت ئەوە بکرێتن، دەکرێت لە ئەنجومەنی وەزیران حاڵەت بە حاڵەت، ئێوە وەکو وەزارەت مەلعەبێك هەیە عایدی بەلەدییە، بەڵام عەمەلیەن ئێوە پێویستیتان پێیە دەتوانن داوا بکەن، هەر ئەنجومەنی وەزیران خۆی قەرار دەداتن، مولکیەتەکە نەقل بکاتن پاش وەرگرتنی موافەقەتی وەزارەتی مالیە بۆ ئێوە، ئەگەر حزبێك هەبێتن جێگایەکی گرتبێتن هی دەوڵەت بێتن، بۆتان هەیە داوای بکەن و قەراری ئەنجومەنی وەزیرانی دەوێت، دوایێ مەحکەمە قەرار دەداتن، ئەوە ناکرێت لێرە هینی بکەین، لەبەر ئەوە من دووبارەی دەکەمەوە ئەو ماددەیە هەر ئیلغا بکرێتن باشترە.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێش ئێستا وەزارەتی وەرزش و لاوان لە عێراق هەبووە، بەلایەنی کەمی ئەوەی مەربوتە بە مولکیاتی ئەوان بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئەوە حەقی خۆتانە، یان ئەو موڵکانەی عایدی وەزارەتی شەبابی عێراقی رژێمی پێشوو بوو لە هەرێمی کوردستاندا مولکیەتەکەی بگەڕێتەوە سەری، ئەوە تەبیعییە، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان لە وەزارەتی رۆشنبیری هەبوو، ئەو بەڕێوەبەرایەتیە بە هەموو میلاکاتیەوە دەگەڕێتەوە سەر وەزارەتی تازە دروست کراو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەحصیل حاصلە دەبێت، کاک رەشاد.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت یاریگا سەرەکییەکان لە هەر پارێزگایەك سەر بە ئیدارەی مەحەلییە، حیمایەی، مەساریفی، ئەوە باری جەنابی وەزیر گران دەبێتن ئەگەر بکەوێتە سەر وەزارەت، صیانەی دەوێت.

دووەمین/ بەنیسبەت یاریگا بچووکەکان ئەوانەی گەڕەکەکان، بەشێکە لە بەشی سەوزایی سەر بە شارەوانی هەر پارێزگایەکە لەو سێ پارێزگایە، بەلاَم من پێشنیارێکم هەیە بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئەو ئیلغا بکرێت، بەلاَم دەکرێت بگوترێت (للوزارة تمليك ما تحتاجها من الاراضي لاغراض تنفيذ اهدافها ضمن ميزانية مخصصة لها سنوياً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست بە نووسین ناکات، بەلاَم ئەو صیغەیە لە جیاتی ئەوە (مومتەلەکاتی وەزارەتی لاوانی پێشوو لە هەرێمدا (تؤول الى وزارة الشباب والرياضة) ئەگەر هەبێت)، بەڵێ بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: خاوەنداریەتی گشتی دامەزراو و یاریگا وەرزشیەکان کە خاوەنداریەتییان دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی عێراقی پێشوو دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەمێك رێکتری بخەن، بەلاَم محتەوایەکەی مەعلومە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارە تازەیە لە جیاتی ماددەکە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بەڵێ کاك دکتۆر دلێر خاڵی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل حقی شاویس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی یاسا وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێمی کوردستاندا نەبووە، بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی هەبووە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری، پێویستە ئەوە بوترێت (هەرچی مولکداریەتی و پێداویستیەکان و یاخود بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی لە وەزارەتی رۆشنبیری هەرچیەکی هەیە دەچێتە سەر وەزارەتی وەرزش و لاوان، دەبێت ئەوا بگوترێت، چونکە ئەوە ئەسڵەن نەماوەو نەشبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش تەحصیل حاصلە، ئەوە تەبیعییە، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش و لاوان دەسەلاَتی سەرپەرشتیی هەیە لەسەر گشت دامەزراوە وەرزشیەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی دەیەمەوە هەیە لە پڕۆژەکەدا، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە بنووسرێت:

ماددەی دەیەم: وەزارەتی وەرزش ولاوان سەرپەرشتی هەموو دەزگای وەرزشی ولاوان لە هەموو کوردستان دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەی دووەم لە ئەهدافەکان نەهاتووە، یەعنی ئەوە زیادە، لە ئەهدافەکاندا هاتووەو دووبارەیە، بە پێشنیاری لیژنەی پەروەردە زیادە، لیژنەی پەیوەندییەکانیش دەڵێن زیادە، لەبەر ئەوە پێشنیارەکە تەرح دەکەم لیژنەی پەروەردەو لیژنەی پەیوەندییەکان کە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ ماددەکە ئیلغا کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی یازدە:** وەزارەت دەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بابەتی پەروەردەی وەرزشی کارا بکات و مامۆستای پسپۆر و لێهاتوویان بۆ دابمەزرێنێت، لەگەڵ دابین کردنی هەموو پێداویستییە وەرزشییەکان وەك دانانی پەرتووکی تایبەت بە پرۆگرامەکانی پەروەردەی وەرزشی و دروست کردنی هۆڵی داخراو و گۆڕەپانی وەرزشی و شتی دیکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی یازدەمەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرەی خوارەوە بنووسرێت: (دەبێ وەزارەت بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە کاراکردنی بابەتی پەروەردەی وەرزشی بدات و مامۆستای خاوەن پسپۆڕیی دابمەزرێن و هەموو پێویستیەکی وەرزشیان کە زۆر پێویستن لە پێناوی پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری وەرزشی لە قوتابخانە ودەزگا وەرزشیەکاندا بۆ دابین بکات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان کردووە ئەو ماددەیە لابرێت، چونکە جارێکی تر لە ئامانجەکاندا باس کراوە، کە ئەمانە هەماهەنگی بکەن، بۆ لێرە جارێکی دیکە بە ماددەیەکی تر باسی دەکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لیژنەی پەیوەندییەکانەوە، ئێمە دووبارە لەسەر ئەوە دەکەینەوە ئەو ماددەیە لابرێت، چونکە لە ئامانجەکاندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوێ کە هاتووە دەوڵەمەندیش کراوە، هەروەها خوێندنی بالأشی لێ ئیزافە کراوە، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەی دوو لیژنەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوازدە: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربكات بۆ كار ئاسانی لەمەڕ جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی سێزدەمەوە هەیە لە پڕۆژەكەدا لیژنە وا بە پەسندی دەزانێ لابرێ و هەڵوەشێتەوە، چونكە زیادە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە داوامان كردووە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەیوەندییەكان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە رێككەوتووین لەو دانیشتنەی كە لەگەڵ بەڕێز وەزیردا كردمان ماددەی (12 و 13 و 14 و 24) ئەوانە ببنە یەك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی قانونی دەڵێت ئەوە لە ماددەی شەشدا هاتووە، بۆیە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە لا بدرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ ئەو ماددەیە ئیلغا كرا، ماددەكەی تر تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی سێزدە: هەموو ئەو یاساو بڕیارو سیستەم و رێنماییانەی كە تایبەتن بە وەرزش و لاوان كە لە كۆماری فیدراڵی عێراق و هەرێمەكانیدا پەیڕەو دەكرێن و لەگەڵ بۆچوون و تایبەتمەندییەكانی دەستووری هەرێمی كوردستان و قانونەكانیدا ناكۆك نین، كاران.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چواردەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت:

(کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی سێزدە کاك کەریم، ماددەی سێزدە من دەیخوێنمەوە مادام هیچیان نەنووسیووە، لیژنەی یاسایی لەسەر ماددەی سێزدە کە دەڵێت (هەموو ئەو یاساو بڕیارو سیستەم و ڕێنماییانەی کە تایبەتن بە وەرزش و لاوان کە لە کۆماری فیدراڵی عێراق و هەرێمەکانیدا پەیڕەو دەکرێن و لەگەڵ بۆچوون و تایبەتمەندییەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان و قانونەکانیدا ناکۆك نین، کاران)، ئەمە لە ڕاستیدا خیلافی بڕیاری پەرلەمانە، هیچ پێویست ناکات هەر هەبێتن، جەنابی وەزیر موافیقە ئیلغای بکەین، لەبەر ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بمێنێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ ئەو ماددەیەش ئیلغا کرا، ماددەی چواردە تکایە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز طه عبدالرحمن علی بەرواری/وەزیری وەرزش و لاوان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی لە شارەزایانی پسپۆڕ لە ناوەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتدا.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی لە شارەزایانی پسپۆڕ لە دەرەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە پێی دەسپێردرێت، بۆ ئەو ماوەیەی کە بە گونجاوی دادەنێت ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بە دیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتداو دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ماف و پابەندەکانی لە لایەن وەزیرەوە دیار بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لەڕاستیدا ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر تازەیە، خۆی لە ڕاستی نابێت قەبول بکرێت، بەلآم لەبەر ئەوەی لە هەموو وەزارەتەکان ئەو صیغەیە هاتووە، ئەگەر نەشی گوتبوایە لە کۆتایی قسەکانمان بە لیژنەی یاساییمان دەگوت ئەو خالآنەی لە پڕۆژەی یاسای وەزارەتەکاندا موشتەرەکن و هاوبەشن و هاتووە، ئەگەر موناقەشەشمان نەکردووە بێتن، ئەو پێشنیارە عەمەلیەن جێ بەجێ دەکرێت، پێویست بە دەنگدانیش ناکاتن، لەبەر ئەوە لە ئاخیردا بۆ ئەوە دەدات بەپێی قانونەکە دەڵێین ئەو خالآنەی کە بۆ وەزارەتەکانی تر ڕۆتینن و هاوبەشن بۆ هەموو وەزارەتەکان، لێرەدا لە پڕۆژەکان نەهاتووە، پێش ئەوەی هین بکرێتن لێرەدا

بێتن ئەوەمان دەخستە دەنگدانەوە، ئێستا مادام وای لێهاتووە ئەو پێشنیارانەی کە ڕۆتینن و هاوبەشن لە هەموو وەزارەتەکاندا، وەکو ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر، ئەو خاڵانەی کە کردی ڕەچاو بکرێن و داخیل بکرێن لێرە، یەعنی ئەو دوو خاڵەی کە باسی کردووە، لە وەزارەتەکانی تریشدا هاتووەو خیلافیان نییە، کاك فەرسەت دەڵێت ناکرێتن، دەمانەوێت بۆمان ڕوون بکاتەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر قانونێك تایبەتە بە وەزارەتی خۆی، ئەو شتەی لێرە نەهاتبێتن لە وەزارەتێکی تر هاتبێتن ئەم وەزارەتە نابێت تەنیفیز، بەس شتی تر هەیە، هەر وەزارەتێك شەخسیەتێکی مەعنەوی خۆی هەیە، بە ڕەئی من ئەگەر ئەو ماددەیە لەغو بکرێت وەزیر بۆی هەیە تەعاقود بکاتن، چ دەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فەرسەت هینی دەکات.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من باسی ئیلغای ئەو ماددەیە ناکەم، من بە موتڵەقی قسە دەکەم، هەر ماددەیەك لە قانونی وەزارەتێکی تر هاتبێت، لێرە نەهاتبێت، حەقی وەزیر نییە بەو ماددەیە بکات بە ئیعتیبار ئەو ماددەیە ڕۆتینییە، چونکە هەر قانونێکی تایبەتە بە شەخسیەتی مەعنەوی خۆی، ئەویش شەخسیەتی ئەو وەزارەتەیە، من باسی ئەوە دەکەم، بەس دەمێنێتن مەوزوعی تەعاقود، مەوزوعی تەعاقود بە ئیعتیباری هەر وەزارەتێك شەخسیەی مەعنەوی خۆی هەیە، شەخسیەی مەعنەوی حەقی عەقدی هەیە، چ دەمێنێت زیمنی حدودی ئەو سەلاحیەتەی ئەوەی مەجلیسی وەزیرانی پێ درا بێت مەوزوعی ماددە لەسەر مەبدەئەکە، لەوانەیە سبەی مەجلیسی وەزیران بڵێت ماددەکە، مەبلغەکە لە حدودی هەزار دۆلار حەقت هەیە تەعاقود بکەیت، بەس وەك مەبدەئ حەقی تەعاقودی هەیە چ لێرە، چ خەڵکێك خارجی ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تەوزیحە، بەلاَم هەموو وەزارەتەکان بەتایبەتی ئەو وەزارەتانەی پێویستیان بە پسپۆر هەیە لە دەرەوە نەصێکمان نووسیووە وەزیر بۆی هەیە خەبیر دەست نیشان بکاتن تەعاقودی لەگەڵدا بکات، چ لە ناوەوە، چ لە دەرەوە، بۆ دەرەوە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ناوەوە دەسەلاَتی وەزیرە، من مەقصەدم لەوە دابوو کە ئەوەش پێشنیاری خۆیەتی، حەز دەکەیت پێشنیارەکەی تەقدیم بکاتن، یەعنی لە زۆربەی وەزارەتەکان وا گوتراوە، بۆی هەیە خەبیر تەعاقود لەگەڵ خوبەرا بکات لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم، بۆ دەرەوەی هەرێمیش پێویستی بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بۆ زۆر وەزارەت

ئەوەمان نووسیووە، ئەوانیش خۆشیان لە پرۆژەکە لە بیریان چووە، ئێستا بە بیریان هاتۆتەوەو زەروریشە هەبێتن، بەڵێ بیخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی لە شارەزایانی پسپۆر لە ناوەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتدا.

دووەم/ وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی سروشتی و یاسایی لە شارەزایانی پسپۆر لە دەرەوەی هەرێم ببەستێت، ئەویش بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرك و فەرمانانەی کە پێی دەسپێردرێت، بۆ ئەو ماوەیەی کە بە گونجاوی دادەنێت ببەستێت، ئەویش لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەتداو دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ماف و پابەندەکانی لە لایەن وەزیرەوە دیار دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیاغەکە وەکو وەزارەتەکانی تری لێ بێتن مەبدەئەکە هەمان شتە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە زیاد بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەکەی تر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چواردە: کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كريم بحرى عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی چواردەمی پڕۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنوسرێت:

(کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ مولاحەزەیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی پەیوەندییەکان.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو دکتۆرە شوکریە.

**بەڕێز د.شوکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەی (ناکۆك بێت) لەنێوان دوو شەخسدایە، دەڵێت فلاَن کەس لەگەڵ فلاَن کەسە ناکۆکە، بەلاَم نەگونجێ جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ خیلافێکی وا نییە لە ناحیەی زمانەوانی چاکی دەکەین، ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پازدەم تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پازدە: پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان بڕگەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی پازدەمی پڕۆژەکەوە هەیە، ئەوا لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنوسرێت:

(پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەکو یاسایەکانی وەزارەتەکانی تر ڕۆتینە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شازدەم تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی شازدە: ئەم یاسایە لەو رۆژەوە کاری پێ دەکرێت کە لە رۆژنامەی فەرمیدا بلاْو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

ئەوەی پەیوەندی بە ماددەی شازدەمی پرۆژەکەوە هەیە، لیژنە پێشنیاز دەکات بەم جۆرە بنووسرێت:

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی دەرچـوونیەوە جێبـەجێ دەکرێـت ولـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائعی کوردسـتان)دا بلاْودەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش وەکو یاساکانی وەزارەتەکانی ترە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بـە کـۆی دەنـگ وەرگـیرا, ئێسـتا هۆکـارە پێویستیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**هۆکارە پێویستیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەو فراوانبوونە زۆرەی کە کەرتی وەرزش و لاوان و چاودێری کردنی زانستی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەخۆیەوە دەبێنێت و بە مەبەستی دەستەبەر کردنی چاودێری و ئاراستە کردنی پێویست بـۆ ئـەم کەرتە تا بتوانێت رۆڵی خۆی ببینێت و بۆ ئەوەی ئەم وەزارەتە ببێتە دەسەلاْتی بالاْ لە کرداری پەرەپێدانی کۆمەڵگا لە رووی وەرزش و لاوانەوە.. هاوشان لەگەڵ ئارەزووەکانی حکومەتی هەرێم لـە دەسـتەبەر کردنـی هۆکارەکانی پشتگیری کردنی پێویست بۆ کەرتی وەرزش و لاوان، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی.

لە دوایشدا لە بارەی هۆیـەکانی دەرچواندنیەوە، لیژنـەی یاسا دوای گـۆڕینی وشـەی (دەسـەلاْت) بـە وشـەی (لایەن) پشتگیری هەمووی دەکات.